# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی دووەم ژمارە (32) 15/7/2018 مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


**پورە بەهیێی باینجان لە نووسینەوەی بیرەوەریەکدا: تیرۆری ئەو پۆلە هاوڕێیە لای من نە زەمەنێکی درێژەو نە دوێنێشە، بەڵکو هەر وەک ئەوە وایە کە ئەمڕۆ تیرۆر کرابن...** ل4

# ١٤/٧/٢٠٠٠ یادی تاوانێکی لەبیرنەکراوی یەکێتی نیشتیمانی و باوکی هەژارانە!!، لەدژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی!

## لە هەژدەهەمینساڵیادی پۆلێک ئینسانی کۆمۆنیستدا... کە بەدەستی بەڵتەجیەکانی یەکێتی نیشتیمانی، ژیانیان لێ سەندرایەوە




١٤/٧/٢٠٠٠، پۆلێک ئینسانی کۆمۆنیست و ئینسان دۆست، لەلایەن هێزە چەکدارە راسپێردراوەکانی یەکێتی نیشتمانیەوە، بەرۆژی روناک و لەناوشاری سلێمانیدا، بە پێی بەرنامەیەکی پێشتر نەخشە بۆ کێشراو، گوللە باران کران. ئەم پۆلە ئینسانە کۆمۆنیستە ڕێگەیان پێنەدرا، دوا نیگای ماڵئاواییان ئاراستەی ئازیزانیان، بکەن. چونکە بەعس ئاسا لەتاریکی شەودا، ژێر خاک خران و پرسە بۆ دانانیان، یاساغ کرا.

ئەم ڕووداوە هەر دڕندەیی حزبە بۆرژوازییە کوردییەکانی بەرامبەر بە کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، ئینسان دۆستی و ژیان دۆستی، نیشان نادات... بەڵکە، هاوکات ترسی ئەو حزبانە لەڕاوەستاوی و لێبراوی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و بەرابەریخوازی و ئینسان دۆستی، نیشان دەدات. ئەو یادە هەر یادی کارەساتێک نییە، هێندەی یادی خەباتکارانەی ئەو ئینسانانەیە، کە بۆ ژیان و دنیایەکی باشتر، تا دوا ساتی ژیانیان تێکۆشان.

تا ململانێی چینایەتی داینەمۆی مێژوی مرۆڤایەتی بێت. تا ستەم و نابەرابەری و بێمافی و هەڵاواردن... بمێنێ. ئەم پۆلە ئینسانە کۆمۆنیستە، لەکەنار هاوڕێیانی تری ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزمدا، هێز بەخش و وره بەخشی تیکۆشانی بێبەشانن، بۆ ئازادی و یەکسانی و حکومەتی کریکاریی. یادی خەباتکارانەتان شکۆیەکە لە ئیرادە... بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەتان.

**بەڵتەجیەکانی یەکێتی نیشتیمانی سۆشیال/ دیموکرات... زیاتر لە هەفتەیەکە سێ لاو لەسەر تێکۆشان بۆ خزمەتگوزارییەکان شوێن بز دەکەن...** ل2

**بەڵگەنامەی دابەشکاری داهات و سامان و پۆست...** ل 3

## وتەی ژمارە

١٤/٧/٢٠٠٠ بەراسپاردەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەسەرکردایەتی و ئەندازیاری باوکی هەژاران!! بەپێی نەخشەیەکی پلان بۆ دارێژراو، هێرشێکی چەکداریان کردە سەر نوسینگەو بنکەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و رێکخراوە جەماوەرییە رادیکاڵەکانی وەکو ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، سەنتەری پاریزگاری ژنان، سەنتەری بەرگری لە منالان، و مامۆستایان... لەو هێرش و پەلامارەدا، پینج ئینسانی کۆمۆنیست و تێکۆشەری ڕزگاری هەژاران، بەرۆژی روناک و لە بۆسەیەکی قیناوی و داخ لەدڵانەدا بەرامبەر بەکۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، قەسابی کران.

پاساوی هێرش و قەدەغەکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بردنە دەرەوەی بارەگای چەکداری حزبەکان و داماڵینی شار بوو، لە چەک. ئەو پاساوەی کە بەر لەهەموو کەس و لایەنێک شانی خۆیانی دەگرتەوە، ئەوە ئەوان بوو، شارو شارۆچکەکانیان میلیتاریزە کردبوو، ئەوە بارەگاو ماڵی بەرپرسە حکومی حزبیەکانیان بوو، کە بەچەک تەنرابوون و لەگەڵ جوڵە کردنیشیان ماشێنی پر چەکدار و بیکەیسی لەسەر سیمای مەدەنیەتی شاریان، بە بەرەی جەنگ و دۆخی نایاسایی گۆڕی بوو. ئێستاشی لەگەڵ بێت هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی بارەگای چەکداری حزبەکانی نەبردە دەرەوەی شارەکان و شارەکانی لە دیاردەی چەک دانەماڵی. ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوە هێزی ئاسایش و پاراستن و دژە تیرۆری دەمامکدار و بێ دەمامک و یەکەی ٧٠، ٨٠ چەکداری نایاسایی یەکێتی و پارتین بۆ پارێزگاری لەدەسەڵات هەمیشە ئامادەن ناوجەرگەی شارو شارۆچکەکان میلیتاریزە بکەن و رۆڵەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و خۆپیشاندەران بۆ داوای ئاو و نان و موچە و خزمەتگوزارییەکان، بدەنە بەردەسترێژی گوللە. خەڵکی کوردستان ویەکێتی و باش دەیانزانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی جگە لە چەند دەستەیەکی پارێزگای لە نوسینگەکانی زیاتر هێزی چەکداری نییە. ئەمە پاساوێک بوو، پاساوێک هێندە نەزانانەو نەفامانە کە هەر زوو خۆیان بەدرۆیان خستەوە. باوکی هەژاران کە بەرێوەبەر و ئەندازیاری هێرشەکە بوو بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە دانیشتنی رەسمیدا لەگەڵ رابەری حزب بە ئاشکرا دانی نا بە هۆکاری هێرشەکەیان... ئەو وتی ئێمە گوشاری ئیرانمان و عێراقمان لەسەرە... ئەو دانپیانانە بەسە بۆئەوەی سفەت نۆکەری یەکێتی دەربخات و هۆکارێکی هێرشەکەش نیشان بدات... بەڵام ئەوە هیشتا لایەنێکی ریوایەتەکەیە، لایەنێکی تر و سەرەکی بۆ ئەوەی یەکیتی ناچار بە هێرش بۆسەر حزب بکات، ئەوە بوو کە پێشتر لە شکاتنامەیەکی ئابروبەرانەدا، رایان گەیاندبوو کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی، دەیانەوێ یاسای باری کەسێتی سەردەمی بەعس هەڵبوشێنەوەو لە جێگایدا یاسای باری کەسێتی مۆدێرن و ئینسانی بخەنە جێگاکەی، تێدەکۆشن بۆ یەکسانی ژن و پیاو، داوای ریفراندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستان، دەکەن...

بەڵی هێرشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بۆسەر نوسینگەو...

بۆ لاپەرە ٢

**" ئەمریکا و دیبلۆماسی کوردی لەبارەی "دانانی بەردی بناغەی قونسوڵخانەی ئەمریکا لەهەولێر"...** ل5

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* لە ١٤ تەموزی ٢٠٠٠دا، نەوشیروان تاوانێکی تری خستە سەر..........ل4
* ١٤ تەموزی ٢٠٠٠ تاوانێکی خەڵاتکراو.......................ل6
* تاوانی ١٤/٧ هاوشیوەی تاوانەکانی بەعس بوو.........................ل7
* سەمای ژنان مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئیسلامی.......................ل9
* ئایا کرۆکی کێشەکە هەر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمە؟ ............ل10
* ئێمە دەمێنینەوە ئێوە دەرۆن...................................ل10
* سیستەمی ئیسلامی ئێران، یاساکانی دژە مرۆڤایەتییە.................ل11
* لەگۆشەیەکی ترەوە.......................................................ل12
* کەئابەی ١٤/٧/٢٠٠٠.......................................................ل13
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان.....................ل14


**چەند وشەیەک دەربارەی نووسەرانی کۆنەپەرست**

**نووسەرانی کۆنەپەرست کێن؟** ل8

## درێژەی وتەی ژمارە...

بنکەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی نزیک لێیان، لەلایەکەوە جێبەجێکردنی پلانی ئێران و دوبارەکردنەوەی سفەت نۆکەری بوو، لەلایەکی تریشەوە هێرش بوو بۆسەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئالاهەڵگری بوو.

ئەو سەردەمە تاکە ڕەخنەی ڕیشەیی و چینایەتی لەدەسەڵاتی سیاسی وسەرمایەی بزوتنەوەی کوردایەتی، لە کۆنەپەرستی ئیسلامی و ڕەوتەکانی، لە پیشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان لەلایەن وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو، تاقانە هێزی لە مەیداندبوو بۆ بەرگری لە خواست و مافی کرێکاران و... بێبەشان، لە ژنان و لاوان و لەمەدەنیەتی کۆمەڵگەی کوردستان و لە ئازادییە سیاسیەکان و مافە فەردی و مەدەنییەکان، لە بڕیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان، کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو. کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەوکاتە تەنها ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی سیاسی و فکری نەبوو، بەڵکو هاوکات بەکردەوە لە مەیداندا بوو، هێزێکی ناسراو خۆشەویست، کە ڕۆژ بەرۆژ پاوانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەمەنگەنە دەدا... وە بەکردەوە ببووە کۆسپێک لەسەر ڕێگای نەخشە و ڕێگاچارە کارو و کردەوکانیان. بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کە بەدرێژایی مێژووی سیاسی خۆیان، ڕوبەڕووی ڕەوت و هێزێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و جیاواز لە مەیدانی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا نەبوون، پێشڕەوی و ڕۆڵی ئەم ڕەوتەیان بۆ تەحەمول نەدەکرا. بەرگەی ڕێگاچارەی جیاواز بۆ پرسی سیاسی و دۆخی هەڵواسراوی کوردستان، یەکسانی ژن و پیاو هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی، ڕێکخستنی جەماوەر بۆ بەدەستهیانی مافەکانیانیان نەگرت. یەکێتی وەکو هێزێک هەراسان لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ئازادی بوو.

هیچ هێزو ڕەوتێکی سیاسی لەناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، بە وێنەی یەکێتی، بانگەشەی دیموکراسی ئازادی و مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و ناکات و نافشێ، کەچی لە مەیدانی واقعی و لە ئاستی پراکتیکیدا هیچ هێزێک هێندەی یەکێتی دژی دیموکراتی و ئازادی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان و تاکی کۆمەڵگە، نییە.

هێرش بۆسەر ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، نەک هەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبەکەی توشی پاشەکشەکرد، بەڵکو ئازادی و ئازادیخوازیش پاشەکشەی پێکرا. هێرش و سەرکوت کەشی زۆرتری بۆ ئاوەڵابوو، کۆنەپەرستان و ڕەوتەکانیان، جڵەو بەرەڵاتر بوون. کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان و لاوان و پشتیوانیەکی گەورەیان لە مەیدانی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتی و چینایەتییدا لەدەستدا، دەنگی ئازادیخوازی خەفەتر کرا، بەڵام نەتوانرا تورەیی جەماوەری بێبەشان جڵەو بکرێت، و ڕەوتی پاشەکشەو ڕیسوای بزوتنەوەی کوردایەتی بەری پێبگیرێت... ئەگەر لەکاتی ٢٠٠٠دا، کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەچەشکێنی کرد و دەیان بەناو پیرۆزی لە نەریتەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بێبەها کردو دەرگای کردەوە کە بتوانرێت پیروزیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ڕەخنەبکرێن و پەردەیان لەسەر هەڵبماڵرێت. ئەو کاتە ڕەخنە تیژەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و لە ڕەوشت و نەریت و سیاسەت و کەلتور و ئەخلاقیات و بۆچووکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ڕیزێکی بەرین لە نووسەر و ئیلیتی سیاسی خستبووە سەر هەوای نیگەرانی و هەراس و کۆمۆنیزمی کرێکارییان بە توندڕەو و جوێندەر وێنا دەکرد، کەچی ئێستا بەفراوانترین شیوە و لەئاستی بەرینی کۆمەڵایەتیدا بزوتنەوەی کوردایەتی لەژێر هەرەشەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە و میراتی کۆمۆنیزمی کریکاری لایەن و هۆکارێکی سەرەکی ئەو جەرائەتەیە کەرووبەرووی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیەتی.

١٤/٧/٢٠٠٠ یادی تاوانێکی لەبیرنەکراوی بزوتنەوەی کوردایەتییە، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان فەرمانی ئەنجامدانی داوەو نەوشیروان مستەفای باوکی هەژاران!! جێبەجێی کردووەو لەم تاوانکاریەشەدا پێنج ئینسانی تێکۆشەری ڕزگاری بەکردەوەی هەژاران، بە بڕیاری باوکی هەژاران!! گیانیان لێسەندرایەوە کە یەکێک لەو هاوڕێیانە بەدیلی کەوتە دەستیان، و بە کەوش و شەقی بەڵتەجیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە خەستەخانەدا، گیانی دەکێشرێت...

ئەو تاوانەی یەکێتی نیشتیمانی، لەپاڵ زنجیرە تاوانەکانی تری هاوشانەکانی لەناو خانەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا نەک هەر لەبیرناچنەوە، بەڵکو دەبنە بەڵگەی دادگاییکردنیان، لەهەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکی بێبەشاندا...

١٤/٧/٢٠١٨

## بەڵتەجیەکانی یەکێتی نیشتیمانی سۆشیال/ دیموکرات... زیاتر لە هەفتەیە سێ لاو لەسەر تێکۆشان بۆ خزمەتگوزارییەکان شوێن بز دەکەن



بەپێی ئەوزانیارییەی ماڵپەری ١٧ شوبات بڵاوی کردۆتەوە، ئاسایشی یەکێتی لە پیرەمەگرون هەفتەی ڕابردو سێ لاو دەستگیرو شوێن بزر دەکات بەناوەکانی شۆڕش ڕەئوف، سەرۆکی ڕێکخراوەی پیرەمەگرون و قادر عەلی و بڕیار جەلال کارگێرانی ڕێکخراوەی پیرەمەگرون.





دەستگیرکردنی ئەو هەڵسوارانە و شوێن بزرکردنیان، تەنها بەهۆی ئەوەی هەڵسوراو و ڕێکخەرو ڕێنوینی دەری خۆپیشاندانی جەماوەری بوون لە پیناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو ئاو کارەباو تەندروستی و...

ئەو ڕەفتارەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە بە ئەندازەی هەموو دنیا بە ئازادی و دیموکراتی و مەدەنیتەوە دەفشێ، خۆی بە ڕێکخراوەیەکی سۆسیال دیموکرات دەزانێت... نیشانەی فریوکاری و سەرکوتگەری بێپەردەی یەکێتی نیشتیمانییە کە بەرگەی دەنگی "نا" و تەنانەت خواستی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان ناگرێت... پێویستە لایەنگرانی ئازادی سیاسی و مانگرتن و خۆپیشاندان و هەموو ئەوانەی خوازیاری خزمەتگوزارییەکان و ژیانێکی باشترن بە هەر ڕێگایەک بۆیان دەکرێت، گوشار بخەنە سەر یەکێتی تا ئەو دەستگیرکراو شوین بزرکراوانە ئازاد بکات و ڕێز لە ویستی خۆپیشاندەران بگرێت...

## قوربانیانی ناموسپەرستی و توندوتیژی دژ بە ژنان...



* بەرواری ٩/٧/٢٠١٨ کچێکی تەمەن پانزە ساڵ دانیشتوی هەڵەبجەی تازە بەناوی"چ،ن"، بۆ سەندنەوەی ژیان لە خۆی لەڕێگای پەتەوەو خۆی دەخنێنێت...

* بەرواری ١١/٧/٢٠١٨ تەمی ژنێکی خنکێنراو لەسەر ڕوباری خاس لەنزیک شاری قەڵادزێ فرێدراوە، ئەو ژنە خنکێنراوە تەمەنی لەسەرو بیست ساڵیدایە، هێشتا ناسنامەکەی دیار نییە، هەروەکو چۆن بکوژ و تۆمەتباریش ونە...

* بەرواری ١١/٧/٢٠١٨ کچێکی تەمەن پانزە ساڵ بەناوی"ر،ز،ق" لەشارۆچکەی چوارقوڕنە، لە ڕێگای نەوتەوە گڕ بەردەداتە جەستەی خۆی و کۆتایی بەتەمەنی تازەچرۆ کردوی خۆی دەهێنێت...

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# دابەشکاری داهات و سامان و پۆست، هەموو باڵ و لاباڵ و ڕەوتە بۆرژوازییەکانی عێراق بەشێوازی جیاواز کۆدەکاتەوە

بەپێی ڕیکەوتننامەی نێوان "پارتی و دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانیەتی فەتح"

* نوری مالیکی بۆ سەرۆک وەزیران

* مەسعود بارزانی بۆ سەرۆک کۆمار

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەیەک کە لەنێوان" پارتی و دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانیەتی فەتح" لەژێر چاودیرِی نێردەی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە ٧ ی تەموز لەلایەن نوێنەری هەرسێ لاوە ئیمزاکراوە، هەریەکە لە دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانیەتی فەتح پشتیوانی لەبارزانی دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق و لەبەرامبەردا پارتی پشتوانی لە نوری مالیکی دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران... هاوکات دەوڵەتی یاساو هاوپەیمانیەتی فەتح هەوڵی پارتی بۆ راکیشان و رازیکردنی یەکێتی بۆ ناو ئەو ئئتیلافە، بەرزدەنرخێنن... بەجیا لەوانە ئیدارەی سەربازی هاوبەش بۆ کەرکوک پێکدەهێنرێت و پێشمەرگە دەگەرێتەوە بۆ ناوچە جیناکۆکەکان و لەپاڵ سوپای ناوەندیدا بڵاوەیان پیدەکرێت... دوبارە گفتوگۆ لەسەر ناردنی نەوت زیندودەکرێتەوە لەگەڵ پرسی گەرانەوەی بری بودجەی ١٧% بۆ ساڵی ٢٠١٩...

هەرچەندە پارتی و دەوڵەتی یاسا، ئەو هەواڵ و بەڵگەنامەیە بە ساختەو ناراست دەزانن و ڕەتی دەکەنەوە، بەڵام هەر ئینسانێکی هوشیار و ئاگا لە سیاسەت و دنیا، راستی ئەو بەڵگەنامەیە لە بەندەکانیدا، لە نەریتی ئەو حزبانەدا، لە کارنامەو مێژووی کۆن و نوێیاندا، لە کایەی ئێستاو هەوڵەکان بۆ پیکهێنانی هاوپەیمانیەتی گەورەدا، بەئاشکرا دەبینن. ڕەتکردنەوەی ئەو هەواڵ و بەڵگەنامەیە وەڵامە لەبەرامبەر دزەکردنی رێکەوتننامەکە بۆ دەرەوە، و هاوکات بۆ راگرتنی غەزبی نەیارە هاوشێوەکانی خۆیان و کاردانەوەکانیانە بەرامبەری...

بەجیا لەوەی ئەو رێکەوتننامەیە شانسی جێبەجێکردنی دەبێت یان نا، دابەشکاری داهات و سامان و پۆست، هەموو باڵ و لاباڵ و ڕەوتە بۆرژوازییەکانی عێراق کۆدەکاتەوەو بەپێچەوانەی بانگەشەی فریوکارانەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و هاوڵاتیان، جەنگ و ئاشتیان، سازان و ڕیکەوتنیان، لەسەر دەست بەسەراگرتنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی عێراق و کورستان و دریژەدانە بەو تاڵانکاریە ئاشکرایەی بەبەرچاوی دنیاو هاوڵاتیانەوە، بەڕێوەدەچێت...دەقی بەڵگەنامەکە بخوێننەوە"



بسم الله الرحمن الرحيم

وثيقة اتفاق سياسي

تعزيزاً للمصلحة الوطنية العليا للبلاد وتقديراً للظروف التي يمر بها الشعب العراقي، اتفقت ارادة الحزب الديمقراطي الكوردستاني وائتلاف دولة القانون وتحالف الفتح على نقاط اساسية لدعم تشكيل التحالف الاكبر الذي سيشكل الحكومة العراقية القادمة

١) تقدم كل من ائتلافي الفتح والقانون مرشح الكورد لمنصب رئيس الجمهورية وهو السيد مسعود بارزاني

٢) سيدعم الحزب الديمقراطي الكوردستاني مرشح القانون لمنصب رئيس الوزراء وهو السيد نوري المالكي

٣) سيدعم ائتلاف الفتح والقانون جهود الحزب الديمقراطي لانضمام الاتحاد الكوردستاني والتغيير لهذا الاتفاق

٤) سينفتح الحزب الديمقراطي على القوائم السنية لاقناعها بالدخول في هذا التحالف

٥) سيتعهد كل من ائتلافي القانون والفتح بانشاء ادارة عسكرية مشتركة في كركوك واعادة نشر قوات البيشمركة فيها مع بقاء القوات الاتحادية هناك

ملاحظة: يعقد الاجتماع بين ممثلي الاطراف الموقعة بحضور رئيس بعثة الامم المتحدة في العراق لغرض تثبيت هذه الفقرة وتنفيذها بعد تشكيل الحكومة مباشرة

٦) اعادة احياء المفاوضات بشأن تصدير النفط من اقليم كوردستان مع سعي نواب (الفتح - القانون) لاعادة نسبة ١٧٪ للاقليم في ميزانية ٢٠١٩

فاضل ميراني ٢٠١٨/٧/٧

حسن السنيد ٧/تموز/٢٠١٨

محمد الهاشمي ٢٠١٨/٧/٧

# بەرزوبەڕێزبێت یادی ئەو پۆلە هاوڕێیەی کە بەفەرمانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان تیرۆری کردن!.

## بیرەوەریەکی کورت لەگەڵ هاوڕێ لەتیف

### نووسینی : (پورە بەهێ)ی باینجان



١٤ی تەموزی ٢,١٨ دەبێتە ١٨ سالّی تەواو بەسەر تیرۆرکرانی ئەو پێنج هاوڕێ کۆمۆنیستەی کە یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان تیرۆری کردن، بەلّام لای من وەک ئەوە وایە کەهەر لەم سالّداو هەر لەم ڕۆژانەدا تیرۆرکرابن. لای من نە زەمەنێکی درێژەو نە دوێنێشە. بەلّکو هەر وەک ئەوە وایە کە ئەمڕۆ تیرۆر کرابن. ئەمەش لای من ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هاوڕێیانە هەمیشە زیندون و لەبیرناچنەوە. لای من هەموو ١٤ی حەوتێک ئەو پۆلە هاوڕێیە تیرۆر دەکرێن بە بەردەوامی هەموو سالّێ. واتە قەت لەبیرناچنەوە. هێشتا لای من خوێنەکەیان گەشە، واتە دەبێ یەکێتی نیشتیمانی چاک ئەوە بزانێت ئەو هاوڕێیانە لەبیرناچنەوەو ڕۆژێکیش دێت تاوانبارو تیرۆریستان دەدرێنە دادگا.

من جیاوازی ناکەم لە نێوانی ئەو پێنج هاوڕێ تیرۆرکراوەدا، بۆ من هاوڕێیان محەمد مستەفا، ئیبراهیم محمد کە ناسرابوو بە هاوکار، ئومێد نیکبین، عەبدول باست محسن کە ناسرابوو بە شێخ عەبدول هەر چواریان لای من وەک هاوڕێی ئامینی خوشکم تەماشایان دەکەم، بەلّام ئەوەی کە زۆر ناسیومەو تێکەلّاو بووم لەگەلّیداو بیرەوەریم لەگەلیدا هەیە (هاوڕێ لەتیف)ە. بۆیە لێرەدا ئەو بیرەوەریە کورتەم لەسەر هاوڕێ لەتیف دەبێت.

من پوری (هاوڕێ)م، پێش تیرۆرکرانی هاوڕێ مالّمان لە ئۆردوگای باینجان بوو. نازناوی پورە بەهێی باینجانیش هەر هاوڕێ و مندالّەکانی تری( ئامین)ی خوشکم دایان بەسەرم دا. هەر لەو بارەوە کە لە ڕادیۆی حیزبەوە ناوی ئەو کەسانەیان دەخوێندەوە کە کۆمەکیان بە حیزب دەکرد، ئەو کۆمەکەی من بە ناوی پورە بەهێی باینجانەوە دەخوێنرایەوە. جا سەیر لەوەدا بوو کە کارگوزارێکی حەسەن ناوی پورە بەهێ بوو. لەو نێوەدا خەلّکی باینجان کە گوێیان لە ڕادیۆی حیزب دەگرت وایان دەزانی کە ئەوە پورە بەهێی کارگوزارەکەی حەسەنە. زۆر کەس بە حەسەنیان وتبوو کە بۆچی پورە بەهێی کارگوزارەکەت کۆمەک بە حیزبی کۆمۆنیست دەکات لە کاتێکدا خۆی پێویستی بەکۆمەک و هاوکارییە.

هاوینی سالّی ١٩٩٩ بوو، لە ڕێگەی مالّی ئامینی خوشکمەوە خەبەرم بۆ هاوڕێ ناردبوو کە هەم بێت سەر لە پوری بدات و هەمیش بێت ئەو کۆمەکەی کە دام ناوە بیبات بۆ بارەگای حیزب.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو. حەسەن وتی: بەهێ بۆ شتێک لێ نانێی بیخۆیین؟ خەریکی ئەوەبووم کە خواردنێک بۆ ژەمی ئێوارە لێبنێم. لە پڕ یەکێک لە خوێندکارەکانی حەسەن لە دەرگایداو وتی مامۆستا میوانتان هەیە. من هەروەک پیشەی هەمیشەییم چووم دەرگاکە بکەمەوە، هەرکە دەرگام کردەوەو هاوڕێم بینی لەگەڵ کوڕە خوێندکارەکەدا باوەشم کرد بە هاوڕێداو هاوارم کرد وتم حەسەن ئەوە هاوڕێیە!! ئیتر حەسەن هاتو باوەشی پێدا کردو یەکسەر هەر بەزمانی لادێکانی بناری پشدەرێ کە زێدی حەسەن خۆیەتی وتی: بەهێ دەچم ئەو مریشکە دەکوژمەوە!! بۆ هاوڕێ. هاوڕێ پێکەنی و وتی کاک حەسەن پیاوی چاک بە مەیکوژە بەلّکو سەری ببڕە با گۆشتەکەی بخۆین (بە قاقای پێکەنینەوە ئەمەی وت).

هاوڕێ زۆر کوڕێکی دەم بەپێکەنین و پڕ لە زەوق و خۆشی بوو، ئەو شەوە خواردنێکی خۆشی لادێییمان بۆ هاوڕێ سازکردو بەیەکەوە خواردمان. هاوڕێ حەزی لە ڕان بوو، هەردووک ڕانەکەم بۆئەو داناو حەسەنیش هەروەک هاوڕێ حەزی لەڕان بوو، بەلّام ڕان هیچ بۆ حەسەن نەمایەوە. تەنها یەک مریشکی کوشتەوە!! هەهەهە ئەویش هەر دوو ڕانی هەبوو. هاوڕێ وتی: کاک حەسەن خۆت ڕۆژێکی تر مریشکێکی تر بکوژەو ڕانەکانی بخۆ.

هاوڕێ زۆر حەزی لە قەیسی بوو، زۆر حەزی لە ڕانی مریشک بوو، بەلّام منیش درێغیم نەکرد لە ئامادەکردنی ئەودوو شتە بۆ هاوڕێ، بۆیە ئێستاش هەر بە یادی هاوڕێ وە من قەیسی دەخۆم و هەمیشە حەزم لە قەیسیە.

ئەو شەوە بە نوکتەو قسەی خۆش تا درەنگانێک نەخەوتین، بەیانی بوو هاوڕێ وتی: پورە بەهێ دەمەوێت بڕۆم کوا چیتان داناوە بۆ حیزب وەک کۆمەک؟ دەیبەم و دەڕۆم. منیش هەندێک لە شەکرو چاو شتی ترم پێچابۆوەو دامە دەستی و باوەشم بە هاوڕێ دا کردو وتم بە حەسەن: با لەگەڵی بڕۆین هەتا لای پاسەکان و لەگەڵی هەلّبگرین، هاوڕێ بەپێکەنینەوە وتی: زۆر ڕاستە پورە بەهێ نەک هەر ئەوە، بێنە کرێی پاسەکەشم بدەنێ ئەوسەرەو سەر. هاوڕێ وتی پورە بەهێ مادام کۆمەکتان کردووە بە حیزب بە منیشی بکەن، ئاخر من ئێستا کوڕی حیزبم. بۆچی کۆمەک بە حیزب دەکەن، بەلّام بە کوڕی ئەو حیزبەی ناکەن؟. وتم بە حەسەن هاوڕێ ڕاست دەکات هەم حیزب و هەمیش هاوڕێ پێویستیان بە کۆمەکە.

ئەو هاوینە ئاخرین جاری هاوڕێ بوو کە بێتە مالّی من لە باینجان. ئیتر من هاوڕێم لە مالّی خۆمان نەدیتەوە. ئاخرین جارێک کە هاوڕێم بینی ڕۆژی دەرچوونمان بوو لە کوردوستان، سەرەتای مانگی ئایاری سالّی ٢٠٠٠ بوو. بە دوو مانگ پێش تیرۆرکرانی لەگەڵ چوار هاوڕێکەی تری بەدەستی یەکیەتی نیشتیمانی. ئەو جارە لە مالّی ئامینی خوشکم بوو کە هاوڕێم بینی و مالّ ئاواییم لێکرد. هاوڕێ بە پێکەنینەوەو زەردەیەکیش کەوتە سەر ڕوومەتی و وتی: پورە بەهێی باینجان لەوانەیە ئیتر یەکتر نەبینینەوە. باوەشی پێداکردم و یەکترمان ماچ کرد. ئەوە ئاخرین جار بوو کە توندوپڕ لەخۆشەویستی باوەش بە هاوڕێدا بکەم. ئەویش باوەش پێداکردنی مالّئاوایی بوو، کە ئاخیرەن مالّئاوایی یەکجارەکی بوو.

هاوڕێ زۆر ڕاستی کرد، ئیتر ببڕای ببڕای هاوڕێم نەدیتەوە. ئەو دەستە ڕەشە خیانەتکارەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان نەیهێشت جارێکی تر پورە بەهێی باینجان هاوڕێ لەتیف ببینێتەوە. هەر ئەو دەستە ڕەشەی یەکیەتی بوو کە نەیهێشت نەجیبە کەریم شێخ عەبدولی هاوسەری ببینێتەوە و لەیلاش محەمەد مستەفای هاوسەری ببینێتەوە. نە کەسوکاری ئومێد و نە کەسوکاری ئیبراهیمیش توانیان ئیتر ئیبراهیم و ئومێد ببیننەوە. یەک دەست بوو کە وای کرد. ئەویش دەستە تیرۆریستەکەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان بوو.

هاوڕێ گیان دلّنیابە لەناو دلّی کەس و کارت و هەموو هاوڕێیانت دای. دلّنیابە درێژە پێدەری ڕێبازەکەتین. دلّنیا بە تۆ نەمریت و هەمیشە زیندووی لەدلّی خەلّکی بەشمەینەت و کرێکاران و زەحمەتکێشاندای بۆ هەتا هەتایێ.. تیرۆرستان و گوێ لەمستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هێندەی تر قەبارەی مێژووی تیرۆرستیان گەورە دەکەن.

هاوڕێ گیان دلّنیابە تۆ کوڕی حیزبی کۆمۆنیست بووی و هەر ئەو حیزبەش لە خوێنی تۆ و هاوڕێکانت خۆش نابێت. هەر ئەو حیزبەی کە تۆ تا ١٤-٧-٢٠٠٠ لە ناویا بووی و لێی دانەبڕای تا یەکیەتی نیشتیمانی بە تیرۆرکردنت دایبڕاندی، بەلّام تەنها بە لاشە دابڕای لە حیزب، بەلّکو بە گیان و بیرو کردارت هاوڕێکەی جارانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریت.

جارێکی تر بەرزو بەڕێز بێت یادی هاوڕێ و هاوڕێکانی تری هاوڕێ لەتیف کە بەدەستی یەکیەتی نیشتیمانی لەسەر فەرمان و داخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کران.

**٨ تەمووزی ٢٠١٨**

# لە ١٤ تەموزی٢٠٠٠دا ،نەوشیروان مستەفا تاوانێکی تری خستە سەرتاوانەکانی؟

### نووسینی: مستەفا باهیر

نەوشیروان مستەفا کە کەسی دووهەمی یەکێتی نیشستمانی کوردوستانە، لە سالّی شەست و شەشەوە (٦٦) ەوە لەگەل جەلال تالّەبانییە، بەشێکی زۆری ئەو تاوانانەی کە جەلالیەکان پێی هەستاون، نەوشیروان تێیدا بەشدار بوەو بەشێکیان بەسەرپەرشتی خۆی کراوە. نەوشیروان تۆمەتبارە بەوەی کە لە بەکرەجۆ زۆر توندتیژی بەکارهیناوە بەرامبەر بە زیندانییەکان کە ئەوکاتە بەشی هەرزۆریان سەر بە مەلاییەکان بوون. نەوشیروان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کاری تیرۆری نەیارانی جەلالییەکان کردوە لەسلیمانی کۆمەڵێکی تیرۆرکردوە لەوانە (نوری حەمەعلی) کە لە ٧٤ دا ئامر بەتالیۆنی پارتی بووە. ئەوکەسەشی کە هەستاوە بەم کارانە لەپاشان بە بریار و ئاگاداری نەوشیروان دەکوژرێت، وەک دەلّێن بە تەور کوژراوە. بە سەرپەرشتی خودی نەشیروان خۆی شوعیەکانی لە پشت ئاشان قەتلوعام کرد. قسەیەکیش هەیە دەلّێن نەوشیروان بە چەکدارەکانی وتوە کە دەبیت پەرێزتان پاک بێت واتە نابێت هیچ دیلێکتان پێبیت و هەرچیتان گرت بیان کوژن. بەگوێرەی قسەکانی تالّەبانی، نەوشیروان تاوانبارە بەوەی کە بوتە هۆی کیمابارانی هەلّەبجە لە لایەن رژیمی بەعسەوە. نەوشیروان تاوانبارە بەوەی کە لەدوای ڕاپەڕینی خەلّکی کوردوستان، کۆمەلّیک ژن تیرۆر کران بەبیانوی ئەوەی کە دەستیان هەبووە لەگەڵ ڕژێمی بەعس ودەزگا ئەمنیەکانی ئەو رژێمە. تاوانەکانی یەکێتی گەلێک زۆرن و لەژماردن نایەن، نەوشیروانیش پشکی شێری بەردەکەوێت لەم تاوانانە. لەدوای ڕاپەڕینیش واتە دوای ئەوەی کە خەلکی کوردوستان ڕاپەڕین و بەعسیەکانیان لە کوردوستان وەدەرنا، بۆ بەڕێوەبردنی کوردوستان، خەلّکی خۆیان لە شوراکاندا ڕێکخست، بەلّام پاش ئەوەی کە یەکێتی وپارتی لە ئێرانەوە و گەڕانەوە بۆ کوردوستان. بەهاوکاری دەولّەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو هاوکاری ئەمریکا یەکەمین کارێک کە کردیان داخستنی شوراکان بوو. لە دوای نەمانی شوراکان، کۆمۆنیستەکان لەسالی١٩٩٣ توانیان حزبی خۆیان، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق دروست بکەن. بەهۆی داکۆکیکردنی بەردەوامی ئەم حزبە لە خەلّکی هەژارو بەشمەینەتی کوردوستان و ڕونکردنەوە بۆیان کە چۆن ئەم حزبە ناسیۆنالیستانە بەتایبەتی یەکیتی و پارتی ناتوان حوکمڕانی کوردوستان بکەن. لەکاتی حوکمڕانی ئەماندا خەلّکی کوردوستان دەبیت چاوەڕوانی کارەسات بکات، چونکە ئەمانە کارەسات بەسەر خەلّکی کوردوستاندا دێنن. حزبی کۆمۆنیست ڕێگای چارەسەری گونجاوی بۆ کێشەکان دەدۆزیەوە. بۆیە هەرزۆر زوو بوو بەجێگای باوەڕی کریکاران و ژنان و لاوان و ئاوارەکان و بەگشتی خەلّکی بەشمەینەتی کوردوستان و عێراق. رۆژ بەرۆژ بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریی وحزبەکەی لە پەرەسەندندا بوو. بەهێزبوونی ئەم بزوتنەوەیە ترس و دلّەراوکێی نەک هەر لەلای حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردوستان، بەلّکو لەلای دەولّەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بەتایبەتی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران دروست کردبوو. بۆ ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریی. ئێران داوای لەیەکێتی کرد کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق یاساغ بکات. یەکێتیش لە رۆژی ١٤ تەموزی ٢٠٠٠ دا هەرچەندە وەفدیکی دانوستاندن لەوکاتەدا لەگەل نەوشیروان گەشتبوونە ئەنجام، بەلّام لە پیلانێکی پێش وەختەی داڕێژراودا لە بەردەم ئەمنە سورەکە هێزێکی یەکێتی پەلاماری مەفرەزەکەی هاورێیانی حزب دەدەن و هەمویان دەکوژن. بەعس ئاسا مەیتەکانیان بەدزیەوە تەسلیم بەخاک دەکەن. نایەلّن کەسوکاریان مەیتەکان ببینن و وە ئاگاداریشیان دەکەنەوە کە نابیت پرسەیان بۆ دانین. بەم شیوەیە نەوشیروان مستەفا و یەکێتی نیشتیمانی تاوانیکی تریان خستە سەرتاوانەکانی تریان.

بەلّام دەبیت دوژمانی کۆمۆنیزم باش بزانن تاچەوسینەرو چەوساوە هەبێت. تا کریکارو سەرمایەدار هەبێت، تا هەژارو دەولّەمەند هەبیت، ئالای کۆمۆنیزم گەشاوەیە و ئیمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەوڕێگایەی کە هاوڕێیانمان گیانیان لە پیناودا بەخشی.

بەرزوو بەرێزبیت یادی هاوڕیانی ١٤ تەموز

نەفرەت لە تیرۆرو تیرۆریستان.

١٠تەموزی ٢٠١٨

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# "ئەمریکا و دیبلۆماسی کوردی" لەبارەی "دانانی بەردی بناغەی قونسوڵخانەی ئەمریکا لەهەولێر"

## نووسینی: خەسرەو سایە

هەفتەی رابردوو بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆز و کۆنسوڵی ئەمریکا لەعیراق بەردی بناغەی بینای کۆنسوڵخانەی نوێی ئەمریکا لە هەولێر دانرا و هەر لەوێشدا، نێچرڤان بارزانی وەک بەسەخاوەتێکی زۆرەوە لەوتەیەکیدا، کەوتە بەخشینەوەی درۆ وپێداهەڵدان بەسەر رۆڵی دۆستانەی ئەمریکا بەرامبەر بە"کورد" وجارێکیتر دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکای بەپارێزەر و نەجاترەسی خەلکی کورد لەڕۆژگارە ڕەشەکاندا، ناوزەد کردەوە. لەلایەکی تریشەوە میدیاکانی پارتی، بەتایبەتی کەناڵی رووداو ئەم بابەتەیان هێندە گەورە نیشاندا، کە شێوازی دزاین و ڕووبەر وتێچونی بیناکە و ژمارەی ئەوانەی کاری تێدادەکەن ودەمێننەوە، بکەنە بەڵگەیەک بۆ نیشاندانی متمانەی ئەمریکا بەکوردو حوکمەتەکەی پارتی. لەمەش زیاتر پێداهەڵدانەکان تا ئەو ئاستە ڕۆیشت کە دروستکردنی بینایەی قونسوڵگەری تازە، نمونەیەکی بێوێنە لە سەرکەوتویی "دیبلۆماسیەتی کوردی" و نیزکایەتیەکی زیاتری ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەچاو ولاتانێکی وەک پاکستان ومیسرو ولوبنان وئەردەندا، باس لێوەبکەن و خودی ئەمەش بەیەکێک لەبەرهەمەکانی ئەو هەوڵە دیبلۆماسیانە لەقەڵەم بدەن کە جەنابی نێچیرڤان بەرزانی بەدەستی هێناوەو توانیوەیەتی جارێکیتر ئەم دۆستایەتیەی نێوان کوردو ئەمریکا بگەڕێنێتەوە، بەتایبەتیش بەدوای لێکترازانێکدا، کە"کەیسی ڕیفراندۆم" خستیە نێو ئەم پەیوەندیەوە!.

بەڵام ئەم دوڕوویی ودرۆکردنە یەکلایەنە نییە وئەوە تەنها پارتی و دەزگاکانی راگەیاندنی سەربەم حزبە نییە کەهەقیقەتی سیاسەت و کردەوەکانی ئەحزابی دەسەلاتداری بۆرژوازی کورد لەپڕوپاگەندەی پروپوچدا دەخنکێنن، بەڵکو لەتەرەفی ئەمریکاشەوە هاوشێوەی هەمان شێوازی پڕوپاگەندەکردن دەبینرێ. بەتایبەتی کاتێک " دۆگلاس سیلیمان"، باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق دروستکردنی بینایەی قونسوڵگەری تازەی " وەک سیمبولێکی بەهێزی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بۆ چەندین دەیەی داهاتوو"، لەقەڵەمدا و بەمجۆرەش هەردوولا لە"بەرگی دۆستانە"دا خەریکی خۆهەڵخستنن لە بەردەم رای گشتی خەڵکی کوردستاندا. کەوایە ئیتر مەسەلەکە "دانانی بەردی بناغەی بینای قونسوڵگەری" ولاتێک نییە، بەقەد ئەوەی کە ئەم بابەتە بەپێی نیازو پێداویستیەکانی سیاسەتی رۆژی هەردوولا خراوەتە نێو چوارچێوەی جوڵەیەکی دیبلۆماسیەوە. بەواتایەکیتر مەسەلەکە هونەری تەلارسازی و دزاینی مۆدێرن وتەکنیکی بینایەک نییە کەبۆیەکەمجار لەپانتاییەکی فراوان و بەبودجەیەکی زیاتر لە750 ملیۆن دۆلاریەوە خراوەتە دەستورەوە، بەڵکو بابەتەکە هەنگاوێکی تەواو سیاسییە ولەپەیوەند بە دۆخی ئێستای کوردستان و عێراق وناوچەکە لەلایەک و جیگاورێگای پارتی وحکومەتی هەرێم و رۆڵی ئەمریکا لەلایەکیترەوە، هێناوەتە پێشەوە وهەردوولا بە ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی تایبەت بەخۆیانەوە خەریکی پڕوپاگەندە کردنن بەئەسڵی بابەتەکەوە. کەوایە ئامانج و بەرژەوەندییەکان چین وبەتایبەتیش "دیبلۆماسی کوردی" بەشوین چیەوەیە؟.

بێگومان دیبلۆماسیەت وپەیوەندی نێوان ئەحزاب و دەوڵەتان هەمیشە درێژکراوەی سیاسەت و بەرژەوەندی لایەنەکانە. لەمبارەوە سیاسەتی حزبە ناسیونالیستەکانی کورد ودەسەڵاتەکەیان کەلەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای درزو کەلێنی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەو بلۆک بەندییە سیاسی وجیهانیەکان دامەزراوە، بەپێویست خۆگرێدانەوە ولێرەشەوە پەیوەندی گرتن لەگەڵ داولەتاندا کردۆتە فاکتۆرێکی سەرەکی وهەمیشەیی، بەئاستێک کە ئەم پەیوەندیانە سەرچاوەی بەدەستەوەگرتنی هەم ستراتیژو هەم تاکتیکە. بەم جۆرەش ئەوشتەی کەڕۆشنبیرانی ناسیونالیسی کورد بە"دیبلۆماسیەتی کوردی" ناوی دەبن، ناتوانێ شتێکی زیاتر لەو سیاسەتە بێت کە کەتائێستا حزب و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەسەرو هەر پرەنسیپێکی ئینسانی وئەخلاقیەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی وسەربازی و وەرگرتنی ئیمتیازاتی مالی لەدەوڵەتان، پەیڕەوی لێکردووە وهەرئەمەشی بە"دۆستانی کورد" بەخەڵک ناساندووە. تەنانەت ئەگەر ئەو لایەن ودەوڵەتە کۆنەپەرسترین و دژی ئینسانیترین لایەن ودەوڵەت بێ و لەئاستی جیهانیشدا لەبەرەم نەفرەتی ئازادیخوازاندابێت. نمونەی هەڵسوکەوتە "دیبلۆماسیەکان"ی ئێستای سەرانی حکومەت وحزبە ناسیونالیستەکان لەفەزای سیاسی کوردستاندا، بەوجۆرەی کەدەیبینین چۆن بەحەماسەتێکی زۆرەوە کەوتونەتە خزمەتی سەرۆک ئۆردوغان وئایەتولاکانی ئێرانەوە وچۆن باوەشیان بۆ بەرپرسانی حەشدی شەعبی وئیسانکوژانێک لەدەستەو تاقمی سونەو شیعەکان کردۆتەوە تا لەگەڵیان ڕێکەون، ڕاستی ئەم بۆچونانەی ئێمە دەردێنێ. لەلایەکی ترەوە خودی ئەوەی کەنێچیرڤان بەرزانی ئاماژەی بۆ کردووە، کەگوایە هەوڵە دیبلۆماسیەکانی جەنابیان توانیویەتی "خەونی نەیاران سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم بەتاڵ کاتەوە، دیسانەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کەچۆن پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکاو هەردەوڵەتێکی تردا، چەندە حەیاتییە بۆ مانەوەی دەسەلات وپایەکانی حوکمەتێک کەلەسەر دزینی قوتی خەڵک و گەندەڵی دەڕوا بەڕێوە.

بەڵام ئەمە هێشتا هەموو ڕاستیەکانی "دیبلۆماسی کوردی" ناخاتە بەردەست، بەتایبەتی کەڕووداوەکانی ساڵی پار بەدوای سازدانی ڕیفراندۆم و16ی ئۆکتۆبەردا، پارتی وحکومەتی هەرێمی خستە نێو تەنگانەو قەیرانێکی سیاسی قوڵ وفراوانەوە کەتائێستاش بەشێوەیەک لەشێوەکان درێژەی هەیە. لەم بارەوە پارتی بۆ دەربازکردنی خۆیی ودەسەلاتەکەی لەم دۆخە هەرزوو لەپێناو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکاو عێراق و وڵاتانی دراوسێدا، وەک ڕێگایەک بۆ مانەوەی دەسەلاتەکەی، ئاڵای سپی هەڵکرد وسەری تەسلیمی دانەواند وهەموو تەقەلایەکیشی بۆ گێرانەوەی متمانەی ئەم لایەنانە گرتەبەر. . دەستهەڵگرتن لەئەنجامی ڕیفراندۆم وسوێندخواردن بەیەکپارچەیی خاکی عێراق ورازی بوون بەهەموو مەرج و بڕیارەکانی عەبادی، تا چاونوقاندن لەو پیلانەی کەئەم دەوڵەتانە لەدژی خەلکی کوردستان گرتیانە بەر، هەمووی لەڕاستای ئەم سیاسەتەدا گیرایەبەر و سەرەنجام زەمینەی بۆ گرێدانەوەی سەرەداوەکانی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەم ولاتانەدا هێنایەکایەوە. لەلایەکی تریشەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و بەشداری پارتی و هەموو حزبەکانی تر لەم هەڵبژاردنەدا، فرسەتێکی تری دا بۆئەوەی پارتی نیشانی بداتەوە کە بەکردەوە بەرەو بەغدا گەڕاوەتەوەو ئەو لاسەنگیەشی قەبوڵکردووە کە لەهاوکێشەی هێزی نێوان بەغداو هەولێردا بەدیهاتووە. ئەمەش بەدەوری خۆی کۆمەکی کرد بەوەی کەجارێکیتر هەناسە بەبەر جەستەی چەقیوی پەیوەندیەکانی نێوان هەریم و ئەمریکاو ولاتانی تردا بکاتەوە. بەم جۆرەش پیداهەڵدان بەدانانی بەردی بناغەی بینای تازەی قونسوڵگەری ئەمریکا لەهەولێر، ناتوانێ لەدەرەوەی ئەم دۆخە بێت.

تا ئەو جێگەیەی بەئەمریکاش دەگەڕێتەوە، دەستبرن بۆ پڕۆژەیەکی لەم جۆرە، لەسەروەختی ئێستادا مەودایەکی بانتر لەوەی کە"دیبلۆماسی کوردی" لێی دەڕوانێ، دەگرێتەخۆی. بێگومان ئەوەی لەپەیوەندیەکانی نێوان "کوردو ئەمریکا"دا، بەرجەستەیە ئەوەیە کە هیچ کاتێک مەسەلەی ئینسانی ورزگاری خەلکی کورد لەستەم و مەزلومیەتێک کەلەلایەن دەولەتانی وەک عێراق وتورکیاو ئیران و سوریاوە کراوەتەسەری، بۆ ئەمریکا جیگای مەبەست وسەرنج نەبووە ونییە. بەڵکو کێشەی کورد بۆ ئەو کارتێکی سیاسی بووە بۆ دەخاڵەتکردن لەدۆخی ناوچەکەو دەستبردن بۆ کایەی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا. لەئێستادا ، کەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆتە مەیدانی جەنگ وململانێی نیوان هیزە ئیمپریالیستیەکان ودەخالەتی ڕاستەوخۆی دەولەتانی ناوچەکە، لەدۆخێکدا کە ناوچەکە لەسەر ڕێچکەی دوبارە سازدانەوەو دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز قەراری گرتووەو هێزەکانی ئەمریکاش تادێت لەگەڵ شکست وپاشەکشە بەرەو ڕوودەبێتەوە، مەسەلەی بەدەستهێنانی پێگەیەکی ئامن بۆ مانەوەو دەخالەتکردنە سیاسی و سەربازیەکانی دواتر لەناوچەکەدا بۆ ئەمریکا لانی کەمی پیداویستیەکی سیاسی ئەمڕۆییە. لەم بارەوە کوردستانی عێراق ئەتوانێ ئەم جێگاو ڕیگایە بە ئەمریکا ببەخشێت. بەتایبەتی لەکاتێکدا کەئاڵۆزی وناسەقامگیری لەدۆخی عێراق وجودی ئێران لەناوچەکەدا، هەرچی زیاتر ئەم سەرنجەی ئەمریکای لەسەر کوردستانی عێراق زیاتر داناوە ولە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەحساب هێناوە. خودی ئەو زەخمەی کە بەبینای تازەی قونسولگەری دراوەو وەک شوێنێک بۆ حەوانەوەی هیزەکانی پشتی بەرەی جەنگ و ڕاهێنانی پێرسونەڵە ئەمریکایەکان و لەوێشەوە دامەزراندنی سیستەمی کۆنترۆڵی چاودێری سەربازی.. هەموو ئەمانە دەلالەتە لەوەی کەئەمریکا بەنیازی مانەوە ومامەڵەیەکی درێژخایانە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا، بەلام ئەو فاکتۆرەی کە ئەمریکای لەسەر ئەم سەرنجە بۆ ئەم ناوچەیە ساغکردۆتەوە، نەهەڵکەوتەی خاکەکەیەتی و نە مەسەلەی نەوت و بازرگانیە، بەڵکو لایەنگری و وەلائێکە کەهێزە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا هەیانە. لایەنگری و وەلائێک لەجەرگەی دۆخێکی نائارام و جەنگ گرتووی وەک عیراق ورۆژهەلاتی ناوەراستدا، هەرچی زیاتر دڵنیای مانەوەی داوەبە ئەمریکا. بەواتایەکیتر ئەگەر ئەمریکا لەلوبنان لەگەڵ ڕوتێکی دژە ئەمریکایی وەک حزبولا بەرەوروبێت، وەیا لەپاکستان وئەفغانستان لەگەڵ رەوتە تیرۆریستە ئیسلامیەکان و لەعێراقیش لەگەڵ دژایەتی لایەنگرانی جمهوری ئیسلامی بەرەوڕوبێ و بەم هۆیەشەوە دڵنیای ئەمنی بۆ دامەزراندنی پێگەیەک بۆمانەوە لەم شوێنانە هەڵنەبژێرێ، ئەوا لەکوردستانی عێراق تەقریبەن دۆخەکە هاوشێوەی دۆخی ئیسرائیلە، بەتایبەتی کەهیزەکانی ناوخۆی کوردستانی عێراق هەرلەحزبە ناسیونالیستەکانەوە تا سەرجەم رەوتە ئیسلامیەکان وتەنانەت حزبی شیوعیش نەک دژایەتیان لەگەڵ بوونی هیزەکانی ئەمریکا لەکوردستاندا نییە، بگرە بەدۆست و پارێزەرو پشتیوانی کورد دەیناسێنن. ئەمە ئەو فاکتۆرەیە کەکوردستانی عێراقی لە پەیوەندیەکانی ئەمریکادا بەهەرێمەوە وەک شوێنێکی گونجاو بۆ دامەزراندنی پێگەیەکی ئەمنی دیاریکردووە ولێرەشەوە قونسولگەری تازە ئەرکی فەراهەمکردنی پیداویستیەکانی ئەم پێگەیەی لەسەر هەڵچنراوە.

بەڵام لێکدانەوە هەرچیەک بێت ئەوە ئەزمونی خەڵکی کوردستانە نیشانی ئەدات کەچۆن هەم سیاسەتی دیبلوماسی حزبە بۆرژوازییەکانی کوردو هەم پەیوەندی دۆستانەی ئەم حزبانە بەئەمریکاوە لە سەردەمە جیاجیاکاندا، کراونەتە قوربانی گەمەی سیاسی دەولەتان و لەئەنجامیشدا سەخترین تراژیدیای ئینسانیان روبەڕووکراوەتەوە. هیوایەک کەپارتی لەپەیوەندی تازەیدا بەئەمریکاوە هەڵیچنیووە، بەرهەمێکی لەوەباشتری بۆ خەڵکی کوردستان نابێت کەلەرابردوودا کراوەتە بەشیان.

13/7/2018

# 14ی تەموزی 2000 تاوانێکی خەڵاتکراو

**نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد**






لەو ڕۆژەدا پۆلێک تێکۆشەری کۆمۆنیست، پۆلێک لە پاکترین و شەریفترین ئەو ئینسانانەی بۆ ئازادی و خۆشبەختی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشان، لە پیلانێکی دڕندانە و ڕەزیلانەدا، لە ناوجەرگەی شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانییەوە خرانە بۆسەوە و شەلاڵی خوێنکران. هاوڕێیانی گیانبەختکردوو (شێخ عەبدول، هاوڕێ لەتیف، محەمەد مستەفا، ئومێد نیگبین، ئیبراهیم محەمەد) بە فەرمانی تاڵەبانی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا، تەنها لەبەرئەوە کوشتار کران کە ئاڵاهەڵگر و تێکۆشەری ڕێگای کۆتایهێنان بە ستەم و چەوسانەوە و زۆرداری و بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بوون. ئەوان بۆیە کوشتار کران چونکە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەیەک بوون کە بەرگری لە مافی کرێکار و بێکار و دەستفرۆش و ژن و منداڵ و لاو و پیری کۆمەڵگە دەکرد و ئەو خەڵکەی بە شایستەی ژیانێکی باشتر لەوە دەزانی کە حزبە چەکبەدەستە بنەماڵەییەکان بەسەریاندا سەپاندبوون. ئەوان هەڵسوڕاوی بزووتنەوەیەک بوون کە ببووە کۆسپی بەدەم سەرکوتی ئازادی و کوشتاری ژنان و ئەو جەنگە شومە ناخۆییەی تاڵەبانی و بارزانی کە ئەوەندە بەربەریانە و چەپەڵ بوو دیلی یەکتریان ئەتک دەکرد و یەکتریان بە "جاشی کلک زەرد و جاشی ٦٦" ناودەبرد. ویستیان بە کوشتاری ئەو هاوڕێیانە و پەلاماردانی حزبەکەیان، کوسپێک لەبەردەم ئەوە لابەرن کە تاڵەبانی و حزبەکەی بۆ خۆشخزمەتی ئەمریکا کوردستان لە سەرگەردانیدا ڕاگرن. مەبەست لەو کوشتارە خنکاندنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک بوو بەرامبەر یاریکردنی دوو حزب و دوو بنەماڵە بە نان و ژیان و ئیرادە و چارەنوسیان. ئەمانە هۆکاری ڕاستەقینەی کوشتنی ئەو هاوڕێیانە بوون، جگە لەمە سەرجەم پڕوپاگەندەی یەکێتی و قەڵەمە خۆفرۆشەکانی، هەرچیان بۆ پاساوی ئەم تاوانە دەگووت بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک ڕاستی تیا نەبوو.

ئەوکات ١٠ ساڵێک دەبوو ئەم دوو حزبە هەموو موقەدەراتی خەڵکیان کردبوو بە بارمتەی سەردانەواندن بۆ سیاسەت و دەسەڵاتی میلیشیاییان. دوو حزبی بۆرژوازی دەسەڵاتدار چەواشەکارانە هەموو دەرد و محنەتەکانی خەڵکیان بە ساوایی حکومەت و ئەزمونە "دیموکراسیەکەیان" پاساویان دەدا و مێشکی خەڵکیان بەوە دەشۆردەوە کە تەنها کات و سەبری خەڵکیان پێویستە بۆئەوەی خەونەکانیان بەدیبهێنن. لەپاڵ ئەم چەواشەکاریەوە پێویستیان بەوە بوو کە هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی سەرکوت و ئەوانەش کە ئەم چەواشەکاریە بۆ خەڵک ڕوون دەکەنەوە کوشتار بکەن. هاوڕێیانی ئێمە گیانی خۆیان نایە پێناوی پەیامی بەرگری لە ئازادی و مافی ستەمکێشان و بە ئاگاهێنانەوەیان لە چەواشەکاریەکانی حزبە بورژوازیەکان. ئێستا چارەکە سەدەیەک زیاتر بەسەر تەمەنی دەسەڵاتە داسەپاوەکەیان تێپەڕدەبێت و خەڵکی کوردستان وەکو ڕۆژی ڕووناک ڕاستی پەیامەکەی (شێخ عەبدول و هاوڕێ و محەمەد و ئیبراهیم و ئومید) دەبینن. دەرد و مەینەتەکانی خەڵک لە سایەی دەسەڵاتی ئەم دوو بنەماڵەیدا لە چاو ساڵی ٢٠٠٠ زیاتر بووە کەمتر نەبووە. دوای چارەکە سەدەیەک ڕوون و ئاشکرایە کە هەژاری و نەداری و مەحرومیەتی خەڵک پێشمەرجی نقومکردنی دوو بنەماڵە و دەستوپێوەندەکانیان و چینی بورژوازی کورد بوو لەناو قەڵای سەروەت و ساماندا. هاوڕێیانی ئێمەیان تیرۆکرد و هەڵسورانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریان قەدەغە کرد چونکە کۆسپ بوون لەبەردەم ستەمکاری و زەوتکردنی ماف و ئازادی و لوشدانی داهاتی کۆمەڵگەدا. پەلاماردانی ئەم حزبە تەقەلایەکی ڕێگاخۆشکردن بوو بۆئەوەی کە ئێستا تەنها سامانی کەڵەکەکراوی دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بەشی نیوسەدەی ژیانی تیروتەسەلی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات. چارەکە سەدەیەک تێپەڕی، بەڵام نەک هەر خەبەرێک لە خەونەکانی خەڵک نییە، بەڵکو دەبێ چەند جیلی داهاتوش قەرزی تاڵان و بڕۆی ئەم حزب و بنەماڵە بورژوازیانە بدەنەوە.

چەند مانگ بەر لەو کوشتارگەیە حزبەکەی تاڵەبانی و نەشیروان شکاتنامەیەکیان لە دژی حزبی کۆمۆنیست دا بە دادگا کارتۆنیەکەی خۆیان و داوایان کرد هەڵسوڕانی قەدەغە بکریت، لەو بەڵگانەی حزبی کۆمۆنیستیان پێ تاوانبار کردبوو ئەمانە هاتبوون: ١-یاساکانی ئەحوال شەخسی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندوە و یاسای یەکسانی مافی ژن و پیاوی لە جێگای داناوە. ٢- پێداگری لەسەر جیابوونەوەی کوردستان دەکات. ٣-یەکێک لە کادرانی ڕابەریان ڕاشکاوانە وتوویێتی ئێمە ئەم دنیایە دەگۆڕین. ئەمانە کە بۆ هەر هاوڵاتیەکی شەرافەتمەند و ئازادیخوازی کوردستان مایەی شانازین، لای حزبەکەی تاڵەبانی و نەوشیروان بە تاوانی گەورە هەژماردەکران! ئەو شکاتنامەیە کەوتە بەردەم نەفرەتی ڕای گشتی ئازادیخوازانە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستیش جەسورانە لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی ڕاوەستا. سەرئەنجام ئەو پیلانە بۆ قەدەغەکردنی ئەم حزبە دووچاری شکست و ڕیسوایی بووەوە. بەڵام تاڵەبانی و نەوشیروان لە پیلانگێڕی دژی حزبی کۆمۆنیست بەردەوام بوون، چەند مانگ دوای ئەوە کەوتنە شەڕفرۆشتن بەم حزبە بە بەهانەی بردنە دەرەوەی بارەگای چەکدار لە شارەکان. لە کاتێکدا یەکێتی و لایەنە ئیسلامی و قەومیەکان، دەیان بارەگای چەکدار و لە ڕاستیدا سەربازگە و جبەخانەیان لە ناو شارەکاندا هەبوو، کەوتنە گەڕکردن بە ئۆفیسی ڕابەری حزبی کۆمۆنیست کە تەنها چەند دەستەی پارێزگاری ڕابەری و بارەگەکەی لێبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بڕینی بەهانەیان لە کاتێکدا وەفدی ڕابەری حزبی کۆمۆنیست لەگەڵ نەشیروان مستەفا گفتوگۆیان کرد و لەسەر چارەسەری کێشە ڕێککەوتبوون، لەو فەزایەدا بۆسەیان بۆ ئەو هاوریێانە نایەوە و گولەبارانیان کردن. تەنانەت یەکێک لەوان کە بە زیندوێتی کەوتبوە دەستیان، بە فەرمانی نەوشیروان لە خەستەخانەی فریاکەوتن بە لەقەی "قارەمان"ەکانی ئاسایش گیانی سپارد. نەوشیروان بە چاولێکەری لە ملازم محسن لە تاریکی شەودا هاوڕێیانی ئێمەی خستە ژێر گڵەوە و تەنانەت ڕێگای نەدا پرسەیان بۆ دابنرێت. دوای ئەوەش تا ئێستاشی لەگەڵ بێت باسی بردنەدەرەوەی بارەگای چەکدار ئاسەواری نەما!!

نەوشیروان کە ناسرابووە بە ڕاشکاوی بە تایبەت لە تاواندا، بە وەفدی حزبی کۆمۆنیستی وتبوو "ڕژێمی بەعس و جمهوری ئیسلامی فشاریان بۆ هێناوین کە لیتانبدەین"، دەربڕینەکەی ڕاشکاو بوو، ئەم دوو ڕژێمە دڕندەیە دەبێ چۆن و لەبەرامبەر چیدا بتوانن فشار بۆ یەکێتی وتاڵەبانی بهێنن؟ دەبێ چی تربێت جگە لە پڕکردنی جعبەکانیان؟ مانای سادەی ئەمە ئەوەیە کە هاوڕێیانی ئێمەیان کوشت بۆئەوەی مەئموریەتی ئاغاکانیان جێبەجێ بکەن و لەبەرامبەریشدا نوقڵانەی چەک و پارە وەرگرن. داواکەی ئەو دوو ڕژێمەیان جێبەجێکرد، بۆیە یەکسەر ڕەمەزانزادەی ئوستانداری کوردستان لە ڕێگای حەمەی حاجی مەحمودەوە سوپاسنامەیەکی کرد بە خەڵاتی جەلال تاڵەبانی و ئەو خەڵاتە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی جمهوری ئیسلامیەوە بڵاوکرایەوە. چەندین ساڵیشە شکاتی حزبی کۆمۆنیست لەسەر مێزی دادگای سلێمانیە. نەوشیروان کە ڕۆژ تا ئێوارە سوێندی بە "سەروەری یاسا" دەخوارد، تا مردن یەک جاریش ئامادە نەبوو بڕواتە بەردەم دادگا و ئیفادەی خۆی بدات. ئەمە کارتۆنی بوونی دادگاکەیانی نیشاندا. بەداخەوە تەمەن بواری نەدا نەوشیروان لە دادگایەکی شۆڕشگێڕانەدا لەسەر ئەو تاوانە و دەیان تاوانی دیکە دادگایی بکرێت. خۆزگە تەمەن بواربدات و تاوانبارانی دیکەی ئەو تاوانە و چەندین کوشت و کوشتاری تر، ڕۆژێک پەلکێشی دادگای شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بکرێن.

ئەوان بە شێوەیەکی ڕەزیلانە هاوڕێیانی ئێمەیان تیرۆرکرد، بەو بەڵگە سادەیە کە لە گفتوگۆی نێوان ڕابەری هەردوولادا لەسەر چارەسەری کێشەکە و بەهانەگیری ئەوان ڕێککەوتن کرابوو، بۆیە ئیتر فەزای شەڕ لە نێوان نەمابوو. ئەوان بەدوور لەهەر جۆرە پرەنسیپێکی سیاسی لەو فەزایەدا ناجوامێرانە دەستیان وەشاند. هاوڕێیانی ئێمە گیانی خۆیان بەختکرد، بەڵام پەیامەکەیان هەر زیندوە و زیندوش دەمێنێتەوە تا تەخت و تاجی ستەمکاران سەرەوژێر دەکرێت. ئەو ڕاستیانەی کە تا ساڵی ٢٠٠٠ ئێمە بە زەحمەتێکی زۆر و بە فیداکاری هەوڵماندەدا لە خەڵکی بگەیەنین، ئێستا بوون بە وێردی سەرزمانی ملیۆنەها کرێکار و ماموستا و فەرمانبەر و ژن و لاوی کۆمەڵگە، ڕوخاندنی دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی و میلیشیایی ئەم حزبە بۆرژوایانە لە ئاستی ملیۆنیدا بووە بە ئاوات و ئارەزوویەکی جەماوەری، ئەمە ئیتر بڕیاری جەماوەری کرێکار و ستەمدیدەیە و جێبەجێکردنی تەنها لەسەر کات و خۆئامادەکردنی ئەم جەماوەرە ماوە.

**هاوڕێیانی گیانبەختکردوو (شێخ عەبدول، هاوڕێ لەتیف، محەمەد مستەفا، ئومێد نیگبین، ئیبراهیم محەمەد) بە فەرمانی تاڵەبانی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا، تەنها لەبەرئەوە کوشتار کران کە ئاڵاهەڵگر و تێکۆشەری ڕێگای کۆتایهێنان بە ستەم و چەوسانەوە و زۆرداری و بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بوون...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# تاوانی ١٤/٧هاوشێوەی تاوانەکانی بەعس بوو

## نووسینی: رۆژ عەزیز



سەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ١٤/٧/٢٠٠٠دا تاوانێکی گەورەیان ئەنجامدا دەرهەق بە کۆمۆنیستەکان، کە هاوشێوەی ڕەفتاری حکومەتی بەعس بوو، تەنها جیاوازیەکەی ئەوەبوو پارەی فیشەکەکانیان لە کەسوکاریان نەسەندەوە کە کوڕەکانیان کوشتن، ئەمنە سورەکە لەسەردەمی بەعسدا تاوانکاری تێدا دەکرا، لەسەردەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەرلەنزیک هەمان دائیرەی ئەمنی بەعس لە نزیک ماڵی نەوشیروان مستەفا بەعس ئاسا میلیشیاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆمۆنیستەکانیان قەتلوعام کرد بەپێی بەرنامەیەک کە بەعس و ئێران بۆ یەکێتی دارشتبوو بەسەرکردایەتی و بەڕابەری نەوشیروان مستەفا کە ئەوکاتە لەنێو یەکێتیدا جێگری جەلال تاڵەبانی بوو.

روداوی ١٤/٧/٢٠٠٠ یەکێک بوو لەو گێچەڵانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بە نەیارانی خۆی وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقی کرد. سەرەتا بە بردنە دەرەوەی بنکەو بارەگاکانی حیزبەکانی دەستی پێکردو یەکێتی هەموو گێچەڵەکەی بە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقی کرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە خودی یەکێتی پارتی زۆرترین بنکەو بارەگایان هەبوو، ئیسلامیەکانیش مەترسی بوون بۆسەر خەڵکی ئازادیخوازو بنکەو بارەگایان هەبوو لە ناو شارەکان، کەچی ئەم یەخەگرتنە تەنها بەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کردە نیشانە.

ئەوکاتە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ڕایگەیاند ئەگەر بەراستی دەست دەبەن بۆ هەنگاوی بردنەدەرەوەی بنکەو بارەگاکانی حیزبەکان و خۆتان ئەوە جێبەجێ دەکەن ئێمەش ئامادەین بنکەو بارەگاکانمان بەرینە دەر، بە مەرجێک ئیوەش بنکەو بارەگاکانتان بەرنە دەرەوەی شار لەکاتێکدا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق چەکداری نەبوو، کەچی دوا جار یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەنها بەرۆکی حیزبی گرتوو بەیەک حیزبی دیکەی نەوتوە بنکەو بارەگاکانتان بەرنە دەرەوەی شارەکان.

نزیک بەچەند مانگ بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانە بۆ لێدانی حیزب، یەکێتی کەوتە گرتن راوەدونانی کۆمۆنیستەکان و بەبیانوی جۆراجۆر حیزبی هەراسان کردبوو دواجار وەک حوکمی عەشیرەتی وخێڵەکی و میلیشیایی کەوتە بڕینی ئاو کارەبا لەبنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق و دواتر بەپیلانی سەرکردایەتی ئەوسای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چەند ڕۆژ پێش ١٤/٧ بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق بە چەکدارانی یەکێتی و هێزە ئەمنیەکان و دەزگای زانیاری و دەزگای ئاسایش لەدەورو بەری بارەگاکان کۆبوونەوە، پیلانی هێرشکردنە سەربنکەو بارەگاکانیان هەبوو. ئەوە بوو ١٤/٧/٢٠٠٠ ئومێد نیکبین بە قەناسی هێزە میلیشیاکانی یەکێتی لە بارەگای کۆمیتەی ڕابەری گیانی لەدەستدا و دواتر بۆ چارەسەری کێشەکە وەفدێکی رابەری چوونە ماڵی نەوشیروان مستەفا کە پیلان داریژەری ئەم هێرشە بوو کە ماڵەکەی لەتەنیشت کۆمیتەی ڕابەری بوو.

پیلانەکە وابوو ئەگەر وەفدی ڕابەری بچنە ماڵی نەوشیروان ئیتر تاوانەکە ئەنجام بدەن، وەفدی ڕابەریش لەوێ دەست بەسەر بکەن تا حیزب دەست نەکاتەوە ئەگەر چەکدارانی یەکێتی تاوانیان ئەنجامدا، هەر بەگەیشتنی وەفدی ڕابەری لاندکرۆزەکەی حیزب کە بۆکاری حیزب و پێداویستی خواردن چووبووە کۆمیتەی سلێمانی لەگەرانەوەیاندا لەخوار ئەمنە سورەکە کاتێک کە سەیارەکە پێچ دەکاتەوە بۆ کۆمیتەی ڕابەری میلیشیاکانی یەکێتی بە بیکەیسی و کلاشینکۆف سەیارەکەی حیزب بەر فیشەک دەدەن، بەسەدان فیشەک ئاراستەیان دەکرێت لەوێدا هاورێیان عەبدولباست موحسین (ناسراو بە شێخ عەبدول) محمد مستەفا (ناسراو بە کەریم) ئیبراهیم محمد(ناسراو بەهاوکار) هاورێ مستەفا، وە پێشتریش ئومێد نیکبینیش هەر لەو ڕۆژەدا بەدەستی میلیشیاکانی یەکێتی گیانیان لەدەستدا.

ئەم تاوانە هەمان تاوانی بەعس بوو، چونکە هەموو شتێک ئامادەکرابوو بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکەو حریق و تەنکەری ئاو ئامادە کرابوون تا شوێنی تاوانەکەو خوێنی ئەو هاوڕێیانە بشۆنەوە، تا ڕێکخراوە جیهانییەکان ئاگادار نەبن. هەر لەوێدا تەرمی هاورێیان گواسترانەوە بۆ شوێنی تایبەتی کەخۆیان پیلانیان هەبوو چیان لێبکەن لاندکرۆزەرەکەی حیزبیش بەسلنگ بردیان و بۆ شەوەکەی تەرمی هاورێیانی حیزب بە حەفارە بەعس ئاسا لە گردی سەیوانی کردیانن بە ژێر زەویدا و کەسوکاریشیان بۆیان نەبوو بڵێن تەرمی ئازیزانی ئێمەتان چی لێکرد؟ کەوتنە مراقەبەکردنی کەسوکاریان و کەوتنە گرتن و ڕاوەدونانی هاورێیانی حیزب زیندانەکانی ئاسایش پڕکران لە دۆستان و ئەندامان لایەنگرانی حیزب و بەردەوام هاورێیان لەژێر چاودێری ئاسایش و دەزگای زانیاریدا بوون.

بۆ رۆژی دوای سەرانی یەکێتی داوای دانیشتنی وەفدی حیزبیان کردو ئەوە بوو وەفدی حیزب چوونە لای یەکێتی ئەو جێگەی بڕیار بوو دانیشتنی لێ ئەنجام بدرێت. یەکێتی پیلانی دانابوو بەگەیشتنیان پەلاماری وەفدی حیزب بدەن و ناجاریان بکەن کە بەزۆر بنکەو بارەگاکانیان لەژێر دەسەلاتی یەکێتی چۆڵ بکەن، ئەوە بوو بەگەیشتنی وەفدی حیزب بەعس ئاساو دوور لەهەموو بەهایەکی سیاسی و ئەخلاقی بەسەدان چەکدار کەوتنە میل هێنانەوە لە وەفدی حیزب و پەلاماریان دان و دواتر پێیان ڕاگەیاندن کە دەبێت لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نەمێنن. ئەم کردەوەیە هێندە قێزەون بوون هیچ جیاوازیەکی نەبوو لە تاوانەکانی بەعس دوای چەندین ساڵیش کەسوکارو هاورێیانی حیزب بۆیان نەبوو بچنە سەر گڵکۆی هاورێیانی گیانبەختکردو. هەرکەس دەچووە سەر گۆڕەکانیان دەکەوتنە لێدان و ئازارو ئەشکەنجەو بەرەو زیندانی ئاسایشیان دەبردن، ئەمە کردەوەی ئەو حیزبە سۆسیال دیموکراتە بوو کە ئیدیعای دەکرد.

کردەوەی ناشرینی سەرانی یەکێتی و حیزبەکەی کردەوە دڕندەکانی بەعسی شاردەوە. بیرمە رۆژی ١٣/٧ واتە ڕۆژێک پیش روداوی ١٤/٧ لەکارەباکەو نزیک بارەگای کۆمیتەی سلێمانی حیزب خۆپیشاندانێک لەسەر گێچەکانی یەکێتی بەحیزب ئەنجامدرا کە گەیشتینە سەر شەقامی پشت کارەباکە ئاسایشی ڕزگاری بەعس ئاسا پەلاماریان داین و بە قۆناغە تفەنگ کەوتنە گیانی منال و پیرو گەنجەوە دواتر بە دەستڕێژی گولەیان داین بۆ بلاوە پێکردنمان و ترساندنمان دواتر خۆپیشاندەران گەرانەوە کۆمیتەی سلێمانی و چەکدارەکانی یەکێتیش دەوروبەری کۆمیتەی سلێمانیان داو گێچەڵیان بەهاورێیانی حیزب دەکرد، تا فرسەت بقۆزنەوەو لەگەڵیان بەشەڕ بێن وئەوانیش بکەونە کوشتن.

ئەم کردەوانە کردەوەی لەمێژینەی حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردن کە دژ بە نەیاران و مخالفینی سیاسی خۆیان چ لە شاخ و چ لەشار ئەنجامیانداوە کە خودی نەوشیروان مستەفا دەستی تاوانکاری گەورەی هەبوو لە قەتلوعام کردنی چەپ و کۆمۆنیستەکان وشیوعیەکاندا کە لە قڕناقاو پشت ئاشان لە ئایاری ساڵی ١٩٨٣دا هەر هەمان تاوان بەڕابەرایەتی نەوشیروان مستەفا ئەنجام دراو، تاوانێکی گەورە لەدژی شیوعیەکان ئەنجام درا کە لەمێژوودا تاوانکاری وا کەم بووە کە منال و ژنی دوو گیانی لە شاخەکانەوە بەردایە خوارەوە و منالەکانیانیان کوشتن. تاوانی قڕناقاو پشت ئاشان تاوانی ١٤/٧/٢٠٠٠ راستە بە ئەمری سەرکردایەتی ئەوسای یەکێتی بوو بەس ڕابەری ئەم تاوانانە بە ئەمری نەوشیروان مستەفا بوو، کە ئەمرۆ کەسانێک باسی لەوە دەکەن نەوشیروان باوکی هەژاران بوو کەچی لەوەتەی هەبووە ئەم کابرایە کوڕی هەژاری کوشتووە دایک وباوکی هەژاری جەرگ سوتاوکردوە.

ناسیونالیستی کوردو بزوتنەوەکەی لەوەتەی هەن موخالفینی خۆیان لەخوێن هەڵدەکیشن رۆژنامەنوس ورەخنەگران بەر فیشەک دەدەن. تاوانکاری حیزبەکانی کوردایەتی کەم نین هەر لە سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان کاوە گەرمیانی ویداد حسین و محمد حەلاق و هاورێکانی و نەزیر عومەرو دەیان تاوانکاری دیکە لەسەر دەستی هەردو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی ئەنجام دراون و هەر رۆژەو بەبیانویەک هێرشیان کردۆتە سەر موخالفینی سیاسی خۆیان. بەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقیان دەوت قانونی یەکسانی ژن پیاو قەدەغەیەو باسی ریفراندۆم، ئەمنی قەومی دەخاتە مەترسیەوە.

لەکاتێکدا خۆیان ئەمنیەتی ناوچەکەو خەڵکی کوردستانیان خستۆتە مەترسیەوە هەموو رۆژێک دەزگا سیخورەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە لە شارەکانی کوردستان تەراتێن دەکەن بنکەو بارەگایان بۆ کراوەتەوە. دیارە ئەمانە مەترسی نین بۆسەر ئەمنی قەومی بەس باسی یەکسانی ژن وپیاو ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری خەڵکی کوردستان ئەمنیەتی خەڵکی کوردستانی خستۆتە مەترسیەوە. بەداخەوە ١٨ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر تاوانکاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە پێنج کادرو ئینسانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازیان لەخوێن هەڵکێشاو تاوەکو ئێستا تاوانکاران دادگای نەکراون لەدادگایەکی عادلانەدا و نەوشیروان مستەفاش مردو بە سزای ئەم تاوانە گەورەی خۆی نەگەیشت و یەکێک لە تاوانکاری تاوانی هاورێیان لەژیاندا نەما، بەلام ئەم کەیسە زیندوە بکوژان و نەخشە داڕێژەری ئەم تاوانە دەبێت بەسزای تاوانەکانیان بگەن و هەرگیز لە خوێنی ئەم هاورێیانە بێدەنگ نابین و بەردەوام دەبین لەسەر ڕێبازی ئەم هاورێیانە و ئالاهەڵگری ڕێبازەکەیان دەبین.

یادیان بەرزوبەڕێزە شەرمەزاری و بۆ ئەنجامدەران و پیلان داڕێژەرانی ئەم تاوانە گەورەیە...





# چەند وشەیەک دەربارەی نووسەرانی کۆنەپەرست

# نووسەرانی کۆنەپەرست کێن؟

نووسینی: عەبدوڵا سلێمان"مەشخەڵ"

ئەم کورتە نووسینە تیشک دەخاتە سەر نووسەرانی کۆنەپەرست و جەوهەر و تایبەتمەندییەکانی ئەو نووسەرانەی کە نەک هەر ناتوانن ببنە چرای ڕۆشنکەرەوەی دونیای نووتەکی کۆمەڵگە، بەڵکو خۆشیان کار لە پێناو خامۆشکردنەوەی جوانییەکانی ژیان و کۆمەڵگە دەکەن. هەوڵ دەدات زۆر بە کورتی و بە ڕوونی جەوهەر و تایبەتمەندی ئەو توێژە کۆنسەرڤەتیڤە بناسێنێت و پۆرترەیتەکەی بنەخشێنێ.

سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە نووسین وەک کردارێکی فیکریی بریتییە لە گواستنەوەی بیروبۆچوون و باوەڕی نووسەر لە پانتایی بیرکردنەوەی کەسێکەوە (نووسەرەکە) بۆ بەرچاوی کەسێک یان گرووپێک یان کۆمەڵگە. نووسەر هەمیشە گوزارشت لە خۆی دەکات. واتە دەقی نووسین ڕەنگدانەوەی باوەڕی نووسەرەکەیە. دەمەوێ ئاماژەش بەوە بکەم کە مەبەستی ئەم کورتە نووسینە نووسەرانی بواری لقەکانی زانست و تەکنەلۆژیا ناگرێتەوە، بەڵکو ڕووی لە بوارەکانی سیاسەت و ئەدەب و هونەرە.

من وای دەبینم نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە بەرژەوەندییان لە مانەوەی دۆخ و هەلومەرجی چەقبەستووی ئێستایە. ئەوان دژی هەر ئاڵوگۆڕێکن کە ئاستی ژیانکردن بەرێتە سەر و کۆمەڵگەش هەنگاوێک بباتە پێشەوە. ئەوان دەیانەوێت پەیوەندییە ئابوورییە زاڵمەکان کە لەسەر کاری کرێگرتە وەستاوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە نائینسانییە(کە تەنها شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دەتوانێ ئەنجامی بدات) دژایەتی دەکەن. بۆیە دەبینین نووسەرانی کۆنەپەرست نەک هەر شۆڕشگێڕ نین، بەڵکو لە ناخ و نووسین و بیرکردنەوەیاندا دژە شۆڕش و تا سەرئێسک کۆنسەرڤەیتقن.

نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە بە عەقڵی ساویلکەیان، گاڵتەیان بە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی دێت. ئەوانەن بە پێکەنینەوە باس لە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم دەکەن. ئەوانەن لەگەڵ بەزاردا هاتنی وشەی مارکسیزم ژانەسەر دەیان گرێ. سەری زار و بنی زاریان چ بە قسە و چ بە نووسین دژایەتیکردنی مارکسیزم و پایەکانی ئەو جیهانبینییە چینایەتییە.

نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە دڵی ستەمکار ناشکێنن. ئەوانەن کە بە نووسینە بێتام و قێزەوەنەکانیان کۆتی کۆیلەتی خۆیان و خەڵکی ستەمدیدە توندتر دەکەنەوە. ئەوانەن کە باکیان بە ژیانی ئینسان نییە و باسکردنیشیان لە ئازادی، باسکردنە لە ئازادی بۆرژوازیی بۆ توندتۆڵکردنەوەی زنجیری دەست و پێی کرێکاران. ئەوان ئازادی لە ئازادی بۆرژوازیدا دەبیننەوە. ئەوان هێندە ئازادییان دەوێت کە نەبێتە مایەی ڕەنجاندنی دڵی ستەمکاران. ئەگینا لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنەیان بۆ ئازادی ئەوان جگە لە کارەکتەرێکی بێڕەونەقی بەردرێکانە پێبڕاو هیچی تر نین. ئازادی بەلای ئەوانەوە لاوانەوە و دەست لەپشتدانی ستەمکارانە لە توندوتۆڵکردنەوەی زنجیری دەست و پێی ئینسانە کۆیلەکانی کۆمەڵگە. هەر بۆیەش لەگەڵ هەر هاتنەمەیدانێکی خەڵک، ئەوان نەک باس لە ئازادی ناکەن، بەڵکو دێن باسی هۆنینەوەی ملوانکەی ملی حەبیبەکەیان و وەسفی دڵۆپە ئاوێکی سەرگەردان دەکەن.

نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە ئینسان شوێنی لێوە هەستانی نووسینەکانیان نییە. خۆ ئەگەر باسی ئینسان و بەهای ئینسانیش بکەن ئەوا لەو گۆشەنیگایەوە ئاماژەی پێدەدەن کە پەرە بە وەهم و ژێردەستەیی ئینسانەکان دەدەن، نەک ڕزگاری ئینسان لە ستەم و چەوسانەوە. لای نووسەرانی کۆنەپەرست بەهای نووسینەکانیان بە بەهای پارە پێوانە دەکرێ. نووسەرانی کۆنەپەرست بێ هەڵوێستترین نووسەرانێکن لەسەر کێشە مرۆییەکان. ئەمانە تەنها ئەوکاتە دێنە دەنگ کە پارەکانیان یان مەعاشەکانیان ببڕدرێ. بەدەر لەمە هیچ ڕوحییەتێکی بەرگریکارانەیان نییە و نووسینەکانیشیان هەرگیز خوێنەر بە ڕوحیەتی بەرگریکارانە و شۆڕشگێرانە پەروەردە ناکات. بەڵکو ئیش لەسەر میتۆدی دەستەمۆکردنی مرۆڤ دەکەن بۆ سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری. لای ئەوان کۆیلەتی و ژێردەستەیی ئینسانەکان بۆ سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری ئەبەدیی و ئەزەلییە و خۆشیان کارێکیان بەسەر ئەو سیستەمەوە نییە. ئەوان کۆیلەبوونی خۆیانیان قەبووڵە و تێدەکۆشن ئەو کۆیلەبوونە جوان و ڕەنگاوڕەنگ نیشان بدەن و بێدەربەستییەکەشیان لەوەدایە دژ بە ڕزگاری خۆیان دەجەنگن. نووسەرانی کۆنەپەرست، نووسەرانێکی بێدەنگن. کێشەی ئەوان کێشەی کۆمەڵگە نییە. خەم و خولیایان بریتییە لە دەستگرتن بە کڵاوەکانیانەوە. ئەم نووسەرانە بەهیچ جۆرێک لایەنگری لەهیچ ئاکسیۆن و مانگرتن و خۆپیشاندانێکی خەباتکارانەی جەماوەری ستەمدیدە و زەحمەتکێش ناکەن. ئەمانە ڕیفاهییەتی خۆیان لەبەهێزیی دەسەڵاتدا دەبینن، بۆیە هەر چالاکییەک دژ بە دەسەڵات، بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن و دژایەتی دەکەن.

کێشە گەورەکانی کۆمەڵگە، کێشەی نووسەرانی کۆنەپەرست نییە. ئەوان لەژێر ناوی جۆراوجۆر خۆیان لەو ئەرکە ئینسانییە دەدزنەوە. جارێک بە بیانووی ئەوەی دونیای نووسین و خەیاڵ نابێت تێکەڵ بە سیاسەت و حیزب بکرێ، جارێکی تر بە بیانووی نوخبەویەت و پێشرەویی و ناوی سەیر سەیرەوە کە بۆ خۆیان داتاشیوە، بەربەست بۆ خۆیان دروست دەکەن و هەوڵ دەدەن وا لە جەماوەر تێبگەیێنن کە ئەوان ئەرکی داهێنانیان لەسەر شانە و نابێ خۆیان بەم کارانەوە سەرقاڵ بکەن، یاخود بە بیانووی ئەوەی کاری سیاسی خاڵییە لە ئێستاتیکا و خەیاڵ، بۆیە ئەوان وا لە خەڵک دەگەیەنن کە لەو پانتاییە ناتوانن هەنگاو بنێن بۆ پێشەوە. ئەم نووسەرە کۆنسەرڤەیتیڤانە دێن دیوارێکی ئەستوور لەنێوان سیاسەت و خەڵک لەلایەک و پەردەیەکی تەنکیش لەنێوان خۆیان و سیاسەت لەلایەکی تر دروست دەکەن هەر بۆ ئەوەی خۆیان لەو ئەرکانە بدزنەوە کە کۆمەڵگە و ئینسانەکان و دۆخی پێشهاتوو دەیانخاتە دۆخی خەجاڵەتبارییەوە، کە لەڕاستیدا ئەوەی ئەنجامی دەدەن جگە لە خزمەتکردنی سیاسەتی بورژوازی هیچی تر نییە.

کۆنەپەرستبوونی نووسەران پەیوەندی بەوەوە نییە کە تا چ ئاستێک شارەزان لە بوارە جیاجیاکانی زمان و تەکنیک و مەعریفە بە گشتی یان هەر شارەزا نین. چونکە دەکرێ نووسەرێک خاڵی لە فکر و ئەندێشەی کۆنەپەرستی بێت و لەهەمان کاتیشدا نووسەرێکی قاڵبووەوەی نێو جیهانی مەعریفە و فەلسەفە و زمان و زانستە مرۆییەکان بێت، یانیش دەشێ کۆنەپەرست بێت. پێوەری کۆنەپەرستبوون تەنها و تەنها بە دنیابینی و ناسینی هێزەکانی نێو ململانێی چینایەتی کۆمەڵگەیە دەپێورێ و لەم ڕێگەیەشەوە پشتیوانی لەهێزی پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ دەبێتە ئایدێندیتی نووسینەکانی و بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە دەتوانێ خۆی بە پێشکەوتووخواز بزانێت.

ئەو نووسەرانەی لە سەنگەری ڕادیکاڵییەتەوە بە نووسین تێدەکۆشن و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی و هەوڵدانە لەپێناو ڕزگاری یەکجاری و گەیشتن بە دونیای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، ئەو نووسەرانەن کە دڵیان لەگەڵ ژانی ئینسانەکان و ستەمی سەر ژیانی ئینسانەکان بەتووندی لێدەدا. ئەوانەن کە ساتێک چییە ناتوانن سەرفرازی مرۆڤ لەبیر و هۆشیان کاڵ بکەنەوە. ئەوانەن نەک دەست بەکڵاوەوە ناگرن، بەڵکو چەشنی فریدریک گارسیا لۆرکا و نیکۆلای فابتزارۆڤ و ئامادەن گیانی خۆشیان لەپێناو ئازادی ئینسان بەخت بکەن. نووسەری ڕادیکاڵ و شۆڕشگێر ترس ناناسێ و پێچەوانەی نووسەرانی کۆنەپەرست کە هەموو ژیانیان ترسە لە شۆڕش لەپێناو گۆڕینی ژیان.

نووسەرانی کۆنەپەرست دێن ئیش لەسەر ئایکۆنەکانی کۆنەپەرستی و جەهالەت دەکەن، ئەوان زۆر جوان لە ئایدیۆلۆژی چینی باڵا دەست حاڵین و دێن لەم سۆنگەیەوە ئیش لەسەر برەودان بەو ئایدیۆلۆژیایە دەکەن، ئەوان چاک دەزانن بنەماکانی ئایدیۆلۆژی سیستەمی زاڵ، بۆرژوازییە و دێن ڕوکنەکانی ئەو سیستەمە پیرۆز دەکەن. ئەوان دێن لە ژێرناوی ئازادی و ئازادی تاک، بەرگری لە مۆلکایەتی تایبەتی دەکەن، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی (ئەم بەرژەوەندییە هیچ نییە جگە لە بەرژەوەندی سەرمایەداران)، بەرگری لە پۆخڵەواتترین کلتوور و ئادابی دواکەوتووانە دەکەن، دێن لەپێناو پاراستنی پیرۆزی، بەرگری لە ئایین و خورافەی ئایین دەکەن و دەستی بازرگانانی ئایین دەگرن و دەگووشن. دێن بەناوی شۆڕشگێڕێتییەوە، بەرگری لە ئیدەی خاک و نیشتمانی بۆرژوازی دەکەن. ئەوان ئیش لەسەر پیرۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێی میدیا گەمژەکەرەکانی دەسەڵاتەوە سوود لە نەخوێندەواری و نزمی ئاستی سیاسیی و مەعریفیی خەڵکی سادە وەردەگرن و ئەم خاڵە لاوازەی خەڵک بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەسەڵات دەقۆزنەوە. هەر بۆشە ئەو نووسەرە کۆنەپەرستانە هەمیشە و بە درێژایی مێژووی خەباتی چینایەتی نە لووتیان خوێنی لێ هاتووە و نە کەسێکیان لەبەرگری لە خەڵک تیا چووە و نە بەشداری کردەیی هیچ جووڵانەوەیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیان کردووە. ئەوان هەمیشە دەست لە پشتیان دراوە و پارە و ئیمکاناتی باشیان خراوەتە بەردەست و ژیانیان زامن کراوە و ریفاهیەتیان بۆ دەستەبەرکراوە تا بەرگری لە چینی زاڵمی نێو کۆمەڵگە بکەن. لەکاتێکدا نووسەرانی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ هەمیشە و بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و هەیە لە بزاوتە شۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵگە و بەرگری سەرسەختی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕزگاری یەکجارەکی مرۆڤن لە ستەم چەوسانەوە. نووسەرانی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ لەبری ڕەفاهییەت، هیچ کۆمەکێک ناکرێن و سەرباری ئەمەش لەلایەن بورژوازی و سەمایەداران و دار و دەستەکانیانەوە، هەوڵ دەدرێ ئەم نووسەرانە ناویان بزڕێ و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شەخسییەتی مەعنەویان لەکەدار بکرێ و دەیان ناو و ناتۆرەی ناشایستەیان بۆ هەڵدەبەستن و زۆربەی جاریش دەستگیریان دەکەن و زیندانیکردن دەبێتە چارەنووسیان و لەهەندێ حاڵەتیشدا تیرۆر دەکرێن و تەسفیەی جەستەیی دەکرێن.

لە کوردستانیش نووسەرانی کۆنەپەرست هەروەک مانگی چواردەی شەوانی هاوین بە ئاسمانی نووسینەوە دیارن. ئەوانەن لە بەرامبەر ملهوڕییەکانی حیزبیە کوردییەکان بێدەنگن، ئەوانەن بە کوشتنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان نقەیان لێوە نایەت، ئەوانەن لەئاست هێرشە بەربەرییەکانی حکومەتی حیزبە کوردییەکان باکیان بە ژیانی خەڵکی هەژار و ستەمدیدە نییە، ئەوانەن هەرگیز دژ بە جەنگ و شەڕ و ماڵوێرانی هەڵوێستیان نەبووە و قەتیش دژ بە سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی گەورەکانیان فزەیان لێوە نەهاتووە و نایەت، ئەوانەن کە چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هیچ جێگایەکیان لە ئیعرابی نووسینەکانیاندا نییە. بەڵێ ئەوانەی زمان لووس و سەفسەتەباز و قسەی باق و بریق کەر و خۆڵکەرە چاوی خەڵکن و خۆیان بە نوخبە و پێشڕەو و داهێنەر و خاوەن ستایڵی تایبەت بە نووسین دەزانن، سەرقافلەی کۆنەپەرستیی و دواکەوتوویین، کە پێی بزانن یان نا، خزمەت بە توندوتۆڵکردنەوەی زنجیرەکانی دەست و پێی ئینسانی بەشمەینەتی کوردستان دەکەن. نووسەرانی کۆنەپەرست لە کوردستان ئەوانەن کە هەریەک چەندین تایتڵ و چەندین مووچەیان هەبووە و هەر هەموویان خانوو و زەوییان لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کوردایەتی وەرگرتووە و بوونەتە توێژێکی چاو لە دەستی دەسەڵات و زۆربەشیان بەپلەی سەربازی بەرز هەر لەلایەن ئەو دەسەڵاتە کوردایەتییە کۆنسەرڤەیتیڤەوە خانەنشین کراون.

لە کۆتایدا شەرمهێنەرترین توێژی کۆمەڵگە ئەو نووسەرە جەهل پەرستانەن کە پشتیوانی لە دەسەڵاتێکی ملهوڕ و دڕندە و چەوسێنەر دەکەن، توێژێک کە بەقەد ستەمکار و چەوسێنەری زاڵم، بەرپرسیارن لە دۆخە نەخوازراوەکانی ژیانی ئینسانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم توێژە کۆنسەرڤەیتیڤە کاریان درۆکردن و چەواشەکردنی ئینسانەکان و شاردنەوەی ڕاستییەکانە لە لایەک و دوورکەوتنەوە و بانگهێشتکردن بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵک لە هێڵە سوورەکانی دەسەڵات. ئەمەش بە دەوری خۆی ڕۆڵ دەگێڕێ لە هێنانە ئاراوەی شێوازێکی گونجا و دڵخواز بۆ زەمینەسازکردن لەپێناو بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی دەسەڵات و گەیشتن بە مەرامە دژە ئینسانییەکانی.

## نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ تا نیوەی یەکەمی ٢٠١٧



# سەمای ژنان مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران!

## نوسین هەتاو عەبدولاهی

دوای هاتنە سەرکاری رژیمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، بزوتنەوەی ژنان لە ئێران ستراتیژی تازەی بۆ بەرێوەبردن و هێنانەئارای داخوازیەکانی گرتەبەر. ئیستراتیژیەک کە توانی سیمایەکی روونتر بۆ پیداچونەوە بە شێوەی رێکخستنی بزوتنەوەی ژنان و ویست و داخوازیی بەرحەقیان دەربخات و ئەم بزوتنەوە بە هەموو ویست و داخوازیەکانی لەسەرەتای هاتنە سەرکاری حکومەتی دژە مرۆڤی ئیسلامی ئێران تا بە هەنووکەش لە شێوە و و شکڵی جۆراو وجۆر و جیاوازدا و بە هەر بیانوویەک کە بۆی لوابێ دێتە مەیدانی کایەی سیاسی و بە هەموو کۆسپ و تەگەرەکانەوە راستەوخۆ یاسای بنەرەتی ئیڕان کە سەرچاوەگرتوو لە ئایینی دژە ژنی ئیسلامە دەکاتە ئامانجی خۆی و پایەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ لەرزۆکتر دەکات. بزوتنەوەی ژنان لە ئێران نەتەنیا وەک ماهیەتی چینایەتی و داخوازیی هاوچینەکانی بەڵکو و وەک هاواری رەگەزێک کە حکومەتی ئێران هەر لەسەرەتای بە لارێدابردنی شۆڕش ژنانی کردە قوربانی دەسەڵاتە دژە ئینسانیەکەی، بۆ یەک چرکەش لە خەبات نەوەستاوە و بە هەموو کەم و کۆریەکانی هیشتاکەش هەر لەسەر پییە و رۆژ بە رۆژ لەگەڵ ڕەوتی روداوەکان خۆی ئابدەیت دەکاتەوە و بە داخوازیی رادیکاڵتر و ئینسانی تر دێتە مەیدانی کایەی سیاسیەوە. بزوتنەوەیەک کە سەرەرای هەموو گرتن و کوشتن و بڕینێک لە هەر مەقتەعیکی زەمەنی هاوچینەکانی بەجێ ناهیڵێ و شان بەشانی توێژەکانی تری کۆمەڵگە لە هەموو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە ریزی پێشەوەی خەبات دژ بەو رژیمە دایە. ئەگەر چاوخشاندنێکمان هەبێ بە بارودۆخی ژنان لە ئێران دەبینین لەسایە سەری یاسای بنەرەتی ئێران و حکومەتی ئیسلامی، ژنان لەگەڵ پیاوان مافی یەکسانیان نییە و ژنان تەنانەت لە کۆمەڵگەش دەکەونە پەراوێزەوە و هەموو ئازادیە ئینسانییەکانیان لێ زەوت دەکرێ. ژنان لە ئیران لە سەرەتای لە دایک بوونیان تا کاتی مردن لە گەل توندوتیژی و هەلاواردنی رەگەزی بەرەوروون. ژنان رۆژانە لە کۆمەڵگەی ئێران لەلایەن رەگەزی بەرامبەریانەوە کە ئەوانیش قوربانی ئەو سیستەمن دەکەونە بەر دەستریژی و سوکایەتی، ئەو هەڵس و کەوتە دژە ئینسانییە میوانی سات بە ساتی ژنان لەو ولاتەیە. ژنان بە سەدان کۆسپی وەک هەلاوارن و کلیشەی جنسیەتی و جیاکاری رەگەزی و بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکان لە زانکۆکان و کەوتنە پەراویزیان و سەرەرای هەموو کیشەکان و کلتوری رزیوی ئیسلامی کە لە ناو بنەماڵەکان رۆژ بە رۆژ بەرهەم دەهێنرێ، خوێندن تەواو دەکەن و دەچنە بازاری کارەوە، بۆ ئەوەی لە بواری ئابوری سەربەست بن. ئازار و ئەشکەنجەی روحی و جەستەیی ئەوەندە ئاشکرایە کە زۆر جار ژنان بەو ئازارە رادێن و دەیکەن بە بەشێک لە ژیانیان و ئاسەوارە دەرونییەکانی رۆژ بە رۆژ زیاتر ژنان ئازار دەدا. ژن بوون لە ئێران واتە قبوڵکردنی ئەوەی کە دەسەلات و کۆمەلگە ئەوان وەک رەگەزی دووهەمی کۆمەلگە و ئەبزاری زاوزێ پێناسە دەکات و هەموو ئازادیەکانی دەبێ لە ژێر چاوەدێری رەگەزی بەرامبەریان دابێ. توندوتیژی لە کۆمەلگەی ئێران ئەوەندە بەرچاوە کە ژنان هیچ ئەمنیەتیەکیان گیانی وماڵیان نییە و زۆر جار بۆ خۆدەربازکردن لەو بارودۆخە خۆیان دەخەنە کونجی ماڵەوە، بەلام ئەوان لە ناو ماڵەوەش دەکەونە بەر توندوتیژی لەرادەبەدەر و دەچەوسێنەوە و بنەماڵە و چوارچێوەی ماڵ بۆتە مەترسیدارترین ئۆرگانی سەرکوتی ئەو سیستەمە دژە ئینسانیە. ئەگەر بمانەوێ باس لە کیشە و گرفتەکانی ژنان لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی بکەین لەوانەیە بە دەیان بابەتی لەو جۆرە تەواو نەبێ، بەلام ئەوەی کە مەبەستی ئەم بابەتەیە باس کردن لە تابۆ و ژن بوون لە ناو ئەو سیستەمە دایە، کە هەموە ئازادی و خۆشی ژنان لەودا مەترسیە بۆ سەر پایەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران. ماوەیەک لە مەو بەر کچێک بە ناوی مائیدە هەژیری بە تاوانی سەماکردن لە تۆڕی کۆمەلایەتی ئەنیستاگرام کە کانالێکی تاکەکەسیە و کەس بۆی نییە تەداخولی بکات لەلایەن دەستگای سەرکوتی ئیسلامیەوە دەست بە سەرکراو لە راگەیاندنە چەواشەکارەکانی ئەو حکومەتە بە زۆرەملێ گرتەی ویدیۆیی لێگیراو و لە ژێر ناوی دان پیدانان قسەکانی بڵاوکرایەوە. ئەو هەڵس و کەوتەی دەستگای ئەمنیەتی و میدیاکانی کۆماری دژە ژنی ئێران دژە کردەوەی چالاکانی مەدەنی ناوخۆ و دەرەوەی ولاتی لێ کەوتەوە و تەنانەت بۆ دژە کردەوە بەو کارە قیزەونە کەمپەینی سەما کەوتە گەڕ و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی گرتە ویدیۆیەکانی خۆیان کە تێدا سەما دەکەن وئەو پەیامە بە دەسەلاتدارانی ئێران دەدەن کە هیچ دەسەلات و هێزێکی سەرکوت ناتوانێ سەما و خۆشی و شادی لە مرۆڤەکان بستێنێ و بیانخاتە بەندیخانەوە و کردەوەی دەستگای سەرکوت و میدیاکانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی مائیدە هەژیری مەحکوم دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان وپیاوانی ئازادیخواز لە تۆرە کۆمەلایەتیەکان بەدانانی گرتەی ویدیۆیی خۆیان کە مژولی سەماکردنن پشتگیری خۆیان لە مائدە و مائدەکانی ئێران دەربڕی و ئەم کەمپەینە رۆژ بە دوای رۆژ خەریکە پەرە دەستێنێ و ئەو پەیامەی بۆ سەرانی حکومەت پێیە کە ئەوان لە گرتن و ئەشکەنجە ناترسێن و حکومەت ناتوانێ کەرامەتی ئینسانی مرۆڤەکان چیتر پێخوست بکات و بە تاوانی شادی بیانخاتە کونجی زینداوە. گیران و بلاوکردنەوەی گرتەی ویدیۆیی لەژێر ناوی دان پیدانانی مائیدە بە تاوانی کردەوەیەک کە لە هیچ یاسا و قانون و ولاتێک تاوان نییە، ئامانجی تری لە پشت بوو چونکە هاوکاتە لەگەڵ خۆپێشاندانی خەڵک و بێزاری خەڵک لە بارودۆخی ئابووی ئێران، رژیم دەیهەوێ لە رێگای بلاوکردنەوەی ئەو جۆرە گرتە ویدیۆییانە خەڵک لە کیشەی سەرەکی واتە نەبوونی نان و برسێتی دوور بخاتەوە و ئەوان بە پرسی لاوەکی سەرقاڵ بکات. هەواڵی دەست بەسەربوونی مائیدە ئەوەندە سەرسورهێنەر بوو کە لە زۆربەی راگەیاندە جیهانییەکان لەوانە رۆژنامەی تایمز و گاردیەن و ئیندی پێندێت بڵاوکرایەوە و لە هەموو جیهان دژە کردەوە بەو هەڵسوکەوتەی کۆماری ئیسلامی نیشان درا، چونکە سەماکردن و خۆشی لە هیچ شوێنێکی دنیا وەک تاوان حیسابی بۆ نەکراوە و ئەو هەواڵە سەرسورمانێکی نێونەتەوەیی بە دواوە بوو. مائدە هەژیری بە تاوانی سەماکردن لە تۆڕی کۆمەلایەتی تاکەکەسی خۆی داوای دەسبەسەرکردنی دەکرێ، بەڵام وەزیری کابینەی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکات دەست بەسەرکردنی دز و جەردە و گەندەلانی ئابووری ئێران کە بوونی هۆکاری کیشە و برسێتی خەڵک لەو ولاتە، کارێکی شیاو نییە چونکە ئارامی بازاری کار تێک دەدات. هەڵبەت گیران و دەست بەسەربوونی مائدە لەناو ئەو سیستەمە دژە ژنە شتێکی دوور لە چاوەروانی نییە. لە ناو ولاتێکدا کە ژنان بە تاوانی هاتنەوە دەر لەماڵەوە بە پلان و بەرنامەی سەرانی حکومەتی و لەلایەن مۆرەکانی رژیم و دەسگای سەرکوت تیزابیان پێدا دەکرێ، لە ناو حکومەتێک دا ژن بوون تاوانە و جەستەی کچێکی نۆ سالان ئامادەی سێکسە و هەر پیاوێک لەژێر ناوی مارەکردن دەتوانێ بە ئاشکرا دەستریژی بکاتە سەر منالێک، لە ناو ولاتێک کە دەسگای بنەرەتیەکەی بە ئاشکرا سزای بەردباران و کوشتنی ژنانی ئاسایی و یاسایی دەکاتەوە، لە ناو ولاتێکدا ژن مافی شارۆمەدنی لە رێگای یاساوە لێ زەوت کراوە و لە مافی سەرپەرەشتی منالی خۆی بێبەشە و بە دەیان یاسا بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی ژنان هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری پەسند کراوە، ناکرێ چاوەروانی لەوە زیاترمان بێ، بەڵام حکومەتی ئێران و دام و دەسگا سەرکوتگەرەکانی باش بزانن ژنان لە ئێران ساڵهایە لە هیچ کوشتن و بڕینێک ناترسن و کۆڵ نادەن و هاواری مائیدەکان بە گوێی جیهانیان دەگەیەنن. ئەرکی سەرشانی چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و ئازادیخوازان ئەوەیە دەنگی مائیدە و ژنانی ئێران بن و پشتگیری خۆیان لە بزوتنەوە ژنان و هەموو کەمپەینە بەرحەقەکانی لە ئێران رابگەیەنن و دەنگی ئەو چینەی کۆمەڵگە بن. لە کۆتاییدا دەبێ بلێین تا کاتێک ئەو حکومەتە لەسەر کار بێ دەبێ چاوەروانی لەوە خراپتریش بین و ئازادی و سەربەست بوون و نەمانی توندوتیژی بە دژی ژنان لە ئێران پەیوەستە بە لە ناوچوونی حکومەتی ئیسلامی ئێران و نەمانی هەموو ئەو ناعەداڵەتیانە. بۆیە توێژێ ژنان و بزوتنەوەی ژنان دەبێ هاوتەریب بێ لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و شان بەشانی یەک بۆ نەمانی ئەو سیستمە گەندەڵە هەوڵ بدەن...



# ئایا کرۆکی کێشەکە هەر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمە یان کۆی سیستەمەکەیە...؟!

## نووسینی: موزەفەر عەبدوڵا



دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە چەندین ساڵ بوو مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد، و ببووە ڕوگەیەکیش بۆ بەشێکی سەرەکی لە باڵەکانی ناو بزوتنەوەی ناسیونالیزم بە گشتی، بەڵام لەهەمان کاتدا ماکی ناکۆکی و دژایەتیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، بە حوکمی پوچی ناوەڕۆکی سەرجەم بزوتنەوەکەو دەسەڵاتەکەیان.
ئەگەرچی لەسەرەتای دامەزراندنی و دەسبەکاربوونی قۆناغی یەکەمی سەرۆکایەتی بارزانییەوە کەمێک بێ دەردی سەر بۆی چووە سەر، بەڵام بەهۆی ناوەرۆک پوچی خودی بزوتنەوەکەو دەسەڵاتەکەیانەوە کە ماکی کێشەو قەیرانی بێچارەی هەڵگرتوە، هەر بۆیە بەر لە جێگیربونی تەواوی دەسەڵاتەکەیان توشی کێشەو ململانی بون لەسەر ئەم دامەزراوەیە وەک هەموو دامەزراوەو جومگەکانی تری دەسەڵاتەکەیان. تەنانەت لە چەند ساڵی رابردودا ئەم کێشەیە باڵی کێشابوو بەسەر هەموو کیشەو گیروگرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکان و نارەزایەتییە جەماوەریەکانیش لە دژیان و بوونە قوربانی ئامانجدارانەی دوو لای ئەم کێبڕکیی یە.
هەردوو لایان هەوڵیان دەدا ئەم نارەزایەتییە ئازادیخوازانە جەماوەریە بۆ مەبەستی خۆیان لەدەوری ئەم پرس و کێشەیە چەق پێببەستن تا لایەکیان لەم سەنگەرەوە پاشەکشە بە لایەکەی تریان بکات.
ئەوەبوو دواجار لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی چەند جارەی سەرۆکایەتی بارزانی پەرلەمان بووە گۆڕەپانی شەڕو پێکدادان، و سەرۆکی پەرلەمان کە گۆران بوو، لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانیان، بە هێزی چەک شاربەدەر کران و ئێستاشی لەگەڵ بێت ڕیگایان بە سەرۆکەکەی نەدا ڕووبکاتەوە بەناو پەرلەمانداو دەستیان پێ لە کار کێشایەوە. ئەمەش بووە قوڵبوونەوەی قەیرانە هەمە لایەنەکانیان و تەنانەت وێرانکردنی ناو ماڵی کوردایەتیەکەیان لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیش.
باشترین بەڵگەش شڕووڕی دۆخی ئێستایانە لە بەغدا کە هەر یەکەیان ئامادەن لەگەڵ دوژمنە سەر سەختە قەومی و تایەفییەکان یەکبگرن لە دژی یەکتر، بەڵام لەم ڕۆژانەی هەفتەی رابردودا لە پرۆژە یاسایەکدا کە گۆڕان پێشنیاری کردەوە بۆ بەردەم پەرلەمانەکەیان بە زۆرایەتی دەنگ بڕیاری هەڵپەرساردنی- تعلیق- ئەم دامەزراوەو پۆستەیان داوە. بەمەش جارێکی تر گۆڕان دەستیکردەوە بە زورناژەنین وشایی و هەڵپەرکێ وەک ئەوەی هەموو کیشەو گیروگرفتەکانی خەڵکیان چارەسەر کردبێت و کردویانە بە جێگای پرسوڕایەکی گەرم.
تێۆردانەران و ڕاڤەکاران و نووسەران و ڕۆشنبیرانیان دەستیان داوەتە بانگەشەو هاندان و خۆیان سەرگەرم کردوە بە ئومیدی ئەوەی هەم پارسەنگی خۆیان لە هاوکێشە دۆراوەکانیان هاوسەنگ بکەنەوە و هەم قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆیان خامۆش کەنەوە. هاوکاتیش دەیانەوێت جارێکی تر جڵەوی نارەزایەتی قوڵی جەماوەر، کە ڕووی لەهەموو دەسەڵاتەکەیانە بە گۆڕانیشەوە، بگرنەوە دەست بۆ بەهێزکردنەوەی کێشی خۆیان، بە تایبەتی وەک کارتێک بەکاری بێنن بۆ دەسکەوتی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوی بەناو پەرلەمانی کوردستان.
جا پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ئەم بەناو دامەزراوەیەی سەرۆکایەتی هەرێمە کە وا کردویانە بەم کێشەو گیروگرفتە گەورەیەی نێوان خۆیان و دەیانەوێت خەڵکیشی پێ سەرگەرم بکەنەوە سەرچاوەی سەرەکی هەمو کێشەو گیروگرفەکانە...؟!
لە وەڵامێکی زۆر کورتدا پێویستە بڵێین نەخێر هەرگیز..! لێردا پێویستیش دەکات کەمێک وەڵامەکە ڕۆشن بکەینەوە.
لە ڕاستیدا ئەم بەناو دامەزراوەیە نەک هەر سەرچاوەی سەرهەڵدانی هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی جەماوەری ستەمدیدەو بێمافکراو نین، بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ و جیاوازییەکانی ناو ماڵی کوردایەتی خۆشیان نین.
سەرچاوەو هۆکاری سەرەکی بۆ هەموو کیشەو گیروگرفتەکان کە بونەتە بێمافی ڕەهای خەڵک و تەنانەت بۆتە هۆی قەیران و پەرشوبڵاوی و لاوازی خودی سەرجەم دەسەڵاتەکەی خۆشیان لەناوەڕۆکی داکەوتویی و بێ ئاسۆیی جوڵانەوەکەیان وەک جوڵانەوەیەکی بۆرژوا قەومی وعەشیرەتی لەهەموو ڕوویەکی ئابوری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری شاراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی حزبەکانی ئەم بزوتنەوەیە لەهەلومەرجێکی جیهانی پڕ ئاڵوگۆڕو وەرچەرخان و پاشەوپاشە گەڕانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشدا دەسەڵاتیان گرتە دەست کە نەیان توانی دووساڵ تامی دەسەڵاتێکی یەکگرتوی بەهیز بکەن و توشی بنبەست بوون هەتا ئێستا.
بۆیە کۆی ئەم دەسەڵاتە هیچ کات نە دەتوانێت بێ کێشەو قەیران و شەڕو ئاژاوە بێت تا هەلومەرجێکی لەبارو ئارام بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەو پەیوەندییەکان و ڕێساویاساکانیان دەستەبەر بکات، نە دەتوانێت کەمترین ئەمن و ئاسایش و خزمەتگوزاری و ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانیش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی بەرهەمهینەر ڕەچاو بکات و دابین بکات لە کرێکاران و توێژە ستەمدیدەکان. ئەم دەسەڵاتە بەهەردوو باڵە سەرەکی و لاباڵەکانییەوە نە دەتوانیت باڵە لیبرالەکەو نە باڵە سۆشیال دیموکراتەکەی ڕۆژئاوا بێت تا لە سایەیاندا ڕیساو یاساو نەریتە ڕەسەنەکانی پەیوەندنی بەرهەمهینانی سەرمایەو کەڵەکەی سەرمایەو سود وقازانج کاری خۆی بکات.
هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە نابێت جارێکی تر ئەو جەماوەرە توشی خۆش خەیاڵی ببنەوە بەو شەڕو ململانێیەی کە دەگوزەرێت لە نێوان پارتی و گۆڕان و هاوپەیمانەکانی لەسەر دەزگای سەرۆکایەتی و هەڵپەساردنی، و تەنانەت لابردنیشی.
هەرچەند دەورانێک بە کردەوە جەماوەر توشی خۆشخەیاڵی هاتن و نارەزایەتییەکانیان بووە قوربانی نێوان ململانێی ئەم باڵانەی دەسەڵات، بە تایبەتی لەدوای نارەزایەتییەکانی شوباتی ٢٠١١ وە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوای ئەوەوە جەماوەر بە دروستی نیشانی لێیان گرتوەو داوای وەلانان و کۆتایی پێهێنانی سەرجەم دەسەلایان دەکەن. هەڵبەت ئەمە هێشتا نیوەی دۆزینەوەی ڕێگاکەیە نیوەکەی تری لە گرەوەی دەستەبەرکرن و دابینکردنی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگیرانەی خودی جەماوەرییە بەرامبەر کۆی ئەم دەسەڵاتە بە ئۆپۆزیسیونەکەشییەوە.

# تاوانی یەکیتی نیشتمانی لەدژی خەڵکی کوردستان مەحکومە ئێمە ئەمێنینەوە، ئێوە ئەڕۆن!

کوشتنی بیشەرمانەی ٥ کومونیستی شورشگیری کوردستان بەدەستی جەلال تالەبانیو یەکیتی نیشتمانی، کوشتنی پینج ئینسانی پاكو شەریف کە ژیانی خویان نابووە پیناوی رزگاری بیبەشانو ئازادیو یەکسانیی ئینسانەکانو بەختەوەریی کومەلگای کوردســتان، ئیتر ئایندەی خەلکی کوردستانی لەگەل ئەم کونەپەرستانەدا بەیەکجاری روشن کردەوە. هەرەشەو دەستگیری کردنەکانو ئاوو کارەبا برینو شەقاوەچیتی کردنە راسترەوانەکانی تائیستای ئەم تاقمە، هیشتا زوری فەرقە لەگەل هیرشی چەکدارانە بوسەر نوسینگەی حیزبیکی سیاسی بەمەبەستی کوشتو کوشتارو ئار.بی.جی وەشاندن لە سەیارەی سەنتەری پاریزگاری ژنانو خەلتانی خوین کردنی سەرنشینەکانیو وەرگرتنی راسپاردەی ئینسان کوشتن لە تارانەوە. ئەم پەلەی نەنگە پاك نابیتەوە. هاوری‌یانی ئیمەیان بو کوشت؟ بگەرینەدواوەو چاویك لە "شکاتنامە"کەی چەند مانگ لەمەوبەری "دادگا"ی حکومەتە عەشیرەتی- لومپنی‌یەکەی تالەبانی لەدژی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق بکەن. بەخەتی رەش لەسەر سپی نووسیویانە تاوانی ئیمە ئەوەیە کە بانگەشە بو یەکسانیی ژنو پیاو ئەکەین، کە لەبەرامبەر تیروریزمی ئیسلامی‌و عەشیرەتی‌دا دیفاع لە ژنان ئەکەین، کە بانگەوازی خەلك ئەکەین بو دیفاع لە حیزب، کە لەبەرامبەر رەوتە کونەپەرستە ئیسلامیەکان راوەستاوینو لەدژی بەئیسلامی کردنی کومەلگای کوردستانو زالکردنی موتەکەی رەشی دین بەسەر ژیانی ملیونەها خەلکدا خەبات دەکەین، کە خوازیاری راگەیاندنی جیابوونەوەی کوردستانی عیراقو کوتایی هینان بە بی‌مافی‌و بی‌ناسنامەیی‌و بی‌ئایندەییەکین کە هاوشیوەکانی تالەبانی نزیکەی دەساله لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو دەولەتە کونەپەرستەکانی ناوچەکە بەسەر خەلکی کوردستانی عیراقیاندا سەپاندووە. تاوانی ئیمە ئەوەیە کە جەنابی تالەبانی‌و تایەفەکەی پولو تفەنگو مەئموریەتیکیان لە ئەملاوئەولاوە وەرگرتووە، تاوانی ئیمە ئەوەیە کە خەلکی کوردستان بەشایستەی شتیکی لەمە باشتر ئەزانین، تاوانی ئیمە ئەوەیە کە بووینەتە ئاستەنگ لەبەردەم راووروووتو فەرمانرەوایی کومەلیك سەروك عەشیرەتو چەتە لە کوردستانداو دەمانەوی خەلك خوی دەسەلاتدار بیتو چارەنووسی خوی بەدەستەوە بگریت.
تالەبانیو یەکیتی نیشتمانی یەکەمین کونەپەرستانیك نین کە لەدژی کومونیستەکان دەست بو چەك ئەبەن. یەکەمین کەسانیکی ساویلکە نین کە پی‌یان وایە بەزەبری چەك دەکری بەسەر کومونیزمدا زال بیت. حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق لەم شەرەدا خاراوتر دیتە دەرەوە. پەیوەندی ئیمە لەگەل خەلکی کوردستاندا لەجاران زیاتر توندوتول ئەبیت. ئەمانە بو سەدەمین جار گرەو لەسەر ئەسپی دوراو ئەکەن.
کەمیك لەولاتری نووکی‌دەماغی جەنابی تالەبانی‌و هاوریبازەکانیەوە، خەلکی کوردستانی ئیران خەریکن جمهوری ئیسلامی کە تالەبانی بو پی‌ماچ کردنی رویشتووە، دەکیشنە ژیرو ئالای کومونیزمو ئازادیخوازی‌و حیزبی کومونیستی کریکاریی هەلئەکەن. دەمەوی بزانم کاتیك بەزوویی جمهوری ئیسلامی رویشتو خەلکی هاتن، کاتیك شورش لە کوردستانی ئیران، جاریکی تر کوردستانی عیراقی کردە مەیدانی گەرموگورترین بزووتنەوەی ئازادیخوازانە، کاتیك هاوپەیمانانو مشتەری‌یەکانی تالەبانی لە تاران تارومار بوون، کاتیك ئالا سوورەکان سەرتاپای کوردستانی گرتەوە، جەنابی تالەبانی‌و ئەو کەسانەی کە بەفەرمانی ئەو پەنجەیان خستەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان لەدژی کومونیزمو رولە پاکەکانی ئەم خەلکە لەکوی خویان حەشار ئەدەنو پەنا بو کی ئەبەن.
کومونیزمی کریکاری بزووتنەوەیەکی فراوانە. تەنها بینایەیەك نییە لە سلیمانی. نورەی ئیمەو خەلکە. سەردەمی دەسەلاتی تایەفەکانو دارودەستە چەکدارەکانی سەربە دەولەتە جیاجیاکان بەسەر چووە.
بریاردەرو جیبەجیکەرانی کوشتنی هاوری‌یانی ئیمە دەبی دەسبەجی بناسینرینو لەپیشچاوی خەلکو لەلایەن دادگا خەلکی‌یەکانەوە دادگایی بکرین. یەکیتی نیشتمانی دەبی لە سیاسەتی کونەپەرستانەی هەرەشەو تەنگەبەری دروستکردن بو حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق دەست هەلگریت. خەلکی کوردستان، لەدژی ئەم تاوانانەو جیبەجیکەرانی بینە مەیدان. ئەم کونەپەرستانە لەجیگای خویان دابنینەوە. پەشیمانیان بکەنەوە. بینە ناو ریزەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریەوە.

**سلاو لە یادی پاکی ئەو کومونیستانەی کە بو بەرگری لە بیبەشانوبو ئازادی‌و سوسیالیزم**
**لە شەقامەکانی سلیمانیدا خەلتانی خوین کران!**
**نەنگو نەفرەت بو بریاردەرانو جیبەجیکەرانی ئەم تاوانە چەپەلە!**
**بژی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق!**

**منصور حکمت- ئەندامی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق**
**١٦ی جولای ٢٠٠٠**

# سیستەمی ئیسلامیی ئێران یاساکانی دژە مرۆڤایەتییە

## نووسینی: عبدالرحمن رسول



لەژێرسایەی سیستەمی ئیسلامیدا لەجیاتی دابینکردنی ماف و ئازادی، لە سێدارەدان وتیرۆر و ئەشکەنجە و ئازاردان هەیە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە جیاواز بیردەکەنەوە و خاوەن فکر و ئایدیایی جیاوازن، بۆ ئەو مرۆڤانەی ڕەخنە دەگرن و عەشقی ئازادی و بەرابەرین. چڵ ساڵە بەم جۆرە دەوڵەتداری دەکەن. ئیسلامییەکان کە جگە لە ئیسلامیی بوون وهیچی تریان قبوڵ نییە، بە زەبری کوشتن و سێدارە و زیندانیکردنی مخالیفەکانیان مەلاکان لە دەسەڵاتداریتی ماونەتەوە.

ڕژێمی ئیسلامی ئێران بە بەردەوام بوونی لەسێدارەدان دەوێت درێژە بەتەمەنی خۆی بدات، وێڕای ئەوەی لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە و ئازادیخواز ویەکسانیخواز و ڕێکخراو و ناوەندە ناوچەیی و جیهانییەکانی تایبەتمەند بە داکۆکیکردن لەماف وسەربەستی و ئازادی مرۆڤەکان بە بەردەوامی ئاگادار دەکرێتەوە و داوای لێدەکرێ کە دەست هەڵبگرێت لەجێبەجێکردنی یاسای دژە بەشەری لە سێدارەدان. ساڵانە و مانگانەو بگرە ڕۆژانە بەچەندەهای نامەی دواکاری بۆ ڕاگرتنی لەسێدارەدان ئاراستەی بەرپرسانی سیستەمی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکرێ. لە مانگی پوشپەڕی ٢٧١٨ بەرامبەر تەمموزی ٢٠١٨ زیاتر لە٦٠ پارێزەری ئێرانی لە نامەیەکدا داوایان لە خامەنی کردووە کە واز لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی بهێنێت و حکومەکەی هەڵوەشێنێت. هەروەها زیاتر لە دوو هەزار چالاکوانی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ، بە واژۆکردنی نامەیەک داوایانکرد، کە سزای لە سێدارەی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانیی سیاسیی کورد بوەستێندرێت.

لەبەرئەوەی سیستەمی ئیسلامی سیستەمێکی کۆنەپەرست و دواکەوتوو و دژە ئینسانییە گوێ لە کەس ناگرێت. لە ڕابردووشدا ژمارەیەک لە زیندانیانی بەشداربوو لەمانگرتنێکی ١٢ کەسیدا لەناویاندا زانیار و لوقمان موڕادی، دوای سێ ڕۆژ مانگرتن لەخواردن دە کەس لەبەشداربووانی مانگرتنەکە کۆتاییدێنن بەمانگرتنەکەیان، بەڵام زانیار و لوقمان موڕادی لەدژی سیاسەتی لەسێدارەدان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەسەر پەروەندەکانیان و بارودۆخی دژواری ناو زیندان و دانانی پارازێت بڕیاریاندا هەر بەردەوامبن لەمانگرتن لەخواردن.

شایانی ئاماژە پێکردنە دوای لەسێدارەدانی دوو زیندانی سیاسی کورد حەبیبوڵڵا گوڵپەری پور و ڕەزا ئیسماعیلی و ١٦ گیراوی بەلوچ لە ٢٦ی ئۆکتۆبەر و لەسێدارەدانی زیندانی سیاسی کورد شێرکۆ مەعارفی و چوار گیراوی سیاسی عەرەب لە 4 ی نۆڤێمبەری ٢٠١٧، ئێستا 24 زیندانی سیاسی کورد لەناویاندا زانیار و لوقمان موڕادی هەڕەشەی لەسێدارەدانیان لەسەرە. کەمپینی دیفاع لە لوقمان و زانیار بەرێکرا چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامدا لە ئیمزا کۆکردنەوە هەتا خۆپیشاندان و نارەزایەتی و میتنگ وسیمینارات، بەڵام بەرپرسە باڵاکانی ئەم سیستەمە بۆگەنە گوێیان لەکەس نەگرت و گوێ لەکەس ناگرن کە داواکاری پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤەکانیان لێ بکات لەبەرئەوەی سیستەمی ئیسلامیی ئێران تەنها سەرکوت وقامچی و زیندان و تیرۆر و سێدارە و کوشتن دەناسێ هیچی تر ناناسێت.

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە گوێ لەکەس ناگرن خۆیان بەنوێنەرو نمایندەی خوا دەزانن، خۆیان پێ لەهەموو کەس پێ عەقڵتر و ژیرترە لەبەرئەوەی نوێنەری خوان، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە کە لە گەمژەیی و وەحشییەت ودواکەوتوویی و کۆنەپەرستی و دڕندەیی و ڕەجعیدا بوونە نوێنەری خواکەیان. ئەگەر سەیری یاسا و دەستووری کۆنەپەرستانەیان بکەین باشتر و ڕوونتر ئەوە دەردەکەوێت.

دەستووری ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران دەستوورێکی ئیسلامییە پشتی بە حوکم و دەقەکانی دینی ئیسلام بەستووە، هیچ بەند و یاسا و ماددەیەکی پێچەوانەی ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو ئایینی ئیسلامی کردۆتە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوە و درێژەپێدانی تەمەنی سیستەمی دەوڵەتدارییەکەی.

لەناو قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕابەر سەرچاوەی دەسەڵاتی ئێرانە، ڕابەڕ دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدراوە. لە ماددەی پێنچ (٥) ی قانوونی ئەساسی ئێراندا دەڵێ (نیزامی کۆماری ئیسلامیی نیزامێکە کە نوێنەرایەتی خوا دەکات لەسەر زەوی.) بەپێی ئەو چیرۆکە ئەفسانەیانەی کە خۆیان دەی نووسن و بڵاودەکەنەوە، واتە هەرخۆیان دەی پێوون و دەی بڕن. لە زەمانی خەیبەتی ئیمامی زەماندا کە ئیمامی زەمان نوێنەری خوایە لەسەر زەوی، وڵات لە ڕێگای کەسێکی عادل و دادپەروەرەوە بەڕێوەدەچێت، کە بەناوی وەلی ئەمر ناساندوویەتی. ئێستا ئەو وەلی ئەمرە خامەنییە. کە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی. هەرکەسێک دژایەتی ئەو ماددە دەستوورییە بکات بەپێی یاسا و قانوونی ئیسلامیی دەبێ لەسێدارە بدرێت.

هەروەها بەپێی ماددەی ١١٠ی ئەساسی دەستووری ئیسلامی ئێرانی، کە دەسەڵاتەکانی ڕابەری لە ناو دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامیی وکۆماری ئیسلامیی دیاری کردووە کە دەڵێ (ئەو ڕێبەرە بڕیار دەدات لەسەر سیاسەتە کولییەکانی نیزام، ئەوە ڕێبەرە حکومییە سەرۆک کۆمار ئیمزا دەکات، هەتا دەڵێ نیشانەکانی نیزامی و کێشوەری و دەوڵەتی هەموو ئەوانە ڕێبەر دەیدات. ئەوە ڕێبەرە سەرۆکی قەوەی قەزای دیاری دەکات) هەروەها لە ماددەی ١١٣ی ئەساسی دەستووردا دەڵێ (دوایی ڕێبەر سەرۆک کۆمار دووەمە) واتە ئەندامانی پەرلەمان کە خەڵکی ساویلکە و ناوشیار فریویان بە دەست دەخوات لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دا، کە مرۆڤ خۆیی نەخەڵەتێنێت و خۆیی لە بارودۆخەکە گێل نەکات دەنا زۆر باش دەزانێ کە ئەندامانی پەرلەمان بەقەد نووکە دەرزێک و کەمترێن شت هیچ جۆرە پەیوەندێکیان بە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵکەوە نییە، لەبەرئەوەی هیچیان بەدەست نییە بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و بەدیهێنانی ماف و ئازادی خەڵک یاخود لە دیاریکردنی نەخشە و دانانی پلان و بەرنامەی داهاتوویی کۆمەڵگە هیچ ڕۆڵ و کاریگەریان نییە و نابێت تەنها ئەوەندە نەبێت کەلەلایەن ڕێبەرەوە بەپاککراوی بەرنامە و نەخشەی داهاتوویان بۆ دەچێت. ئەندام پەرلەمانەکان تەنها ئەرکیان ئەوە دەست بەرز بکەنەوە هیچی تر هەروەک مەلای مزگەوتەکان کە چۆن وتاریان لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بۆ دەنووسرێت و ئەوان تەنها دەیخوێنەوە ناتوانن هیچ وتارێک و ڕستەیەک پێچەوانەی دەستوور و یاساکانی دەوڵەت بدەن، ئەندام پەرلەمانەکانیش بە هەمان جۆر و چەشنن.

کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ بەرەودواوە دەگەڕێندرێتەوە لەسایەی هەبوونی ئەم سیستەمە چەوسێنەرە بۆگەن ودژە ئینسانییە. ڕۆژانە تەنها دەبێ هەواڵی لەسێداران و کوشتنی گەنجان و لاوان بین لە میدیا ڕاگەیاندنەکاندا، بەدڵنیاییەوە هەتاوەکو سەری ئەم ئەدژیهایەش کەناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لەلایەن خەڵکی تێکۆشەری ناڕازی و ئازادیخواز و یەکسانیخواز وسیکۆلاری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پان نەکرێتەوە، بە دەست و مەچەکی گەنجان و لاوانی ئازا و تێکۆشەر ئاڵا و وێنەکانیان لەسەرجەم شار و شارۆچکە و دێهاتەکان نەهێندرێتە خوارەوەو نەخرێتە ژێر پێیەکانیان و تفبارانیان نەکرێ، ئەوان هەر بەردەوام دەبن لەسەر لەسێدارەدان و کوشتنی کۆڵبەرانی زەحمەتکێش.

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لەناوخۆی ئێرانەوە بڵاوکراونەتەوە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و ڕاگەیاندنەکاندا پشت ڕاستکراوەتەوە لەوانە لە ماڵپەڕی کوردستان وکورد دا بڵاوکراوەتەوە کە ڕێژیمی کۆنەپەرست و ڕەجعی ئیسلامیی ئێران ١١ بەندکراوی کوردی لەسێدارەدا. یەکشەممە١٧ی پووشپەڕی ١٣٩٧ | 07/07/2018حوکمی لەسێدارەدانی ٨ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی کرماشان کە بە تۆمەتی هێرش بۆسەر بینای مەجلیسی ئێران زیندانی کرابوون جێبەجێکرا، هەروەها بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێش، حوکمی ئێعدامی ٣ هاووڵاتیی کوردیان لە زیندانی ئەو شارە ڕاگەیاند.

بەپێی هەواڵی سەرچاوە نێوخۆییەکان، لە بەرەبەیانی ئەمڕۆ حوکمی ئێعدامی ٨ هاووڵاتیی کورد لە تاران لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە جێبەجێ کراوە. لە سێدارەدانی ئەو ٨ کەسە لە کاتێکدایە کە ڕۆژی ڕابردوو مووسا غەزەنفەر ئابادی، سەرۆکی دادگای شۆڕشی تاران بە ماڵپەڕی حکوومەتیی "تەسنیم"ی ڕاگەیاندبوو: "حوکمی ئێعدامی ٨ تیرۆریستی داعشی کە لە هێرش بۆسەر بینای مەجلیس و گۆڕی خومەینی ڕۆڵیان هەبووە، بە مەبەستی جێبەجێکردن ڕەوانەی دادستانی کراوە".ئەو ٨ کەسە کە سەرجەمیان خەڵکی پارێزگای کرماشانن، هیچ جۆرە پەیوەندێکیان ڕێکخراوی تیرۆریستی ئیسلامیی داعشەوە نەبوو، تەنها خەڵکی هاوڵاتین خەڵکی ناوچەکانیان زۆر باش دەیان ناسێ ئەوانیش بە ناوەکانی (سلێمان موزەفەری، تەمەن ٥٥ ساڵ، کوڕی ڕەحمان و خەڵکی ڕوانسەر، ئیسماعیل سۆفی، تەمەن ٣٣ ساڵ، کوڕی مەجید و خەڵکی سەرپێڵی زەهاو، ڕەحمان بێهرووزی، کوڕی کەریم و خەڵکی سەرپێڵی زەهاو، سەید ماجێد مورتەزایی کوڕی حوسێن و خەڵکی پاوە، سیرووس عەزیزی تەمەن ٣٢ ساڵ، کوڕی عەبدولخالق و خەڵکی پاوە، ئەیووب ئیسماعیلی، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی حوسێن و خەڵکی سەلاسی باوەجانی، خوسرەو ڕەمەزانی میرئەحمەدی کوڕێ کاک ئەحمەد تەمەن، ٤٢ ساڵ و عوسمان بێهرووزی، تەمەن ٢٩ ساڵ و برای ڕەحمان بێهرووزی خەڵکی سەرپێڵزەهاو) لە زیندانی کرماشان لەسێدارە دران.

بینای مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران لە کۆتایی هاوینی ساڵی ڕابردوو هێرشێکی کرایە سەر و لەو هێرشەدا ١٧ کەس لە خەڵکی ئاسایی کوژران و ٥٠ کەسی دیکەش بریندار بوون.

بە پێی ئاماری تۆمارکراوی سەرچاوە هەواڵدەرییەکان پاش ئەو ڕووداوە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە هاووڵاتییانی کورد لەو پێوەندییەدا دەسبەسەر کران. هەر لەو پێوەندییەدا و لە هەواڵێکی دیکەدا سەرلەبەیانی چوارشەممە ١٣ی پووشپەڕ، ٣هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "گوڵی حاجیپوور"، لە بەندی ژنان، "محەممەد ڕەوشەنی و شەهباز ئیبراهیمی" لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە سێدارە دران. ئەو ٣ هاووڵاتییە کوردە خەڵکی شارەکانی سەردەشت و ورمێ بوون، کە لە ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە ئێعدام کراون. میدیا و ڕاگەیاندنەکانی ڕەسمی و هێزی قەزاییی حکوومەتی ئیسلامیی، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە نیسبەت لەسێدارە دانی ئەو کەسانە بێدەنگیان هەڵبژاردووەو هیچ هەواڵێک لەو پێوەندییەدا بڵاو نەکراوەتەوە. لە سێدارەدانی بە کۆمەڵی گەنجان و لاوان لە ئێستادا بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو خەڵکیدایە، لەکاتێکدا لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان ناڕەزایەتی خەڵکی ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ بەرز تردەبێتەوە، ڕژێم دەیەوێ بە لەسێدارەدانی ئەم پۆلە لە گەنجان و لاوان بەخەڵک بڵێ هەتا تەمەنی ئەم جۆرە سیستەمە مابێت واز لە سەرکوت و زیندان و سێدارە ناهێنێت و وەڵامی خواست و داواکاری خەڵکیش ناداتەوە.

ڕاستییەکەش ئەوەیە، ئەوە ئاستی وشیاری خەڵکی ناڕازی ئێران و کوردستانە کەماوەی تەمەنی سیستەمی ئیسلامی دیاری دەکات، نەک بەرپرسانی باڵایی کۆماریی ئیسلامی ئێران ماوەی تەمەنی خۆیان بۆ خەڵک دیاری بکەن. هەروەک دەڵێن (کەجام پڕبوو لێی دەڕژێ) زوڵم و زۆری و نابەرابەری و چەوسانەوە و ئازار و ئەشکەنجەدانی خەڵکی ئێران و کوردستان زۆر لە ئاستی خۆی تێپەڕیووە لەجامەکە دەڕژێ و زۆریش ڕژاوە. کەواتە پێویستە خەڵکی ناڕازی سەرجەم شار و شارۆچکەکانی ئێران و کوردستان وشیاربن هەنگا و بەهەنگاو باشتر خۆیان ڕێکخراوبکەن، لە نێوان خەڵکی شارەکاندا تۆڕی پەیوەندی هەماهەنگی و هاوکاری و پشتیوانی بنیادبێن، کەسانی ئازادیخواز و سیکۆلار و یەکسانیخواز ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکان بکەن بۆئەوەی لە داهاتووی دوایی ڕوخانی ئەم ڕژێمە بۆگەن و فاشییە ئیسلامییە خەڵکی ئێران و کوردستان خۆیان دەسەڵات و سیستەمێکی سیکۆلار و ئازاد دابمەزرێنن کە ماف و ئازادییە بەبێ مەرج و شەرت بۆ هەمووان دابین بکات

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕی مزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "چۆن ئەم هەلە ڕەخسا تا ئەردۆغان ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە بەدەست بهێنێت؟...دەخوێننەوە**

چۆن ئەم هەلە ڕەخسا تا ئۆردوگان ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە بەدەست بێنێت...؟

سەرەنجام جارێکی تر ئۆردوگان و حزبەکەی دادوگەشەپێدان بە هاوپەیمانی حزبی قەومی تورکی لە هەردوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمانیدا لە دووهەفتەی ڕابردوودا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. چەند ڕۆژ لەمەوبەریش لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە بەشداری نوێنەرانی دەیان وڵات ئۆردوگان سوێندی یاسایی خواردو بە فەرمی بوەوە بە سەرۆک کۆمار، بەڵام بە دەسەڵاتێکی ڕەهاوە بۆ جێبەجێکرنی نەخشەو پلانەکانی.

لێرەوە ئیتر ئۆردوگان سەرۆک کۆمارێکی خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە، کەچی وا کەمتر نییە لە دەسەڵاتی ئیسلامی سوننەگەرای پاشایەتی سعودیەو دەسەڵاتی ئیسلامی شیعەگەرای ئێران بە ڕێبەری خامەنەئی، بەڵام ئەگەر جیاوازیەکی بەرچاو بەدی بکریت لەگەڵ ئەو دوو دەسەڵاتەی ئەواندا ئەوەیە کە ئۆدوگان لە یەک پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسی پەرلەمانی، بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتیداریتی هیپۆکراسی ئەو دوو دەوڵەتەدا، بۆتە خاوەنی ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە.

کەچی ئێستا نەیارانی ئۆردوگان لە ڕاست و چەپ و هەموو ئەوانەی بەشداری پرۆسەی هەردوو هەڵبژاردنیان کرد، دەنگی ناڕەزایەتیان بەرزکردۆتەوەو بە دیکتاتۆرو فرتوفیڵکەرو تەزویرچی و دەیان پروپاگەندەی تر تۆمەتباری دەکەن. وا نیشانی دەدەن کە سەرکەوتن و بەدەستهێانی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی ناشەرعی و نا یاساییە. هەمو بەڵگەکانیشیان ئەوەیە کە هەمواری زۆر بەندو بڕگەی دەستورو یاساکانی کردووە. کاتی هەڵبژاردنەکانی هێناوەتە پێشەوە بە قازانجی خۆی. ناوی هەڵبژاردنەکانیان ناوە بە هەڵبژاردنی داسەپاو و زۆرەملێ. ئەمانەو دەیان ڕەخنەو ناڕەزایەتی تر. ئەوە چەند هەفتەیە تا ئێستا هەڵبژاردن و ئاکامەکەی و مەراسیمی بوونەوەی بە سەرۆک کۆمار بە دەسەڵاتی ڕەهاوە، بونەتە هەواڵی گەرمی ڕاگەیاندنەکان و جێگای پرسو ڕای گشتی لە ئاستی و ناوەوەو دەرەوەی تورکیا.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و پرسیاری سەرەکیە لە پشتی هەموو ئەو ڕەخنەو ناڕەزایەتییانە کە هەیە لە دژی ئوردوگان ئەوەیە کە سەرەنجام چۆن ئەم هەلە ڕەخسا تا ئۆردوگان ئەم هەموو دەسەڵاتە بەدەست بێنێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وا پێویست دەکات بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین کە بوونە زەمینە خۆشکەری ئەم هەلە زێڕینە بۆ ئۆردوگان و حزبەکەی.

خاڵی یەکەم: بەر لەهەر شتێک هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە خودی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانییە کە هەمیشە دەرگای ئاوەڵایە، بەتایبەتی لە دەورانە قەیران گرتووەکانی ئابوری سەرمایەدا، تا ڕاسترەوترین ڕەوتی بۆرژوا قەومی ودینی و نیولیبرال فاشی بۆ پاراستنی سەرمایەو سیستەمە سیاسییەکەی سەرکەوێت.

بە پێچەوانەی بەڵگەو بەهانەو پڕوپاگەندەکانی نەیارانی ئۆردوگان لەناوەوەو دەرەوەی تورکیا وەک لە پیشەکیە کورتەکەدا ئاماژەمان پێکرد کە سەرکەوتنی ئۆردوگان و نمونەکانی تەنها لە ڕێگای سەرکوت و دەسبەسەراگرتنی کۆی دەزگاکانی دەوڵەت و هەمواركردنەوەی دەستورو یاساو پێش و پاش خستنی وادەی هەڵبژاردن و تەنانەت تەزیورو هەموو ئەمانەوە نییە. بێگومانە هەموو ئەمانەش ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام کرۆکی پرسەکە نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی و پاراستنی هەلومەرجی سەرمایەیە لە ڕوانگەو قەناعەتی زۆرایەتی سەرمایەدارانەوە.

باشرین بەڵگە بۆ ئەم ڕاوبۆچونە سەرکەوتنی گەورەترین فاشتە شەرانگێزەکانی پێش ئۆردوگانە لە هیتلرو مۆسۆلینییەوە بگرە تا دەگاتە ڕێگان و تاتشەرو دەبڵ بۆش و ترامپ کە نوێنەرایەتی ڕاسترین و فاشی ترین باڵی بۆرژوازی دەکەن. ئەمانە هەموویان هەر لە دەزگای پەرلەمان و هەڵبژاردنی دیموکراسی، جا با شیوازی دەسەڵاتی هەندێکیان سەرۆکایەتش نەبوبێت، بەڵام کارنامەو کارکردی دەسەڵاتەکانیان گەورەترین کارەساتی مرۆیی لە ئاستی جیهان بەدیهێناوە. باشە خۆ زۆرێک لەمانە دەستکاری دەستورو ڕێساو یاساو پێشخستنی وادەی هەڵبژاردنیشیان نەکردوە ئەی چۆن هەلیان بەدەست هێنا تا سەرکەون..! ئۆردوگان هەرچیەکی کردبێت پشت بە ڕێساو یاسا کردویێتی و بازی بەسەریاندا نەداوە بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە خودی دەستورو ڕێساویاساکان و دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراسی ئەو هەل و بۆشاییانەی تیایە کە گەمەی سیاسی تیا بکریت.

بۆیە بۆئەوەی بزانین چۆن ئەم هەل و دەرفەتە ڕەخساوە بۆ ئۆردوگان تا ببێتەوە بە سەرۆک کۆمارو زۆرێک لە دەستورو یاساکانیش هەموار بکات بە قازانجی خۆی دەبێت لەناو خودی سیستەمەکەدا بگەڕیین.

پرسەکە ئەوەیە کە شێوازو ناوەڕۆکی ئەم سیستەمە سیاسییە دیموکراسی –پەرلەمانی – فرە حزبی –فرە ڕەنگی– ئاوایە کە هەر کەس و حزب و لایەنێک تا ئەو جێگایەی بڕوای تەواوی بە پاراستنی پایە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی هەبێت کە لەسەر موڵکداری تایبەتی گەورەو پاراستنی سەرمایەو وەبەرهێنانەکەی وەستاوە ئەوە هەلی بۆ ڕەخساوەو دەڕەخسێت تا لە دەروازەی ئەم شێوازە لە هەڵبژاردنی دیموکراسی، جا پەرلەمانی بێت یان سەرۆکایەتی بێت ،دەسەڵات بگرێتە دەست.

خاڵی دوەم: بۆ ڕەخسان و بەدەسهێنانی ئەم هەلە هەروەها پەیوەستە بە خودی ئەم باڵ و ڕەوتەی بۆرژوا قەومی و ئیسلامییە کە پێشتر کەسانی وەک ئۆردوگان تا گەیشتە ئۆردوگان نوێنەرایەتی و ڕابەریان کردوەو توانیویانە، وەڵام بە پێداویستی و گیروگرفتەکانی بدەنەوە.

ئەم ڕەوتە لە دوو دەیەی ڕابردوە لە بۆتەی کێشەو ململانێ و قەیران و بنبەستی هەموو ڕەوتە بۆرژوا قەومییە هەرە ڕاسترەو میانەڕەوەکانەوە بە کۆمەڵێک بەرنامەی چاکسازی ئابوری و سیاسی و کەلتوری توانی خەڵکی لە گەورە سەرمایەداران و توێژیکی بەرینی لە وردە بەرهەمهێنەری وردە بۆرژواو ڕۆشنبیرەکانیان لەدەوری خۆی کۆکاتەوە وردە وردە بە پلیکانەکانی دەسەڵات سەرکەوێت. تەنانەت ئەم ڕەوتەی ئۆردوگان بۆ مەبەستی سیاسی و ئابوری خۆیان توانیان سەرسەختترین دوژمنی ناسیونالیستی خۆیان کە نزیک بە ٤٠ ساڵە چەکی هەڵگرتوە لە دژیان کە پەکەکە، باڵێکی لە دەوری خۆی کۆکاتەوەو ڕایان کێشێتە سەر مێزی گفتوگۆیەکی بێهودەو بێئاکام.

بۆ هیچ کەسێک شاراوە نییە کە قۆناغی یەکەم ئۆردوگان وحزبەکەی لە شارەکانی کوردستان بەهاوکاری باڵە شارییەکەی پەکەکە و دۆستەکانیان سەرکەوتن بۆ دەسەڵات. ئێستاش هاوکاری و هاوپەیمانی ئەو بەشە لە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی کوردستان کە بیروباوەڕو کەلتوری ئیسلامی زاڵەبەسەریاندا ڕۆڵی هەبوو لە سەرکەوتینیان.

خاڵی سێهەم: شکستی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لەسەراسەری تورکیا. بە تایبەتی خۆپیشاندانە گەورەکەی کە شاری ئەستەمبول و پارکی کزای ببووە گۆڕەپانی سوری ئەم خۆپیشاندانە کە تا ئاستی بەرزکردنەوەی دروشمی ڕاپەڕین و ڕوخانی دەسەڵاتی ئوردوگان چووە پێشەوە.

بێگومان ئەم شکستەش هۆکارێکی سەرەکی نەبوونی یەک ڕابەری جەسوری ڕادیکال و شۆڕشگێڕانە بوو.

ئەگەرچی ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستەکان و سەندیکا کرێکارییەکانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو تیایدا، بەڵام لە نەبوونی بەرنامەو ستراتیژو تاکتیکی کۆمۆنیستانەو ڕابەریکردنی جەماوەری نارازی هەنگاو بە هەنگاو ئاکامەکەی پاشەکشەو شکست بوو. بێگومان سەرکوتیش ڕۆڵی هەبوو لەم نێوەدا.

خالی چوارەم: ڕوداو و کێشەی کودەتا شکستخواردوەی دوو ساڵ لەمەوبەر بوو.

ئەم کودەتایە ڕەنگە زۆر کەس و لایەن لە چەپ و ڕاستەوە تا ئێستاش بە هەنگاویکی ئیجابی دابنێن ئەگەر سەرکەوتایە، بەڵام لە ڕوانگەی ئاسۆ و ئامانجی خەبات و ناڕەزایەتی رادکالانەی جەماوەرییەوە نە ئەم کودەتایەو نە هیچ کودەتایەک ناتوانێت سودمەند بێت. تەنانەت ئەگەر کودەتاکە سەریشی بگرتایە ئەوە بێگومان باڵێکی تری بۆرژوا قەومی و ئیسلامی فاشی هەر وەک ئۆردوگان دەهاتنە سەر دەسەڵات و هەر بە زیانی بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیەوە دەشکایەوە.

ئەگەری زۆریشی هەبوو تاقمی خزمەتی گولەن بهاتنایە سەر دەسەڵات لەگەڵ عەسکەر ئەو کات ئەوانیش کۆپییەکی تری ئوردوگان و حزبەکەی دەبوون.

خاڵی پێنجەم: نەبونی یەک حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی بەهێز کە بتوانێت هەموو ئەو ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی هەیە لە دژی ئوردوگان و سەرجەم حزبە قەومی و ئیسلامییەکان فاشییەکان ڕابەری بکات و بیکاتە خاوەنی یەک بەرنامەو ستراتیژی شۆڕشگێرانەی تا ڕادەی ڕاپەڕین و شۆڕش. ڕاستە لە تورکیا چەندین دەستەو ڕیکخراوی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی هەن و هاوکات هەزاران سەندیکاو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان و ژنان و...هتد هەن و بەردەوام لە ناڕەزایەتیدان، بەڵام ئەوە ونە ئەو ڕابەرییەیە.

وەک زۆر کەس بڕوای وایەو منیش هەر ڕام وایە کە نابێت کرێکاران و توێژە ستەمدیدەکان و بەرەی چەپ و کۆمۆنیستی بە تاکو بە کۆ هیچ خۆشخەیاڵییەکیان هەبێت تا لە ڕێگای پەرلەمان و حکومەتی هەڵبژێردراوی دیموکراسییەوە چاکسازی بە قازانجیان بکرێت. بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنانەی ڕۆژهەڵاتدا کە تورکیا تاکە سیستەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنە تیایاندا ئەگەرچی پڕە زۆر تەنگەریشە. ئیتر ئەوانەی وەک ئێران و عیراق و میسرو زۆر وڵاتی تر جگە لە گاڵتەجاری شتێکی تر نییە.

بە کورتی ئەمانەو زۆر خاڵی لاوەکی تریش کە دەکرێت ئاماژەیان پێ بدرێت کە بوونەتە هۆکار تا ئۆردوگان و حزبەکەی هەل بەدەسبێنێت و ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار بە دەسەڵاتێکی ڕەهاوە...

# کەئابەی 14ی ە7

## نووسینی: لاوژە جەواد

چەند ڕۆژێکە دڵم داگیراوە، لەناو ماڵەکەم دێم و دەچم، شتەکانم بیردەچێتەوە، نازانم خەریکی چیم و چیدەکەم، ناتوانم بڕۆمە دەرەوەو هەوایەک بگۆڕم، هێزێکی لا ئیرادی بەسەرمدا زاڵە، نە خواردنم بیرە نە دەتوانم بخەوم، لە فەیسبوکەوە شت دەنووسم پاش کەمێک دەیسڕمەوە، پۆست بڵاودەکەمەوەو دواتر لای دەبەم، سەعات سێی شەوەو لەناو ماڵەکەمدا دێم و دەچم، بیرم نییە بڕۆمە جێگای خەوم. لەملاشەوە جلیلی هاوڕێ و هاوسەرم ڕەنگی گۆڕاوەو توانای هیچی نییە، منداڵەکان قسەی لەگەڵ دەکەن گوێی لێیان نییە وەڵامیان بداتەوە، هەریەک لە زاویەکی قەنەفەوە لێی دانیشتوین کەس لەگەڵ کەس قسە ناکات! منداڵەکان هەست بەم حالەتەمان دەکەن و دەیانەوێت بماندوێنن، نیگەرانی و خەمخۆری بە دەموچاویان دیارە، بانگمان دەکەن و یاری دەهێننە پێشەوە بۆ ئەوەی یاری جۆراوجۆر بکەین، سەعاتێک دەتوانن سەرگەرممان بکەن، بەڵام کەسمان بەبیرو هۆش لەگەڵیان نین. بەبێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت لەڕوداوەکانی 15 ساڵ پێش ئێستا دەژیەین. فلاش باکەکان وازمان لێناهێنن هیزێک لەپشتی سەرمانەوە دەمانباتەوە ئەوکاتە. ناچارین بەکورتی بۆ دوو پەپولەکەمان تەوزیح بدەین کە خەتای ئەوان نییەو لەیەکتریش تورە نین، کارەساتێکە کە 15 ساڵ پێش ئێستا کە لەئەمڕۆدا بەسەرمان هاتوە وامان لیدەکات. دیارە ئەمە یەکەم جار نییەو ساڵانە لەم ڕۆژانەدا ئەم حالەتەمان بەسەر دێت، نەسەفەرکردن وە نە هاتنی هاوڕێیانمان بۆلامان لەم ساتەدا نەیتوانیوە دەمارەکانی پشتی سەرمان بخەوێنێت. لەوانەیە زۆر لەم هاوڕێیانەمان لەم ساتەدا هەمان حالەتیان هەبێت.

هەرچەندە ئێمە ئەم ئازارانەمان نەکردۆتە بەشێک لە ژیانمان و ژیان بەردەوامە، بەڵام لەگەڵمان دەژیەن و لە کۆڵەپشتیەکانمانن.

لە 14تەمووزی2000 من لەناو ڕوداوەکان نەبووم، لەبەرئەوەی دواین مانگی حامیلەییم بوو بە نیمای کوڕمەوە. من لە کۆیە لەماڵی باوکم بووم.

لە ناوەڕاستی مانگی شەش مەفرەزەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران دەگەڕێنەوە ناوچەکانی مەریوان، بۆ تەبلیغکردن، هەر ئەوکاتە بەهۆی بارودۆخی منەوە نەیانهێشت جلیل بڕوات، وتیان نابەرپرسانەیە لەم بارودۆخەی لاوژەدا جەلیل بنێرین بۆ ئەم کارە، بەدوای ئەوە باوکی جلیل زیندانی کرا لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە، باوکیان برد بۆ هەموو ناوچەو دێیەکانی مەریوان بۆئەوەی جلیل بدۆزێتەوەو دەستگیری بکەن، باوکێکی تەمەن 70 ساڵیان بەم کارە ناچارکرد. بەدوای ئەوە بڕیاردرا کە جلیل بۆی نییە لە مەقەر بچێتە دەرەوە، وە دەبێت کەسێک پەیدابکرێت لە ماڵێکی تر ئاگای لە لاوژە بێت، لەبەرئەوەی ماڵەکەی خۆمان ئەمنیەتی نییە دوور نییە لەهەر ساتە وەختێک پیاوە هارەکانی جمهوری ئیسلامی بەسەرمان بدەن. من بەم پێشنیارە ڕازی نەبوم، وتم دەچمەوە کۆیە بۆلای کەسوکارم، ئەوەبوو خۆم کۆکردەوەو ڕۆژی 30/6 ئەوڕۆژە لە مەقەڕ بوم تا ئێوارە کەمێک فێنکی کرد، ئەو ڕۆژە ماوەی دوو ڕۆژ بوو ئاوی کۆمیتەی ڕابەری بڕابوو بە مزەخە هەوڵیان دەدا ئاوەکە نەدەهات. ڕۆیشتن بەشوێن خاوەن ماڵەکە، وە تەنکەرێک ئاویان کڕی. دوای ئەوە من جێمهێشتن. شەوانی یەکەم کە من لە کۆیە بووم خەتی تەلەفۆن هەبوو، دواین جار کە لەگەڵ جلیل بەیەکەوە تەلەفۆنی قسەمانکرد، شەوی 4/7 بوو. بەدوای ئەوە پەیوەندی پچڕا، ڕۆژانە چەندین جار پەیوەندیم دەکرد، لە بەداڵەوە پێیان دەوتم کە ئەم خەتە نییە! هەستێکی خراپ لام دروست ببوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نیگەرانتر دەبووم، لەڕێگای ڕادیۆی حیزبەوە گوێم لە چەند ڕاگەیاندنێک دەبوو، بەڵام نەمدەزانی بەعەمەلی چی ڕودەدات. هاوڕێ حیزبیەکانم لە کۆیەوە هەستان بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن، بەڵام ئەوانیش نەهاتنەوە، دەنگۆی ئاڵۆزی نێوان کۆمۆنیستەکان و یەکیتی وردەوردە بڵاودەبۆوە، بەڵام لەمنیان دەشاردەوە، براکەم لەڕێگای هاوڕێکانی بەردەوام لە تەعقیب بوو، نیوەڕۆیەکیان گوێم لێبوو هاوڕێیەکی براکەم لە تەلەفۆن وتی دوو سەعات پێش ئیستا دوو لە کۆمۆنیستەکان بەدەستی ئاسایش کوژران، دەنگۆکە وا بڵاوببۆوە، هاوڕێیانمان بە برینداری دەستگیر کرابوون لەکاتی شت کڕیندا، ئەوەندەی تر من نیگەران بووم، داوام لە دایکم کرد کە عەبای خۆیم پێبدات! بۆ ئەوەی بڕۆمە سلێمانی، بە عەباو ماکسی ژنێکی دوگیان بڵێی لەلایەن ئاسایشەوە ڕابگیرێت؟ تا من ئەم قسەیەم کرد، عەبا، جانتا، پارە و پیڵاو هەموو شتێک لەماڵەوە شاردرایەوەو دایک و باوکم لێم تورە بوون وتیان ئەمە عەقڵە تۆ هەتە؟ چۆن کاری وا دەکەیت؟ باوکم بڕیاریدا بچێتە سلێمانی، من زۆر گریام و پاڕامەوە کە ئەم کارە نەکات، بەڵام من نەمتوانی قەناعەتی پێبهێنم، بەڵام هاوڕێیەکی براکەم کە یەکیەتی بوو بە دزی منەوە پیی وتبو وەزعەکە زۆر لەوە خراپترەو واباشە کە نەچێت.




نازانم ئەم ڕۆژەم چۆن لێ ڕۆیی نائارامی، نیگەرانی، نەمدەزانی چی ڕودەدات، هاوڕێکانم ماون یان نا، ئەوانەی کە ماوەی 5 ساڵە شەو و ڕۆژ بەیەکەوەین لەسەر یەک سفرە نان دەخۆین، پارێزگاری لەگیانی یەک دەکەین، لەکاتی نەخۆشی بەکۆڵ یەکتری دەبەینە لای دکتۆر، لەکاتی خواردندا بەشی یەک دادەنێین، بەیەکەو گاڵتە دەکەین و سەرگوزەشتە دەگێڕینەوە... ئەی حیزب و بزوتنەوەکەم؟ ئەم بزوتنەوەی کە بە بەرگری لە ئینسانەکان ناسراوەتەوە، لەهەرشوێنێک باسی جیابونەوەی کوردستان، بەرگری لە ژنان، منداڵان، خانەنشینان... بکەیت پێت دەڵێن کۆمۆنیستیت! چ شانازیەکی گەورە بوو کە وایان پێدەوتین! حیزبەکەم چی بەسەرهاتوە؟ ئەم حیزبەی کە لەتەمەنی گەنجیەتیمان بەشانازیەوە کۆششمان بۆی کردو خشت لەسەر خشتیمان داناو دروستمانکرد؟ بیرم لەوە دەکردەوە بڵێی هاوڕێ و هاوسەرەکەم مابێت؟ تۆبڵێی ئەم منداڵەم کە بەپێی قسەی دکتۆرەکان دوو هەفتەی ماوە بێتە جیهان شانسی ئەوەی هەبێت باوکی ببینێت و بەنازی باوکی گەورەبێت؟ ئەمانەو هەزاران پرسیاری تر. ئەم ئێوارەیە دەنگۆکە زۆر زیاتر بوو، لەناوباخچە دانیشتبوم گوێم لێ بوو لەماڵی هاوسێکەمانەوە باسیان لەوە دەکرد کە ئەمڕۆ یەکیەتی حیزبی کۆمۆنیستی تەفروتونا کرد! لەماڵەوە هەوڵیاندەدا بابەتی تر بهێننە پێشەوە خوشکەکانم جلو بەرگەکانیان دەهینا دەرەوە کە بۆ منداڵەکەی سکم کڕیبویان هەریەک شتێکی دەوت بۆئەوەی تەوەجوهی من ببەنە شوێنێکی تر. هیچ کەس بەئەندازەی نیما لەناو سکم لە دەردو ئازارەکانم تێنەدەگەیشت، ئەویش زۆر نائارام بوو ئەم شەوە تا بەیانی هەڵپەڕی لە سکمداو جولەی ئاسایی نەبوو، دایکم دەیوت کچم ڕەحم بەم منداڵە بکە تاوانی چییە! ئەوکاتە لەسەربان دەخەوتین، ئەوشەوە تا بەیانی سەرەو خوارم کرد، بەرە بەری بەیانی دایکم موبەریدەی بۆ هەڵکردم و وتی کچم لێرە بخەوە، خۆی بۆ نوێژ هاتبوە خوارێ. ناچاربووم ئارام بگرم و چەند سەعاتێک سەربنێمەوە، بەڵام لە کابوس بەم لاوە هیچی ترم نەدەبینی، هەرچەند دەققە جارێک ڕادەچڵەکیم. باوکم لەڕێگای جۆراوجۆرەوە لە تەعقیبکردن بوو، هەموویان ببوونە پاسەوانی من نەکا بڕۆم. ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ بەم دۆخە مامەوە واتا 15/7. دوای نیوەڕۆکەی تەلەفۆنم بۆ مەقەڕی حیزبی زەحمەتکێشان کرد، داوایان لێکردم کە بچم بۆ مەقەڕ، لەبەرئەوەی وەفدێکیان لە سلێمانیەوە هاتوە، ئێمەش دراوسێ مەقەڕ بووین و پەیوەندیمان خۆشبوو.

مەقەڕەکەیان لە نزیکی ماڵمان بوو، کاتێک کە چووم و بارودۆخمیان بینی زۆر نیگەران بوون، وە دڵیان بۆم دەسوتا، پێیان وتم چەند کەسێکتان گیانیان لەدەستداوە، بەڵام ناوی هاوسەرەکەتمان بدەیە، من ناوەکەم پێدان، بەڵام پێموتن دەزانن نیگەرانی من تەنها هاوسەرەکەم نییە من نیگەرانی هەموو هاوڕێکانم و بزوتنەوەکەمانم ! ئەم شەوەشم هەروا بەڕێکرد، سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی، سەعات 8 لە مەقەڕی زەحمەتکێشانەوە تەلەفۆنیان بۆکردم، وە ناوی ئەم هاوڕێیانەیان پێدام و کە گیانیان لەدەستداوە، پێیان وتم هاوسەرکەت لەناویان نییە. لەوکاتە ناسیاوێکی شەخسی هاتە ماڵی باوکم، کە بەپرسیار دۆزیبوویەوە، لەلایەن جەلیلەوە نێردرابوو، وە ئاگاداری کردم کە لای ئەوانەو وەزعی باشە، من خۆم پێنەگیرا، یەکسەر خۆم گۆڕی و وتم بمبە بۆلای. هەرچەند لەماڵی بابم هەوڵیاندا کە دامنێنەوە، وتیان بۆتان خەتەرە، بەڵام من نەوەستام نیوەڕۆ گەیشتمە سلێمانی، کاتێک چاوم پێیکەوت پلاستەرێک بە نێوچەوانی بوو، برینێکیش بەملیەوە، وتم ئەوە چیبووە؟ وتی هیچ نییە وتم تکایە پێمبڵێ، وتی من و ئومید نگبین بەیەکەوە لەسەربان بوین، یەکەم فیشەکی قەناس بەر ئومید کەوت، من سەرم دانەواند فیشەکەکە بەر ئاسنی پەنجەرەکە کەوت و پارچەکانی دای لێم، هەر لەوێ ئەوەی بۆ باسکردم کە چۆن ئومید لەسەر دەستی گیانی لەدەستداو خوێنەکەی بە جلەکانیەوەیەتی.

جا ئەم هێزەیە لەپشتی سەرمان وامان لیدەکات فلاش باکمان دەداتێ و دەمانباتەوە ئەم ڕۆژانە. دیارە تراجیدیای دوای ئەمە باشتر نەبوو، هەر ڕۆژەی لە ماڵێک هەرچەند شەو لە شوێنێک و ماڵە خزمێک، بابەم دەیوت بێنەوە کۆیە! نەماندەوێرا لەبەر سەیتەڕە، پاش ماوەیەک هەستمان بەوەکرد کە بارودۆخ ئارامترەو مەوعیدی بەدنیاهاتنی نیما نزیک دەبۆوە، چووینەوە ماڵی خۆمان، چەند ڕۆژێک لەماڵەوەبوین، هەواڵ لە منداڵ بوون نەبوو، چومە لای دکتۆر، وتی با تا 16/8 بوەستین، بوو بە 20/8 هەر هەواڵ نەبوو، ماوەیەک بوو خوشکەکانم هاتبون بۆلام، 20/8 دکتۆر مەوعیدی عەمەلیاتی قەیسەری بۆدانام، هاوڕێیانم پێیان باش نەبوو و لەبەر مەسائیلی ئەمنی بچمە ئەم نەخۆشخانە ئەهلیە، وتیان لە ویلادە باشتر دەشاردرێیتەوە، ئەمجارەیان دکتۆرم گۆڕی، پێیان وتم 23/8 داخیلت دەکەین، ڕۆژی 22/8 مامە دارا بەپەلە هاتە ژورەوەو وتی جلیل دەبێت هەر ئێستا خۆت حەشاردەیتەوە، لەبەرئەوەی لە کوردستانی نوێ مەقالەیەک نوسراوەو ناوی تۆ هاتوەو هەڕەشەت لێکراوە، وە ڕۆژنامەکەشی پێبو، ڕۆژنامەکەش ماوەو لە دوێنیوە چەند جارێک داوام لە جلیل کرد کە دەریهێنێت و وێنەی بگرین، بەڵام نەیتوانی. زۆر بەکورتی، جلیل لە حەشارگا بوو، من بەناوێکی تر داخیلی خەستەخانە کرام، دوای چەند ڕۆژێک جلیل توانی نیما ببینێت. تراژیدیاکان زۆر لەوە زیاترەو نووسینەوەیان زۆر سەختە، بەڵام ئیتر ناتوانم، لێرە خاڵێک دادەنێم و هەرکاتێک توانیم لەسەری خەتەوە دەست پێدەکەمەوە.

**تێبینی: ئەم بیرەوەری و گێڕانەوەیە سێ ساڵ لەمەوپیش، لە یادی ١٥ هەمین ساڵیادی هێرشی یەکێتی بۆسەر کۆمۆنیستەکان نووسراوە...**

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید

## کرێکارانی میوانخانەکانی ماریۆت لەسەرتاسەری جیهاندا داوای پلان و هەنگاوی جیهانی دەکەن بۆ بەرگرتن بە گێچەڵی سێکسی!




تەواوی کرێکارە ئەندامەکانی سەربەمیوانخانەکانی ماریۆت لەسەرتاسەری جیهاندا، دەستیان کرد بە نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان.

خۆپیشاندانەکان لە ٢٧-٦-٢٠١٨ دا دەستیان پێکرد لەسەر بانگەوازی گرووپی کرێکارانی ماریۆت. ئەوەش بە مەبەستی پشتگیری بووە لەو کرێکارانە بەدژی گێچەڵی سێکسی کە لەبەرامبەر کرێکارانی میوانخانەکانی ماریۆتەوە ئەنجام دەدرێت.

لە یەکەم هەنگاوی کرداریدا سەندیکاکانی سەربە ماریۆت لەتەواوی ئەو شوێن و وڵاتانەی کە میوانخانەکانی ماریۆت بوونیان هەیە، دەستیان کرد بە جموجۆڵ و کۆبوونەوە لەو پێناوەدا. بۆ نموونە لە وڵاتانی وەک: نەمسا، چین/ هۆنگ کۆنگ، فەرەنسا، هیندوستان، ئەندەنوسیا، مالدیڤ، نیپاڵ، فیلیپین، سامۆوا، خوارووی ئەفریقا، هەروەها تایلاند. لەو وڵاتانە سەندیکاکانی کرێکارانی سەر بە ماریۆت کۆبوونەوەیان ئەنجامداو داوای ڕێکارە جیهانیەکانیان دەکرد بۆ ڕاوەستانەوە بە دژی گێچەڵی سێکسی لەبەرامبەر کرێکارانی سەربە میوانخانەکانی ماریۆت.

هەروەها لە کەنەداو سەرتاسەری ئەمەریکادا، سەندیکاکانی سەربە گرووپی ماریۆت کە لەلایەن گرووپی " لێرە یەک بگرن" سەپەرشتیان دەکرا هاتنە ناو کۆمیتەی خۆپیشاندانەکانەوە. هەموو ئەو سەندیکایانە و نوێنەری کرێکارانە داوای ڕێکاری کرداری و جیهانیان دەکرد بە دژی گێچەڵی سێکسی بۆسەر کرێکارانی میوانخانەکان.

هەندێک لە هوتاف و شیعارە بەرزکراوەکان بریتیبوون لە " لێرە یەک بگرن" یاخوود " یەک جۆر کار دەبێ بەس بێت بۆ کرێکار" یاخوود " دەبێت کرێکاران بەدوور بن لە هەر کارێک کە ژیانیان و شکۆمەندیان بخاتە مەترسیەوە"

## حکومەتی جەزائیر هێرشەکانی بۆسەر سەندیکا سەربەخۆکانی کرێکاران زیاد دەکات!

حکومەتی جەزائیر دەستیکرد بە زیادکردنی هێرشەکانی بۆسەرمافەکانی کرێکاران و سەندیکا سەربەخۆکانی کرێکاران. ئەوەش هەر دوای ئەوە هات کە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە کۆنفرانسی ساڵانەی خۆیدا جەزائیریان ڕەخنەباران کرد.

ئێستا کرێکاران بە گشتی و بە تایبەتی ئەوانەی سەربە سەندیکا سەربەخۆکانی کرێکارانن لە جەزائیردا، ڕوبەڕووی شێوازێکی زۆر درندانەتر دەبنەوە لەجاران. هەتا هاتە سەرئەوەی کە لەو دواییانەدا وەزیری کاری جەزائیر هەڕەشەی کشانەوەی وڵاتەکەی دەکرد لە ئەندامێتی لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.

هەر لەبەرئەوەش بوو، کە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بڕیاریدا لیژنەیەک بنێرێت بۆ جەزائیر تا لە نزیکەوە ئاگادارو گوێبیستی ئەو سەرپێچیانە بێت کە حکومەتی جەزائیر دەیکات لەبەرمبەر کرێکاران و سەندیکا سەربەخۆکان. ئەوان پێیان وایە کە حکومەتی جەزائیر




پەیڕەوی لە بڕیاری ژمارە ٨٧ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ناکات کە تایبەتە بە ئازادی ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی کۆمەڵەو سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری.

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکیدا دەربارەی جەزائیر بەڕوونی ئاماژە بە دڕندەیی حکومەتی جەزائیر دەدا لە پێشێلکردنی مافی کرێکاران و قەدەغەکردنی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری. تەنانەت لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت کە حکومەتی جەزائیر ڕازی نابێت کە لیژنەی سەندیکا سەربەخۆکان لەگەڵ ئێمە و حکومەت بە هاوبەشی کۆبوونەوە بکەین و دابنیشین. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت: خاڵی سەرەکی و گرینگ بەلای حکومەتی جەزائیرەوە ئەوەیە کە نایەوێت وا بە ئاسانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری بڵاوبێتەوە و کرێکاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. هەروەها حکومەتی جەزائیر ناشیەوێت کرێکاران ببن بە ئەندام لەو سەندیکا و ڕێکخراوە سەربەخۆیانە کە لە دەرەوەی دەوڵەت و یاسای حکومەتدا کاردەکەن. بۆیە لەوبارەوە حکومەت بەربەست و تەگەرەی زۆر قورس و نابەجێ و نایاسایی دروووست دەکات لەبەردەم ئەو کرێکارو سەندیکا سەربەخۆیانە.

جێگەی باسە کە سناتێگ و سناپاپ دوو ڕێکخراوی دیاری سەربەخۆن لە ناو وڵاتی جەزائیردا و لە لایەکی تریشەوە سەربە




ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خۆراکن.

## کرێکارانی سێکتەری گاز سەر بەکۆمپانیای (ناشنەڵ گرید) مانگرتنەکەیان دەبەنە بەردەم سەرۆکایەتی دەوڵەت لە ویلایەتی ماسەچوسێتس لە ئەمەریکا !

کۆمپانیای ناشنەڵ گرید تەواوی سوود و هاوکاریە تەندروستییەکانی ئەو کرێکارانەی بڕی کە ببوونە ئەندام لە سەندیکایەکی بەناوبانگی جیهانی بەناوی کرێکارانی یونایتید ستیل. کۆمپانیای ناشنەڵ گرید تەواوی هاوکارییە تەندروستیەکانی لەوکرێکارانە ڕاگرت.

کرێکارەکان زۆر بەڕاشکاوی ڕەخنەو گلەییەکانیان گەیاندە دەسەڵاتدارانی حکومەتی ماسەچوسێت، بەڵام لەبەرامبەردا دەسەڵاتدارانی کۆمپانیای ناشنەڵ گرید دەڵێن ئێمە ئەو هاوکاریە تەندروستیانە نادەینەوە بە کرێکاران تا ئەوان ئەندام بن لە ناو ڕێکخراوێکی کرێکاریدا. کۆمپانیاکە دەڵێت ئەندام بوونی ئەو کرێکارانە ئەوە دەگەیێنێت کە ئەوان هەر کات بیانەوێت هێزی مانگرتن و خۆپیشاندانیان هەیە، و بەم کارەشیان دەتوان زیان بە کۆمپانیەکەمان بگەیێنن لە ڕووی ئابووریەوە.

جێگەی باسە کە لە ٢٥ حوزەیرانی ڕابردووەوە کۆمپانیای ناشنەڵ گرید زیاتر لە هەزار کرێکاری بێبەش کردووە لە هاوکاریە تەندروستییەکان. بۆیە لەوکاتەوە کێشمەکێش لەسەر جۆری هاوکاریە تەندروستیەکان لە نێوانی ئەو دوو بەرەیەدا هەیە.

نوێنەران و قسەکەرانی کرێکارە هاوکاری بڕاوەکان، دەڵێن کۆمپانیاکە بۆیە هاوکاری تەندروستی لە کرێکارەکان بڕیوە تا ببێتە فشار بۆ سەریان. بۆئەوەی هەم واز لە چوونە پاڵ سەندیکای کرێکاری بهێنن و هەمیش ڕازی بن بە داواکاری و خواستەکانی کۆمپانیای ناشنەڵ گرید. وە لە لایەکی تریشەوە بۆئەوەیە کە کرێکارەکان نەتوانن هیچ مانگرتن و خۆپیشاندانێک ئەنجام بدەن کە کاریگەری هەبێت. چونکە کاریگەری خۆپیشاندان و مانگرتنی کرێکاری لە ڕێکخراوبوونی کرێکاران خۆیاندایە.

## ڕۆژنامەنووسانی سەر بە زەمان سزای قورسیان لە لایەن حکومەتی تورکیاوە بەسەردا دەسەپێنرێت!

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان، ئای ئێف جەی، کە وەک دەنگی تەواوی ڕۆژنامەنووسانی جیهان چاوی لێدەکرێت ڕایگەیاند کە حکومەتی تورکیا سزای زۆر گران دەسەپێنێت بەسەر ڕۆژنامەنووساندا .

ئەو فیدراسیونە ئەوەشی ڕاگەیاند کە حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی دادگاوە تۆمەتی



ناڕەواو بێبنەما دەداتە پاڵ ڕۆژنامەنووسان بۆئەوەی دەنگیان کپ بکاو لە مەیدانی چاودێری دووریان بخاتەوە.

بۆ نموونە لە ٦-٧-٢٠١٨دا دادگای شاری ئەستەمبوڵ سزای زیندانیکردنی بەسەر شەش ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەدا سەپاند.

بەهانەی دادگا ئەوە بووە کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە ئەندام بوون و کاریان بۆ ڕێکخراوێکی چەکداری تیرۆریستی کردووە. دادگا دەڵێت کە ئەو ڕێکخراوە کاری سیاسی لێ قەدەغە کراوەو لەدەرەوەی یاسای حکومەتی تورکیادایە.

جێگەی باسە کە ڕۆژنامەنووسان و زۆرێکیش لە چاودێرانی سیاسی و شارەزا لە ناوخۆی تورکیا پێیان وایە، کە لە ١٥-٧-٢٠١٦ وە کە کودەتا شکەست خواردووەکە ڕوویدا داتاشینی ئەم جۆرە بەهانانە بۆ حکومەتی تورکیا و دادگای سەر بەوحکومەتە کارێکی ئاسانەو جێبەجێکردنەکەشی هەر ئاسانە.

هەر لەوبارەوە فیلیپ لێروث، سەرۆکی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان، وتی" جارێکی تر دادگای تورکیا دەری خست کە فەشەلی هێناوە لە پاراستنی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان. لە باتی پاراستنیان دادگا بە ناڕەوایی لە ژێر بەهانەی درووستکراودا ڕۆژنامەنووسان سزا دەدات. ناسەربەخۆیی دادگا لە تورکیادا غائیب بوونی دیموکراسی لەو وەڵاتەدا دەگەیێنێت. هەروەها نەبوونی کەشێکی دادپەروەرانە بۆ میدیاو

ڕۆژنامەنووسان کەشی دیموکڕاسی لەناودەبات لە تورکیادا. بۆیە داوا لە بەرپرس و دەسەڵاتداران دەکەم کە هەرچی زووەو دەست بەجێ ئەو ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەرانە لە زیندانەکان بهێننە دەر."
هەروەها شارەزایانی کاروباری ناوخۆی تورکیا پێیان وایە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لە تورکیادا لە گرتن و ڕاوەدوونانی دەنگی ئازاد و ڕۆژنامەنووسان هەمووی لە ناوەڕۆکدا سیاسیەو هیچی پەیوەندی بە دادپەروەریەوە نیە. ئەوەی کە دیارە تا ئێستا ١١ ڕۆژنامەنوسی گومانلێکراو دەستگیر کراون. لەو یازدە کەسە شەشیان لە لایەن دادگاوە خراونەتە زیندانەوەو تۆمەتی ئەندام بوونیان لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دا بەسەردا سەپاوە. عەلی بولاج و شاهین ئەڵپای و ئەحمەد توران ئەڵکان هەر سێکیان بە ٨ ساڵ و نۆ مانگ سزای زیندانی دران. مومتاز تورکۆن و موستەفا ئونالیش بە ١٠ ساڵ و شەش مانگ سزای زیندانی دران. هەروەها ئیبراهیم کەرەیغونیش بە نۆ ساڵ سزای زیندانی درا.

## کرێکارانی نەوت لە گابون بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ ماندەگرن لە کۆمپانیاکانی توتالی فەرەنسی.

نەقابەی کرێکارانی نەوت لە گابون ڕایانگەیاند کە دەستدەکەن بە مانگرتن و ماوەی ١٥ ڕۆژ بەردەوام دەبێت لە کۆمپانیای نەوتی توتالی فەرەنسی، ئەمەش دوای شکستی دانوسانەکان لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو لەسەر داواکارییەکان، یەکێک لە داواکاریەکان بریتی بوو لە زیادکردنی کرێ. ڕێکخراوی نیشتمانی فەرمانبەرانی نەوت لە ڕاگەیاندنێکیدا کە ڕادیۆی ئەفریقا ١ ڕۆژی ٢ شەممە بڵاویکردەوە" مانگرتنەکە سەرجەم بەشەکان دەگرێتەوە کە فەرمانبەرانی کۆمپانیای ( تۆتاڵ-گابۆن) کاری تێدا دەکەن. سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکە( سیلڤا مایابی) گووتی" کە گروپی نەوتی فەرەنسی نزیکەی ٣٠٠ کرێکاری گابۆنی لەخۆ دەگرێت کە ٦٠ کەسیان بیانین".



نەقابەکە لە مانگی ٦ی ڕابردوو دا گفتوگۆ لەسەر هەندێک خاڵی دیاریکراوی جیاواز کرا، کە پەیوەستن پێشخستنی ئاستی فەرمانبەران و کرێکاران، و زیادکردنی ١٣ هەمین مانگی ساڵ دەرماڵەی جۆراوجۆر لەکاتی گۆرانکاریەکاندا لە شێوەی ئوسوڵی کۆمپانیاکە.
شایانی باسە کە دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ بووە هۆی پاشەکشەی بەرهەمهێنان، و فشاری خستە سەر کۆمپانیاکانی نەوت بۆ بێکارکردنی هەزاران کرێکار. جێی ئاماژەیە کە کۆمپانیای ( تۆتاڵ) نزیکەی ٥٤ هەزار بەرمیل نەو بەرهەم دێنێت لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەکانی گابۆن.

## بەهۆی گرێبەستی کرستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یاریکەری تۆپی پێ لەگەڵ یۆڤانتس، مانگرتنی کریکارانی کۆمپانیای فیاتی لێکەوتەوە.

ژمارەیەک لە کرێکارانی کارخانەی کۆمپانیای فیات و کرایسلەر کە دەکەوێتە خواروی ئیتالیا مانگرتنیان ڕاگەیاند لە ڕۆژی چوارشەممە ١١/٧، وەک ناڕەزایەتیەک لەبەرامبەر گرێبەستی یانەی یۆڤانتسی ئیتالی لەگەڵ ئەستێرەی تۆپی پێی پورتوغالی ڕیناڵدۆ.
یانەی یۆڤانتس یەکێکە لە موڵک و ماڵەکانی خێزانی ( ئەنییلی) کە دەسەڵاتیان هەیە بەسەر کۆمپانیای فیات و کرایسلر. ئەندریا ئەنییلی سەرۆکی یانەی یۆڤانتس ڕایگەیاند کە یانەکەی گرێبەستی لەگەڵ ڕۆناڵدۆدا کردوە لە ١٠/٧ بە نرخی ١١٢ ملیۆن یۆرۆ لە ڕیال مەدریدی ئیسپانی کڕیوە.
ناڕەزایەتی کرێکاران لەسەر ئەو گرێبەستەیە کە ئەو پارە زۆرە بەخەرج دەدەن بۆئەوەی ڕیناڵدۆ بیتە یانەکەیان، لە کاتێکدا چەندان ساڵە کۆمپانیاکە داوا لە کرێکاران دەکات کە قوربانی ئابووری زەبەلاح بدەن بۆیان. نەقابەی کرێکاران ئەو پرسیارەی کرد لە بەیانێکیدا کە بەو بۆنەوە دەرکراوە:" ئایا ئەمە عەدالەتە؟ ئایا ئاساییە تاقە کەسێک ملیۆنان وەرگرێت، لە کاتێکدا هەزاران خێزان بێ مووچە بن لەبەر نەمانی پارە لە کۆتایی مانگدا؟.
نەقابەکە داوای لە کارگەکە کرد کە سەرمایەگوزاری گەورەتر بکات بۆ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبیل بۆئەوەی هەلی کار زیاد بکات بۆ کارگەکە. ماوەی مانگرتنەکە لە ئێوارەی ١٥/٧ تاوەکو سەرلەبەیانی سێشەممە بەردەوام دەبێت.
کۆمپانیای فیات ڕازی بووە لەسەر خستنە ئەستۆی مووچەی ڕۆناڵدۆ، کە ساڵانە دەکاتە ٣٥ ملیۆن دۆلار. ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایەتی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایە. بەپێی ئەو گرێبەستە تازەیەی ڕۆناڵدۆ بڕی ٦٦٢ هەزار دۆلار هەفتانە وەردەگرێت، ئەمەش بەرزترین مووچەیە لە خولی یانەکانی تۆپی پێی ئیتالی
هل من الطبيعي أن يتقاضى شخص واحد الملايين فيما تعاني آلاف الأسر من نفاد المال قبل نهاية الشهر
أيطاليا: بسبب صفقة كريستيانو رونالدو.. إضراب عمال شركة فيات للسيارات.

## درێژەی.... دوا وتە...

کۆرو کۆمەڵەی مەدەنی ڕێگەی کارکردنیان لێگیراو یاساغ کران. ئەم شەپۆلە لە هێرش بۆسەر میدیای ئازاد و کۆروکۆمەڵەی مەدەنی و زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس لە سیاسی و چەپ و پێشکەوتنخوازو نەیاری سیاسی دەسەڵات، کەشیکی ترس و تۆقاندنی داسەپاندە سەر تورکیا و لەو ڕێگایەشەوە پاشەکشەیەکی گەورەی بەسەر کەشی ئازادی و دیموکراتی!! و هاوکات بەسەر بنەماکانی عەلمانیەتی تورکیادا، داسەپاند... و تورکیای لیخنی کەشی ئیسلامی کرد.
گۆرینی سیستەمی پەرلەمانی تورکیا بەسەرۆکایەتی و... دەستئاوەڵایی سەرۆکی پرۆ ئیسلامی... تورکیای خستە ناو برگەیەکی تازە و وەرچەخانێکی بێوێنە... ئەگەر پێشتر هەوڵدان بۆ بەئیسلامیزەکردنی تورکیا، پڕ گرێ کوێرەو سەخت بوو بۆ ئەردۆغان و ئاک پارتی، لەمەبەدوا ئاک پارتی و ئەردۆغان، بە کەڵک وەرگرتن لە پێگەو ئەو ئاڵوگۆرانەی بەدوای هەڵبژاردنەکاندا پێکهات و ئەردۆغانی گەیاندە کۆشکی کۆماری و سیستەمی سەرۆکایەتی کردە فەرمی... دەتوانێت بێ هیچ ڕێگرییەکی یاسایی، هێرشی بەنەخشە و توند بکاتە سەر بنەماکانی عەلمانیەتی تورکیاو جەنگێکی فرەرەهەند بۆ ئاراستەکردنی تورکیا گۆرینی بە کۆمارێکی ئیسلامی دەستپێبکات. ئەمەش نەک ئاراستەیەکی ترسناکە بۆ ئاڵوگۆر لە تورکیادا، بەڵکە مەترسیەکی گەورەیە بۆسەر تەواوی ناوچەکەو و دنیا... دنیا چوار دەهەیە بەدەست ئیرانی ئیسلامیەوە دەناڵێنی، هاتن و پێ چەقاندنی تورکیا لەسەر بە ئیسلامیزەکردنی دەوڵەت و فەرمانرەوایی بۆ چەندین دەهەی تر دنیا دەخاتە ناو رەشترین ململانێ و دەستێوردان و بەهێزکردنی تیرۆریزم و رەوتەکانیان... وە دەچێتە ناو ململانێیەکی نوێوە لەگەڵ رەوتی شیعەگەرای ئیسلامی لە ناوچەکەدا... و ململانێی نێوان هەردوو رەوتی ئیسلامی سیاسی" شیعی و سونی" دەبێتە یەکێک لە سەنتیزەکانی ململانێی ناوچەکە.
هەموو ئەمانە هێشتا دیوێکی ئەو ئاڵوگۆرانەیە کە لە تورکیادا دەستی پێکردووەو بەشێوەی سیستماتیکتر درێژە پەیدا دەکات، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، تورکیای دەرگیر بە دارمانی ئابوری و داتەپینی بەهای لیرەو بەرینبوونەوەی بێکاریی و گرانی و ناڵاندنی دەوڵەت لە ژێر قەرزێکی کەمەرشکێنی سەختدا، لەگەڵ نائارامی سیاسی و شێواوی باری ئەمنی... هەروەها کارادنەوەی شاراوەی ئەو هەموو سەرکوت و زیندانی و راوەدونانەی هەیە... ڕێگای جیبەجێکردنی نەخشەو تەماحەکانی ئەردۆغان و ئاک پارتی، لە ژینگەیەکی ئاوادا، دەخاتە مەترسیەوە... هاوکات کاردانەوەو راسانی بەرەی عەلمانی فراوانی تورکیاو مێژووی نزیک بە دەهەی ئەو عەلمانیەتە لە ئاستی کۆمەڵایەتییدا و رەگ داکوتانی بۆ ناو کەڵچەرو ستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بوونی هیز گەلێکی سیاسی و کە خۆیان بە میراتگری ئەتاتورک و عەلمانیەت لەتورکیا دەزانن، هێشتا نەک ڕێگری واقعین لەبەردەم ئەردۆغان و ئاک پارتیدا، بەڵکو هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی شانۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکیا، دەچیتە ناو دەورەیەکی نوێ، وە ڕۆشنتر لەپێشوو. بەرەی عەلمانیەت لە تورکیا، بە ئاشکراو بە فەرمی ڕووبەرووی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانە و ئیسلامی دەبێتەوەو ململانێی نێوان ئەو دوو بەرەیە دەبێتە بەشیک لە واقعیەتی حاشاهەڵنەگری داهاتووی تورکیا.
دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەردۆغان و ئاک پارتی وا دەردەکەوێ کە سەرکەوتوو هاتوونەتە دەرەوە، بەڵام واقعیەتی و ململانێی داهاتوو لە تورکیادا، هەڵگری ئاماژەی پێچەوانەیە... شانسی ئەردۆغان و ئاک پارتی لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمیان گۆریووە، جەنگی عەلمانیەتیان بەردەوامە، بەڵام بەو دۆخەوە کە تورکیا دەرگیرییەتی، لە ئەزمەی ئابوری قوڵ و ناڵاندن لە ژێر قەرزی زۆر و دارمانی بەهای لیرە و بەرینبوونەوەی بێکاری و گرانی... دەرگیربوون لەگەڵ دۆخی نائەمنی و ئاڵۆزکاوی سیاسی، تا دەگاتە تەریک کەوتنەوەی نێودەوڵەتی تورکیا و نەزۆک دەرهاتنی خەونی بوون بە ئەندام بوونی لەیەکێتی ئەوروپا و... بەرینبوونەوەی تورەیی رۆژ بەرۆژی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری...تاد، لەگەڵ کارادنەوەی رەوتی عەلمانیەتی تورکیا لە ململانێی داهاتوودا... شانس نادات بە ئەردۆغان و ئاک پارتی و رەوتی داهاتووی ئەو رەوتە بەرەو لێژی دەبات.

بۆپێشەوە
دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوە کرێکاران و زەحمەتکێشانە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوە..
bopeshawa@gmail.com
www.bopehsawa.net ماڵپەری بۆپێشەوە

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نوسەرانی ئەم ژمارەیە:
خەسرەو سایە، هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدوڵا مەحمود، عەبدوڵا سلێمان، عەبدالرحمن رەسوڵ، موزەفەر عەبدوڵا، پورە بەهێ، ئاراس رەشید، مستەفا باهیر، شوان عەزیز، رۆژ عەزیز، لاوژە جەواد

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

# دوا ستوون

## توركيا و داسەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی... ململانێی ئایندە

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

بەرواری ٩ی تەموز ئەردۆغان، بەسوێند و وتارێکی سیخناغ لە ئیسلامیزەکردنی تورکیا، بە فەرمی دەستی لە پۆستی سەرۆک کۆماری گیرکرد و بووە بڕیاردەری بێ ڕکەباری هەموو بریارو نەخشەیەکی تاکرەوانەو دیکتاتۆریانەی ئیسلامی.

سەرکەوتنی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دوایەدا و دەستگیرکردنی لە پۆستی سەرۆک کۆماری لە تورکیا بەو هەموو دەسەڵات و دەسئاوەڵایی و بەدەستەوە گرتنی کلیلی هەموو دەرگاکانی فەرمارەوایی و دارایی و یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەری، هەوڵی بەردەوامی ١٦ ساڵەی دەسەڵاتی ئاک پارتی بۆ گۆرینی تورکیا بۆ کۆمارێکی ئیسلامی و سەرۆکایەتی، تا رادەیەک بە ئاکام گەیشت...

ئاک پارتی ١٦ ساڵە، دەسەڵاتی سیاسی لەدەستدایە، لە ماوەی ئەم ١٦ ساڵەدا، بەنەخشەوە کەوتە هەوڵدان بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا، لە پەرلەمانیەوە بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی و گۆڕینی ستراکتۆرو پایەکانی عەلمانیەتی تورکیا، و جێگیرکردنی ستراکتۆرو پایەدانانی دەوڵەتێکی ئیسلامی... ئەم دوو ئامانجە سەرەکیترین کار و هەوڵی ئاک پارتی بووە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا.

لەو راستایەداو بۆ جێگیرکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی و گۆرینی تورکیا بە کۆمارێکی ئیسلامی، ئاک پارتی هەرچی لەتوانایدا بوو کردی و ئەنجامیدا... سەرەکیترین هەنگاوی ئاک پارتی لاوازکردنی رۆڵی سوپا بوو، سوپایەک کە بەدرێژیی میژووی تورکیا، هیچ دەسەڵات و حکومەتێک نەک نەیتوانییوە جڵەوی بکات و رۆڵ و پراکتیکی نادیدە بگرێت، تەنانەت زۆر جار قسەی ئاخر سوپا کردویەتی و میژووی کودەتاکانی سوپاش باشترین بەڵگەی ئەو راستیەیە. سوپاو ژەنەراڵەکانی تورکیا کە بە میراتگری پاراستنی سیستەمی عەلمانیەت و ئەتاتورک ناسراوە، یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم ئاک پارتی و ئەدرۆغان بوو. ئاک پارتی بەنەخشەوە توانی ئەو رۆڵە لە سوپا بسەنێتەوەو لاوازی بکات... بە تایبەتیش بەدوای کودەتای تەمووزی ساڵی ٢٠١٦، لەژێر ناوی سەرکوتی کودەتاچیان و یاخی بووان و تیرۆریستاندا، فرسەتی هێنا بۆ تەسفیەی سوپاو ریزەکانی. بەجۆرێک کە نزیکەی ١١ هەزار لە پلەدارەکانی سوپا و ١٧ هەزار لە خوێندکارانی سەربازی و ئەکادیمیای جەنگی لەکارەکانیان دەرکرد... ئەوە جگە لە ٢٥ هەزار کەس لە سلکی ئاسایشی گشتی کە فەسڵ کران. دیارە ژمارەی زیندانی کراوەکانیش بە سەدان هەزار کەس مەزەندە دەکرێت... لێدان لە سوپاو رۆڵی سوپاو ژەنەراڵەکان، ئامانجێکی سەرەکی دەسەڵاتی ئاک پارتی بوو تا بتوانێت کۆسپێکی سەرەکی بەردەم خەونەکانی لاببات، ئێستا و بەتایبەتی دوای کودەتاکەی تەموزی ٢٠١٦. تارادەیەکی زۆر لەجێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەیدا سەرکەوتوو بووە... کۆسپێکی تری بەردەم دەسەڵاتی ئەردۆغان و ئاک پارتی میدیای تارادەیەک جڵەو ئازاد، رێکخراوەو کۆرو کۆمەڵی مەدەنی و جەماوەری و رادیکال و پیشەیی...بوو، لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ئاک پارتی رۆژ بەرۆژ و بەپێی نەخشەیەکی سیستماتیک... هێرشێکی فراوانی بۆسەر میدیا و کەناڵە راگەیاندنەکان" بیستراو بینراو چاپکراو" دەستپێکرد نزیکەی ٢٠٠ کەناڵی راگەیاندنی داخست. بە سەدان رۆژنامەنووسی لە کونجی زیندانەکان گیر کرد. بەدەیان و سەدان رێکخراوەو...

بۆ لاپەرە ١٥

# مناڵان لە بەڵای ئیسلام و کۆنەپەرستی دینی بپارێزن!!




مناڵان ئەو توێژە بێبەشەی کۆمەڵگەی کورستان، بەوهۆیەوە توانای بەرگریکردن لەخۆیان نییە، وە بەوهۆیەوە کەدەسەڵاتی سیاسی بێباکە لەبەرامبەر بە ئایندەو چارەنووسیان... هەر رۆژە و بەجۆرێک هەوڵدەدرێت ژەهراوی ئیسلامی و کۆنەپەرستی دینی بکرێتە زاخاوی ژیانی ئێستاو ئایندەیان... ژمارەیەک مناڵ لەلایەن کەس و کاریانەوە بۆ خولی هاوینە نێردروان... بۆ مزگەوت!! تا لە مزگەوت و لەبەر میحرابی مەلادا وانەی عەرەبی و ئینگلیزی و ئاینییان بۆ بکرێتەوە!! ئای چ تاوانێکە؟ مناڵان کە پێویستە لە قوتابخانەکاندا فیری زمان و بەهیزکردنی زمان بن... یان خولی تایبەتیان لە شوێنی تایبەت بە زانست بۆ بکرێتەوە، رەوانەی مزگەوت دەکرێن... ئەمە ئەوپەری بێباکی و دلرەقی و کۆنەپەرست بوونی وەزارەتی پەروەردەو بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە دەخاتە روو. لەوەش واەتر بۆ هەر مناڵێک کە بەشداری ئەو خولانە دەکات، بری ٥٠٠٠٠ هەزار دینار وەردەگیرێت و ١٨ هەزار دیناریش بۆ هاتوچۆیان، چ تاوانێکە... لە ناوجەرگەی بەڵاو ملۆزمی بێکاری و گرانی و بێ موچەییدا، گیرفانی خاڵی هاوڵاتیان، بەقەرزداری دەسپێرن... ئەوەی کە مناڵان بۆ خولی هاوینەو بۆ فیربوونی زمان یان بەهیزکردنی رەوانەی مزگەوت دەکرێن، تاوانێکی ئاشکرای پەروەردەو دەسەڵاتی سیاسی کۆنەپەرستی پشتی پەروەردەیە و ئەوەش کە ئەو برە پارەیە وەردەگیرێت، دزیەکی ئاشکرای بێ پاساوە. هەروەها کارکردن بە مناڵان کە بۆ خولی زمان رۆشتوون، و سپاردنی پاککردنەوەی مزگەوتی ماڵێ خوادا زاڵمەکانی کوردایەتی و میراتگرانی محەمەدو خەلیفەکان... تاوانێکی ترە... کە بەربەچاوی وەزارەتی پەروەردە بەگشتی و بەرێوەبەرایەتی پەرەوەردەی رانیەدا، دەگوزەرێت. پێویستە ئەم تاوانکارییە بەرامبەر بە مناڵان رابگیرێت و مناڵان لە گورزی ئیسلام و مزگەوت و پەروەردەی کۆنەپەرستی دووربخرێنەوە و کارکردنیش بە مناڵان... رێگەی لێبگیرێت. ئەوە ئەرکی ئینسانە ئازادیخوازەکان و باوک و دایکە هۆشیارەکانە، کە مناڵەکانیان، لە دەستی زاڵمانی ئەم دنیایە بپاریزن و ریگە بگرن لەوەی مناڵەکانیان لە ژێر ناوی خوێندن و خولی زماندا بکرێنە ماتریالی ئیسلامی سیاسی...

# ناڕەزایەتیەکانی شارەکانی خوارووی عێراق

**ئامادەکرانی/ ئەحمەد عبدالستار الجبر و ئاراس ڕەشید**



سەرەتای ئەم هەفتەیە٢ی تەموز ٢٠١٨، خۆپیشاندەران لە ناوچەکانی نزیک لە کێڵگەی نەوتی بەسرە دەستیان کرد بە خۆپیشاندان، داواکاری چاکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و کارەبیان دەکرد، هەروەها لاوانی بێکار داوای هەلی کاریان دەکرد، بەڵام وەڵامی حکومەتی ناوخۆ بریتی بوو لە تەقەکردن بەڕووی خۆپیشاندەران، و لەئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەستدا و ٤ کەسیش بریندار بوون. ڕق و توڕەیی خەڵک بەم جۆرە لە زیادبووندا بوو لە بەرامبەر دەزگا ئەمنییەکان و شەپۆلی خۆپیشاندانەکان فراوانتر بوونەوە، بەجۆرێک ناوچەیەکی زۆری لە شاری بەسرە گرتەوە و هێرش و پەلامارەکان کرانە سەر ناوچەی کۆمپانیا نەوتیەکان و ڕێگای سەرەکیان گرتن و دەروازە سنووریەکانیان لەگەڵ ئێران داخست. خێوەتی بێکارانی بۆ مانگرتن هەڵدران و شیعار و بەیان بۆ داواکارییەکان و ئیدانەکردنی دەزگا ئەمنیەکان لە بەرامبەر هاووڵاتیانیان خستەڕوو. ئەمەش بەشێکە لە بەیاننامەکە:

" بەیاننامە لە لایەن لیژنەی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی بێکاران. ئێمە کۆمەڵێک لاوی بێکار؛ هەستاوین بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی ئاشتیانە لە ٢٠ی حوزەیران، بۆ داواکاریەکانمان. خۆپیشاندانەکانمان بەردەوام بوون و دەسەڵاتی حکومەتیش هیچ وەڵامێکی نەبوو جگە لە هەندێک بەڵێنی درۆینە و هەڵخەڵەتێن. بۆیە ئێمە ڕۆژی ٤ شەممە لەبەردەم کۆمپانیای نەوتی بەسرە ماندەگرین و خیوەت هەڵدەدەین، و داواکارین لە هاوڵاتیانی بەسرە کە پشتیوانیمان بکەن بۆ بەدیهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان و بەردەوام دەبین لە مانگرتن. شایانی باسە کە ئەم شارە ١/٣ی خەڵکی عێراق بە نەوتەکەی دەژێنێت، بەڵام هاوڵاتی خۆی جگە لە نەخۆشی و هەژاری و بێکاری هیچی لێ بەدەست نەهێناوە. بۆیە ١١ی تەموز داواکارین کە بێنە بەردەم خیوەتی ماف و مافەکانی بێکاران لەبەردەم کۆمپانیای نەوتی بەسرە.

تێبینی: مانگرتنەکەمان ئاشتیانە دەبێت لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانمان و مافی ئەو لاوانەی کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خەڵکانێک بەکاردێن.....

لە ڕۆژانی دواتردا خۆپیشاندانەکان زۆرێک لە کێڵگە نەوتیەکانیان و بنکەی حیزب و پارێزگار و خانووی بەرپرسەکانیان فرۆکەخانەکانیان دەستبەسەراگرت.

شایانی باسە تاوەکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەردەوامن و گۆڕانکرای خێرا ڕوودەدات.

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ ژمارەی ئاینندە:28-7-2018**